# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە
ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:
د.لوقمان رەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود
باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولرەحمان - زریان محەمەد



2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە میکاڤیلی

وەرگێڕانی:
کۆمەڵێک نوسەر

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

وەرگێڕانی: کۆمەڵێک نوسەر
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولڕەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (78)

# میکاڤیلی،
# بێرتراند ڕەسڵ

وەرگێڕانی: ئایدیا

ڕێنیسانس، ئەگەرچی فەیلەسوفی تیۆریی گرنگی بەرهەم نەهێنا، بەڵام لە فەلسەفەی سیاسییدا مرۆڤێکی هێنایەئارا، کە پایەیەکی فرە مەزنی هەیە و ئەم کەسەش نیکۆلۆ میکاڤیلییە . نەریت وایە کاتێک خەڵکان گوێبیستی بۆچوونەکانی ئەو ببن، ئەوا تووشی شۆک دەبن، بێگومان ئەویش هەندێک کات کەسێکی شۆکهێنەرە. بەڵام زۆرێک لە فەیلەسوفانیش، ئەگەر خۆیان بەدوور گرتبا لە ریا و فریودان، ئەوا بە هەمان ئەندازە وەکو شۆکهێنەر دەردەکەوتن. فەلسەفەی سیاسیی میکاڤیلی، زانستی و ئەزموونییە و هاوکات پشت بەستە بە ئەزموونەکانی خۆی لە کاروباری سیاسییدا. ئامانجی ئەمەیە ئەو ئامرازە راڤە بکات بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو، ئەویش بە چاوپۆشین لەو پرسەی ئایا ئەو مەبەستانە باشن یان خراپ. هەرکاتێک باس لەو ئامانجانەی میکاڤیلی بکرێت، کە مەبەستی خۆیەتی، ئەوا دەبینین ئامانجەکانی بەجۆرێکن دەشێت جێ رەزامەندی هەمووانمان بێت. ئەو پێوەرە زۆرانەی دژێویان کردووە، لە ئەنجامی تووڕەیی ئەو ریاکارانەوە سەرچاوەیان گرتووە، کە رقیان لەوە دەبێتەوە ئەگەر کەسێک بێت و بە راشکاوی دان بەخراپەکاریدا بنێت. هەڵبەت ئەمەش راستە زۆرێک لەو باوەڕییانەی ئەو شیاوی رەخنەلێگرتنن، بەڵام لەم بابەتانەدا ئەو زمانحاڵی سەردەمەکەی خۆیەتی. وەها دروستییەکی هزری لە نێو نادروستیی سیاسییدا، لە هیچ کات و هیچ وڵاتێکدا نەشیاوی بینین بوو، مەگەر لە گریک و لە نێوان ئەو کەسانەی لە رووی تیۆریی پەروەردە و فێرکارییەوە قەرزاری سۆفیستەکان بوون و ئەزموونی سیاسییشیان قەرزاری

جەنگەکانی نێوان دەوڵەتە بچووکەکان بوو، کە لە گریکی کلاسیکیشدا وەکو ئیتالیای سەردەمی ڕێنیسانس پێویستییەکی سیاسیی بلیمەتی تاک بوو.

میکاڤیلی (1467–1527) خەڵکی فلۆرەنس بوو، باوکی پارێزەری چینی مامناوەند بوو. ئەو کاتەی تەمەنی بیست ساڵان بوو، ساڤۆنارۆلا دەستەڵاتی لە فلۆرەنس گرتە دەســت، ئاشکرایە، کە سەرەنجامە چارەڕەشییەکەی ئەو، کاریگەرییەکی قوڵی لەسەر ماکیاڤێللی بەجێهێشت. لەبەر ئەوە دەبێژێت: «هەموو پێغەمبەرە چەکدارەکان زاڵبوون و هەموو بێ چەکەکانیش شکستخوارد بوون». ئەوکات ساڤۆنارۆلای وەکو نموونەیەک لە گروپەکانی دواتر ناودەبرد. لە گروپی یەکەمدا، باسی کەسانی وەکو موسا، کۆروش، تسیوس و ڕۆمولوس دەکات. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی سەردەمی ڕێنیسانس ئەوەیە ناوی کریست (مەسیح) ناهێنرێت.

ئەوکات، دوای لەسێدارەدانی ساڤۆنارۆلا، میکاڤیلی پۆستێکی بچووکی لە حکومەتی فلۆرەنس (1498) وەرگرت. لە خزمەت بەردەوام بوو لەو ماوەیەشدا ئەرکی دیپلۆماتیکیان پێسپارد تا گەڕانەوەی بنەماڵەی مەدیتچی لە 1512، لەبەر ئەوەی هەمیشە ئۆپۆزیسیۆنی مەدیتچییەکان بوو، زیندانیکرا، بەڵام ئازاد کرا و مۆڵەتی ئەوەیان پێدا وەکو خانەنشین لە گوندێکی نزیک فلۆرەنس بژیێت. لەو ماوەیەدا، لەبەر بێکاری، دەستیکرد بە نووسین. ناسراوترین بەرهەمی «میر»ی لە ساڵی 1513 نووسی و پێشکەشی لۆرێنتزۆی شکۆمەند ی کرد، لەبەر ئەوەی ئومێدەوار بوو بەم هۆیەوە بتوانێت سۆزی مەدیتچییەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت (ئەگەرچی دواتر دەرکەوت ئەم ئومێدەوارییەی بێهودە بووە). تۆنی ئەم کتێبە لەوانەیە تا ئاستێک دەرەنجامی ئەم ئامانجە پراکتیکییە بێت. کتێبە قەبەکەی بە ناوی «گوتارەکان» ، کە لەو کاتەدا خەریکی نووسینی بوو، بە شێوەیەکی ئاشکراتر، لایەنگری کۆماریخوازی و ئازادییە. لە دەستپێکی کتێبی «میر»دا دەبێژێت لەو کتێبەدا نایەتە گوتن لەبارەی سیستەمی کۆمارییەوە، لەبەر

ئەوەی لە شوێنی دیکەدا لەبارەی ئەم بابەتەوە توێژینەوەی کردووە: ئەو کەسانەی «گوتارەکان»یان نەخوێندبێتەوە، دەکەونە نێو ئەو شیمانەیەیەوە، کە تێڕوانینێکی تاک- لایەنی لە ڕێبازی ماکیاڤێللی بەدەست بهێنن.

دوای ئەوەی سەرکەوتوو نەبوو لە ئاشتیکردن لەتەک بنەماڵەی مەدیتچیدا، میکاڤیلی دەستیکرد بە تەواوکردنی رەوتی نووسینەکەی. تا ساڵی مردنی بە خانەنشینی ژیا، ئەو ساڵەی تێیدا رۆم لەلایەن هێزەکانی چارلزی پێنجەمەوە داگیرکرا. دەتوانین ئەو ساڵە، بە ساڵی کۆتاییهاتنی ڕێنیسانسیی ئیتالی بزانین.

بابەتی کتێبی «میر» بریتییە لەوەی لە روانگەی رووداوە مێژوویی و هاوچەرخەکانەوە دەردەکەوێت، کە میرنشینەکان چۆن دەستەبەر دەبن، چۆن پارێزگاریان لێدەکرێت و چۆنیش لەنێو دەچن. لە ئیتالیای سەدەی پازدەهەمدا، چەندین نموونە، چ گەورە و چ بچووک، لەبارەی ئەم میرنشیانەوە لەئارا دابوون. لەو قۆناغەدا، کەمترین دەستەڵاتدار رەوایەتییان هەبوو، تەنانەت پاپاکانیش لەبارەی زۆر کەیسەوە، بەهۆی ساختەکاری و گەندەڵییەوە، هەڵدەبژێردران. ئەو یاسایانەی بەرهەمی سەرکەوتن بوون لەو قۆناغەدا، هەمان ئەوانە نەبوون، کە لە قۆناغە ئارامترەکاندا دادەڕێژران. لەبەرئەوەی لەو قۆناغەدا هیچ کەس تووشی شۆک نەدەبوو لەو ستەم و غەدرانەی لە سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا روویدەدا، کە ئەمەش بەهۆی ناشایستەیی کەسەکان بوو. لەوانەیە سەدەی ئێمە، جارێکی دیکە، باشتر لە ماکیاڤێللی تێبگات، چونکە زۆرێک لە گرنگترین سەرکەوتنەکانی سەردەمی ئێمە، بە هەمان بنەمای مێتۆدە باوەکانی ئیتالیای سەردەمی ڕێنیسانس دەستەبەرکراون. ئەگەر ئەمڕۆ میکاڤیلی زیندوو بوایە، ئەوا ستایشی هیتلەری دەکرد وەکو زانایی و هونەرمەندیی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا، ئەویش بەهۆی سووتاندنی رایشتاگ و پاککردنەوەی پارتی نازی لە 1934 و پەیمانشکێنی، دوای پەیمانەکەی میونشن.

چـزاره بـۆرژا ، کـوڕی ئالێکساندەری شەشەم، ئەویش شیاوی ستایشکردنێکی مەزنە. کێشەکەی ئەو فرە سەخت بوو: یەکەم لەتەک مەرگی براکەیدا، زنجیرەیی دەستەڵاتدارێتی تەنها گەڕایەوە بۆ ئارەزووی باوکی، دووەم بەهۆی دەستەڵاتی سوپایی و بە ناوی پاپاوە، چەندین سەرزەمینی داگیرکردن، کە دەبوو دوای مەرگی ئەلێکساندەر، پەیوەست بن بەوەوە، نەک ببنە موڵکی پاپا. سێیەم، پێویست بوو «ئەنجوومەنی کاردینالەکان» وەها رێکبخات، کە پاپای دواتر لە دۆستانی خۆی بێت. چزارە بۆرژا بە لێهاتوویەکی زۆرەوە وێڵی ئەم ئامانجە سەختانە بوو ماکیاڤێللی دەبێژێت هەر میرێکی نوێ پێویستە وانە لە کارەکانی ئەوەوە فێربێت. چزارە نشوستی هێنا، ئەمە راستە، بەڵام ئەمە شتێک نەبوو جگە لە «بەختێکی زۆر ناهاریکار». چارەنووسی مەرگی باوکی کاتێک هاتە پێش، کە خودی چزارە تووشی نەخۆشییەکی ترسناک هاتبوو تا ئەو کاتەی هەستایەوە، دوژمنانی هێزەکانی خۆیان پێکهێنا و یەکێکیش لە سەرسەختترین دوژمنانی، بە پلەی پاپایەتی هەڵبژێردرابوو. لە رۆژی هەڵبژاردنی پاپادا، چزارە بە ماکیاڤێللی دەڵێت هەموو شتێکی بە ئامادەکراوی بینیوە «جگە لەوەی هەرگیز گومانی ئەوەی نەبووە لە کاتێکدا باوکی دەمرێت، کە خۆیشی لە سەرەمەرگدایە».

ماکیاڤێللی بەهۆی ئـەوەی ئاشنای خراپەکارییەکانی ئـەوە، بەو دەرەنجامە دەگـات: «بەمجۆرەی کارەکانی دۆک [چـزارە] دەهێنمەوە بەرچاو، هیچ کەمترخەمییەک نادۆزمەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، خۆم ناچار دەبینم، کە ئەو وەکو هەموو ئەو کەسانەی بەهۆی بەخت و زەبری شمشێر بەدەستەڵات گەیشتوون، لەبەرچاو بگرم-بەوجۆرەی وەهاشمکردووە».

لە کتێبی «میر»دا چاپتەرێکی سەیر هەیە بەناوونیشانی «لەبارەی میرنشینە کڵێساییەکان» ، بە سەرنجدان لەوەی لە کتێبی «گوتارەکان»دا دەگوترێت، ئاشکرایە بەشێک لە لێهزرینەکانی میکاڤیلی شاراوەن. هۆکاری

ئەم نادیارییە، بێگومان ئەوەیە کتێبی «میر» بۆ بەخێرهاتنی بنەماڵەی مەدیتچی نووسراوە، هەروەها ئەو کتێبە رۆژگارێک نووسراوە، ئەو کاتەی یەکێک لە بنەماڵەی مەدیتچی (لیۆی دەیەم) تازە بە پلەی پاپایەتی گەیشتبوو. لەبارەی میرنشینە کلێساییەکان، میکاڤیلی لە کتێبی «میر»دا دەبێژێت تاکە سەختی هەمان بەدەستهێنانی ئەوانەیە، چونکە ئەم میرنشیانە هەر ئەو کاتەی دەستەڵاتیان خراپ بوو، رەفتار و کرداری میر هەرچییەک بێت، ئەوا نەریتی ئایینی کۆن دەپارێزێت. دەبێژێت میرانی ئەو شوێنە پێویستیان بە سوپا نییە، لەبەرئەوەی «چەند هۆکارێکی مەزن ئەوانە دەپارێزێت، کە لە دەرەوەی توانستی هۆشەکیانەی مرۆڤدایە». ئەوانە «خوداوەند بەرزیان دەکاتەوە و دەیانپارێزێت» و «گفتوگۆکردن لەمبارەیەوە ئیشی مرۆڤی گەمژە و خۆپەرستە». بەڵام ئەوەی دەخاتە سەر و مۆڵەتی ئەوە دەدات ببینین ئاڵکیساندەری شەشەم بە چ ئامرازێکەوە دەستەڵاتی دنیایی پاپای تا ئەو ئاستە بەرز کردۆتەوە.

گفتوگۆکردن لەبارەی دەستەڵاتەکانی پاپا لە «گوتارەکان»دا درێژتر و راستگۆیانەترە. لێرەدا ئەو توێژینەوەکەی خۆی بە دانانی مرۆڤێکی بەرجەستە و بڵند لە هیرارشییەتێکی ئێتیکیدا دەستپێدەکات. دەبێژێت باشترینیان دامەزرێنەرانی ئایینن، پاشان دامەزرێنەرانی مۆنارکی (پاشایەتی) یان کۆمارییەکان، و دوای ئەوانیش، پیاوانی ئەدەب دێن. ئەوانە باشن، بەڵام وێرانکەرانی ئایین و تێکدەرانی کۆمارییەکان یان پاشایەتییەکان، ئەوان دوژمنی ڤیرتو (فەزیلەت یان هونەر) و ئەدەبن. ئەوانەی دەستەڵاتی ستەمکاریی دادەمەزرێنن، بۆ نموونە ژولیوس سیزار ، خراپ و دزێون، بەڵام لە لایەکی دیکەوە، بروتوس باش بوو. (جیاوازی ئەم تێڕوانینە لەتەک تێڕوانینەکەی دانتێ، کاریگەریی ئەدەبیاتی کلاسیک نیشان دەدات). هەروەها دەبێژێت ئایین گەرەکە لە دەوڵەتدا پێگەیەکی باڵای هەبێت، نەک بەهۆی ئەوەی حەقیقەتە، بەڵکو بەهۆی ئەوەی چیمەنتۆیەکە بناغەکان

و چینەکانی چڤاتْ پنەو و چەسپیو دەکاتْ بە یەکتریەوە: رۆمانەکان مافی ئەوەیان هەبوو باوەڕ بە پێشگۆیی بکەن و هەر کەسێک بێ رێزی بەرانبەر بەمانە کردبایە، ئەوا سزایان دەدا. رەخنەگرتنەکانی ماکیاڤێللی لە کڵێسە دوو رەهەندە: لەتەک رەفتارە نەشیاوەکەی خۆی، بنەماکانی ئایینی سستْ کردووە، ئەویدیکە برێتی بوو لەو دەستەڵاتە دنیاییەی پاپا، ئەو سیاسەتەی پەیڕەوی دەکرد، دەبووە رێگر لەبەردەم یەکێتی ئیتالیادا. ئەم رەخنانە بە هێزێکی مەزنەوە دەردەبڕدرێن. «خەڵکی بە هەرئاستێک لە کڵێسای رۆم نزیک دەبنەوە، کە لە سەرەوەی ئایینی ئێمەیە، ئەوا بێ ئایین دەبن... ئێمەی ئیتالیایی بەهۆی کڵێسەی رۆم و کەشیشەکانییەوەیە لادین و گەندەڵین، بەڵام دینێکی مەزنتریشمان لەئەستۆیە، ئەو ئایینەی دەبێتە هۆی دارمانی ئێمە، ئەویش کڵێسەیە، دەیەوێتْ وڵاتەکەی ئێمە بە پارچەپارچەیی بهێڵێتەوە و پارێزگاری لەم رەوشەش دەکاتْ» .

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم پەرەگرافانە، پێویستە وەها گریمانە بکەین پێداهەڵگۆتنەکانی میکاڤیلی بۆ چزارە بۆرژا، تەنها بەهۆی لێهاتوویەکەوە بووە، نەک بەهۆی ئامانجەکانییەوە. هەستی پێداهەڵگۆتنی ئەو لێهاتوویی و کردارانەی دەبوونە هۆی ناوبانگ، لە سەردەمی رێنیسانسدا شتێکی زۆر باو بوون. هەڵبەتْ ئەمجۆرە هەستکردنانە، هەمیشە لەئارادا بوون. زۆرێک لە دوژمنانی ناپۆلیۆن، ستایشیان دەکرد، ئەویش بەهۆی ئەو پەرۆشییەی بۆ ستراتیژییەتی میلیتاری هەیبوو. بەڵام لە ئیتالیای رۆژگاری میکاڤیلیدا ستایشکردنی شێوە-هونەرمەندیی بۆ زرنگی و پیشەدەستی (یان تەڕدەستی) ، زۆر باوتر بوو لە سەدەکانی پێشووتر یان دواتر. هەڵەیە کۆشش بکەین ئەم کارە لەتەک ئامانجە سیاسییە گەورەترەکاندا بگونجێنین، کە میکاڤیلی گرنگی زۆری پێدەدا. ئەم دوو شتە، واتا خۆشەویستیی بۆ لێهاتوویی و مەیلی نیشتمانپەروەرانە بۆ یەکێتی ئیتالیا، لەتەک یەکتریدا بوونیان هەبوو بەهیچ جۆرێکیش لەتەک یەکدیدا نەدەبوونە سەنتێز . بەهۆی ئەمەوەیە، دەتوانێتْ

سنایشی چزاره بۆرژا بکات بەهۆی زیرەکییەکەی و هاوکات سەرزەنشتی بکرێت، ئەویش بەهۆی هێشتنەوەی ئیتالیا لە رەوشی دابەشکارییەکەیدا. گەرەکە وەها گریمانە بکەین، بە بۆچوونی ئێمە میکاڤیلی تایبەتمەندییەکی پێرفێکتی هەیە، لەو شوێنەی چزارە بۆرژای زیرەک و بێ پەروا لەو میانەدا بێت، بەڵام ئامانجەکەی پێچەوانەی ئامانجی ئەو بێت. «میر» بە داخوازییەکی روون و ئاشکرا لە بنەماڵەی مەدیتچی کۆتایی دێت بۆ رزگارکردنی ئیتالیا لە دەستی «بەربەرەکان» (واتا فەرەنسی و ئیسپانییەکان)، کە حکومەتێکی خراپیان هەیە. ماکیاڤێللی چاوەڕوانی ئەوە نییە لە بنەماڵەی مەدیتچی دەست بۆ ئەمکارە بەرن، ئەویش بەهۆی ئەو مۆتیڤە خۆپەرستانەیەی هەیانە، بەڵکو دەخوازێت حەزیان دەسەڵات و دەستەبەرکردنی ناووبانگی زیاتر، ئەم کارە گرنگە ئەنجام بدەن.

«میر» لە رەتکردنەوەی مۆراڵی باودا زۆر راشکاوانەیە، ئەویش لەو شوێنەی رەفتار و کرداری دەسەڵاتداران لەئارادا بێت. دەسەڵاتدار لە رووی فێڵەوە پێویستە رێوی بێت و لە رووی دڕندەییشەوە گەرەکە شێر بێت. لەم کتێبەکەدا چاپتەرێک هەیە (بەشی هەژدەهەم) بە ناونیشانی: «ئایا میران پێویستە چۆن پەیمانەکەیان بەرنەسەر». تێیدا دەخوێنینەوە میر تەنها لەو بوارانەدا پێویستە پەیمانەکەی خۆی نەشکێنێت، کە دەستەبەریان دەکات، نەک بەپێچەوانەی ئەمەوە. میر پێویستە زۆرجاریش پەیمانشکێن بێت.

«بەڵام میر پێویستە ئەم سیفەتە بەباشی لە خەڵکی بشارێتەوە و هەروەها گەرەکە لەخۆنواندن و ریاکاریدا وەستا بێت. خەڵکی بە ئەندازەیەک ساکارن بە ئاسانی ملکەچی پێداویستییەکانی رۆژانە دەبن، کە کەسی فریودەر بە ئاسانی هەمیشە دەتوانێت خەڵکانی فریودراو پەیدا بکات. من لێرەدا تەنها یەک نموونەی نوێی سەردەمیانە دەگێڕمەوە. ئالێکساندەری شەشەم هیچ کارێکی دیکەی نەبوو، جگە لە فریودانی خەڵکی و لەوە زێتر،

بیری لە هیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوە. هەمیشە هەلی دەستەبەرکردنی ئەم کارەیشی هەبوو. هیچ کەسێک هێندەی ئەو نەیدەتوانی دڵنیابەخش بێت و پەیمانەکانی خۆی بە سوێندی درۆیینە، بهێڵێتەوە، لەکاتێکدا هیچ کەسێک هێندەی ئەو چالاک نەبوو لە شکاندنی پەیماندا، سەرباری ئەمە، هەمیشە لە فریودانی خەڵکیدا سەرکەوتوو دەبوو، لەبەرئەوەی لە جێبەجێکردنی کارەکاندا زۆر شارەزا بوو. کەواتە لەسەر هەموو میران پێویست نییە هەموو ئەم سیفەتانەی سەرەوەی [واتا فەزیلەتی پەیمانداری] تێدا بێتن، بەڵام لە رواڵەتدا پێویست دەکات وا خۆی نیشان بدات، کە هەموو ئەم سیفەتانەی تێدا هەن».

پاشانیش دەبێژێت میران پێویستە بەر لە هەر شتێک «بە رواڵەت» ئایینی بن.

تۆنی «گوتارەکان»، کە لە رووی ناوییەوە راڤەکردنێکە لەبارەی لیڤی، لەتەک تۆنی «میر»دا جیاوازییەکی زۆری هەیە. چەند چاپتەرێک لە کتێبەکەیدا هەن، دەڵێی مۆنتسکیو نووسیونی. کەسێکی لیبراڵی سەدەی هەژدە دەتوانێت بەشێکی زۆری کتێبەکە بە تێڕوانینێکی گونجاوەوە بخوێنێتەوە. لەم کتێبەدا رێبازی پشکنین و هاوسەنگی بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا راڤە دەکرێت: میران، خانەدانان و خەڵکی، پێویستە هەموویان لە دەستووردا رۆڵیان هەبێت. «ئەو کات ئەم سێ هێزە یەکتری لە بەرانبەر بەڕێوەبردندا تەواو دەکەن». دەستووری سپارتا، بەو جۆرەی لیکورگوس دایمەزراندبوو، باشترین بوو، لەبەر ئەوەی تەواوترین باڵانسی بەرجەستە دەکرد. هی سۆلۆن زیاد لە ئەندازە دێمۆکراتیک بوو، بەم هۆیەوە وەرگۆڕا بۆ ستەمکارییەتی پێیسیستراتوس . دەستووری کۆماری رۆم باش بوو، ئەویش بەهۆی دژبەری لە نێوان سێنات و خەڵکیدا.

وشەی «ئازادی» لە تەواوی کتێبەکەدا وەکو وشەیەکی فرە گرانبەها بەکار دەهێنرێت، هەرچۆنێک بێت واتاکەی ئەوەندە رۆشن نییە. ئەم بابەتە

هەڵبەت لە ئەنتیکەدا (یان سەردەمی کۆن) هاتووە و گواسترا‌وەتەوە بۆ سەدەکانی هەژدەهەم و نۆزدەهەم. توسکانی بەم هۆیەوە ئازادییەکانی خۆیان پاراستووە، لەبەر ئەوەی تێیدا قەڵا یان جێنتڵمان (یان خانەدان) بوونی نییە. (هەڵبەت «جێنتڵمان» وەرگێڕانێکی هەڵەبەرە، بەڵام جێ رەزامەندییە). پێدەچێت ئەم پنتە لای میکاڤیلی پەسەندکراو بێت، کە ئازادی سیاسیی پێویستییەکی تایبەتی فەزیلەتیی کەسێتیی هاووڵاتیانە. نووسەر دەبێژێت تەنها لە ئاڵمانیا، دروستکاری و ئایینداری هێشتا باوی هەیە و بەم هۆیەوەیە لە ئاڵمانیادا چەندین کۆماریی لەئارادان. بە گشتی، خەڵکی لە میرەکانی خۆیان داناتر و پایەدارترن. هەرچەندە لیڤی و زۆرینەی نووسەرانی دیکە باوەڕییەکیی پێچەوانەی ئەمەیان هەیە. بێ هۆ نییە، کە دەبێژێت «دەنگی خەڵکی، دەنگی خوداوەندە».

سەرنجدان لەم پنتە سوودمەندە، کە چۆن هزری سیاسیی گریکەکان و رۆمانەکان لە رۆژگاری کۆمارییدا، لە سەدەی پازدەهەم چالاکی خۆی نواند، لە کاتێکدا لە گریک لە سەردەمی ئالێکساندەر و لە رۆمای سەردەمی ئۆگوستوس بە دواوە، هیچ پێشینەیەکی نەبوو. نیۆپلاتۆنیستەکان، عەرەبەکان و فێرگەییەکان پەیوەندییەکی بەهێزیان بە مێتافیزیکی پلاتۆن و ئەریستۆتێلیسەوە هەبوو، بەڵام هیچ گرنگییەکیان بە نووسراوە سیاسییەکانی ئەوان نەدەدا، لەبەرئەوەی سیستەمیی سیاسیی دەوڵەتشار بە تەواوی ئاوا ببوو. گەشەی دەوڵەتشار لە ئیتالیا هاوکات ببوو لەتەک نوێکردنەوەی ژیانی فێرکاری و ئەو توانستەی بە هیومانیستەکان بەخشی تا بتوانن لە تیۆریی سیاسیی کۆماریخوازی گریکی و رۆمانەکان سوودمەند بن. رێنیسانس، خۆشەویستیی بۆ «ئازادی» و تیۆریی پشکنین و باڵانسی لە سەردەمی ئەنتیکە وەرگرت و نوێسەردەمیش زێتر ئەمەی لە رێنیسانس وەرگرت. ئەم لایەنەی میکاڤیلی لانیکەم بە هەمان ئەندازە گرنگی هەیە، بەهۆی ئەوەی رێبازی «نامۆراڵی» کتێبی میر ناوبانگێکی زۆری دەستەبەرکردووە.

پێویستە ئەوە بزانین، ماکیاڤێللی هیچ ئەرگیومێنتێکی سیاسیی لەسەر بنەماکانی کریستیانی و تەوجیل (تەورات و ئینجیل) ناهێنێتەوە. نووسەرانی سەدەکانی نێڤین تێگەیەکیان هەبوو، بریێتی بوو لە دەستەڵاتی «رەوا» ، ئەمەش هەمان دەستەڵاتی پاپا یان ئیمپراتۆر بوو، یان ئەو دەستەڵاتانەی لەمانەوە سەرچاوە دەگرن. نووسەرانی باکووری، تەنانەت تا رۆژگاری لۆک، بەڵگەکاریان ئەمەبوو، کە لە «باخچەی عەدەن» چ شتێک روویدا، وایان دەڕوانی دەتوانن چەند بەڵگەیەک بخەنەڕوو، کە جۆرە تایبەتییەکانی دەستەڵات «رەوا»یە. لای میکاڤیلی وەها تێگەیشتنێک بوونی نییە. دەستەڵات پەیوەستە بەو کەسانەی لە پێشبڕکێی ئازاددا لێهاتووییان هەیە سەبارەت لە دەست بەسەرداگرتنیدا. ئەو لەسەرترییەی بۆ حکومەتە جەماوەرییەکە باوەڕی پێیەتی، لە هیچ ئایدیایەکی «ماف»ەوە سەرچاوەی نەگرتووە، بەڵکو بە سەرنجدان لەو بابەتەوە سەرچاوەی گرتووە، کە حکومەتە جەماوەرییەکان کەمتر لە حکومەتە ستەمکارەکان، زۆردار و بێباک و نابەردەوامن.

مۆڵەتمان بدەن لە چەند بەشێکی «مۆراڵی» و «نامۆراڵی» رێبازی ماکیاڤێللی، سەنتێزێک بهێنینە ئاراوە (ئەو سەنتێزەی ئەو نەیهێناوەتە ئاراوە). لە دێڕەکانی خوارەوەدا، من بۆچوونەکانی خۆم ناخەمەڕوو، بەڵکو لەتەک خستنەڕووی بۆچوونێکدا خەریک دەبم، کە راشکاوانە یان ناڕاشکاوانە هی میکاڤیلییە.

لە سیاسەتدا چەند شتێکی باش بوونیان هەیە و بەتایبەتی گرنگترینیان بریتین لە: سەربەخۆیی نەتەوەیی، ئاسایش و دەستووری رێکخراو. باشترین دەستوور ئەوەیە تێیدا مافی یاسایی پشکدار بکات لە نێوان میران، خانەدانان و خەڵکیدا سەبارەت بە دەستەڵاتی ریال، چونکە لە وەها پێکهاتەیەکی دەستووریدا شۆڕشەکان بە سەرەنجام بگەن، ئەوا سەخت و پایەدار دەبن. بەڵام بۆ پاراستنی پایەداری و ئارامی، کارێکی داناییانەیە ئەگەر دەستەڵاتی

زێتر بە خەڵکی بدرێت.

بەڵام لە سیاسەتدا، پرسی ئامرازیش هەیە. وێڵبوون بەدوای ئامانجێکی سیاسییدا بەو مێتۆدانەی شایستەی نشووستهێنانن، کارێکی بێهودەیە. ئەگەر ئامانجەکە باش بێت، گەرەکە ئامرازێک هەڵبژێرین بەس بێت بۆ ئامانجەکە. پرسی ئامراز، دەشێت بە رێگەیەکی زانستی پەتی، بەبێ سەرنجخستنە سەر باشی یانی خراپی ئامانجەکەی، چارەسەر بکرێت. «سەرکەوتن» برێتییە لە بەرهەمی ئامانج، ئەگەرچی ئامانجەکە هەرچییەک بێت. ئەگەر سەرکەوتن بۆ خۆی زانست بێت، ئەوا دەتوانین بە یەکسانی لێکۆڵینەوە لە سەرکەوتنەکانی خراپکاران و دروستکاران بکەین، راستییەکەی ئەمەیە لە کاری خراپکاراندا باشترە، چونکە نموونەکانی خراپکارانی سەرکەوتوو زێترە لە دروستکارانی سەرکەوتوو.

سەرەنجام پرسەکە لە کۆتاییدا پرسی دەسەڵاتە. بۆ دەستگەیشتن بە مەبەستێکی سیاسیی، ئەوا جۆرێک لە جۆرەکانی دەسەڵات پێویستە.

سەرچاوە

Bertrand Russell: The History of Western Philosophy, Simon and Schuster, New York, 1945, pp. 504–511.

# ماکیاڤیلی و ماکیاڤیلیزم خوازی

**(ماوەیەکە هەر دیرۆکناسێکی بەرهەمەکانی ماکیاڤیلی، چ بیەوێت و چ نەیەوێت دەبێتە دیرۆکی ماکیاڤیلیزم خوازی.)**

**رامین جیهانبگلو**

**لە فارسییەوە: ئەرسەلان حەسەن**

**ریمۆن ئارۆف**

له ساڵی 1787، 25ساڵ دوای مردنی ماکیاڤیلی، دۆکی گەورەی تۆسکانا – لەپەنا گۆڕی پیاوانی بەناوبانگی وەک دانتی، گالیلۆ و مایکل ئەنجیلۆ – دیواربەندێکی بۆ یادکردنەوەی ماکیاڤیلی هەڵچنی. ئەم رستە لاتینییە لەسەر دیوار بەندیەکە نوسراوە: TANTO NOMINI NULLUM PAR ELOGIUM (هیچ وتەیەک کاڵای بە باڵای خاوەنی ئەو ناوە نییە) تێپەڕینی 250 ساڵ زەرور بو تا ماکیاڤیلی هێندەی بلیمەتیەکەی بەرز رابگیردرێت. راستە کە ماوەیەکی زۆر، ناوی ماکیاڤیلی دەسەڵاتێکی (خراپی) پیشاندەدا. ماکیاڤیلی نوسەرێکە لەسەردەمی ژیانی نەفرەتیان بۆ دەنارد و دوای مردنی ریجناڵد پۆڵ ئەسقۆفی کانتربۆری، – بەهۆی بوێری نووسینی کتێبی میر – بە شەیتانی دەچوواند. تەنانەت وادێتە بەرچاو کە لە کۆتایی سەدەی شازدە، یەسوعیەکانی باوەر ویستبویان بۆ رزگارکردنی دنیا لە کەڵکەڵەی هزرەکانی ماکیاڤیلی، وێنەکەی بسوتێنن. بەڵام ئایا بەرهەمەکانی ماکیاڤیلی، بۆ سزادانی ئەوەندە کەڵکەڵە ورووژێنەر بووە کە پاشایەک – وەک فریدریک پروسی – ناچاربێت کتێبی (دژی ماکیاڤیلی) بنوسێت؟

له کەس شاراوە نییە کە بەرهەمەکانی ماکیاڤیلی چەندین سەدە لەهەمو جیهاندا، باسێکی زۆری وروژاندووە. ئێستاش، هەرکە ناوەکەی بەسەر زماندا بێت، زۆر باسی دەرەنجامی ئەخلاقی بەرهەمەکانی دەکرێت. بەڵام چاوپۆشین لەهەر بەهایەکی ئاکاریەکەی کە ئەمڕۆ بدرێتە پاڵ نووسینەکانی، بە تێپەڕینی زەمەن بەهای هزرەکانی نەگۆڕە کە تێیدا خراونە

روو. کەوایە باکمان بەوە چییە ماکیاڤیلی (ناپاک و تاوانکار) دابنرێت. دەکرێت بەدڵنیاییەوە لەبارەیەوە بڵێی بەرهەمەکانی یەکێ لە گەورەترین بیناکانی بیرکردنەوەی سیاسییە چونکە ماکیاڤیلی لە یەکەم ئەوکەسانەیە کە بناغەی بیرکردنەوەی سیاسیی داناوە. مەسەلەی ئەو بیرکردنەوەیە، پێشنیازکردنی مەسەلەی بناغەدارشتنی سیستەمی سیاسییە لەسەربنەمای ماکی (دەسەڵاتی دەوڵەت) و بۆ مەسەلەی سیاسەت چوارچێوەی پێویستی فۆرمۆلبەندی – وەک قەڵەمڕەوی سەپاندنی دەسەڵات – دەدات بەدەستەوە. بەدیوێکی دیکەدا، پێیوایە: بۆ (بناغەدارشتنی ڕەوایەتی دەوڵەت)، سەپاندنی دەسەڵات لەلایەن سیاسەتدانەرەوە پێویستە؛ بەم شێوەیە، ماکیاڤیلی، بە کردەوە وەڵامی (مەسەلەی بناغە دارشتنی دەوڵەت) دەداتەوە. بەمەش، دەوڵەت، وەک دەزگاو چەقی سەپاندنی دەسەڵات، پێش هەرشتێک، قەڵەمڕەوێکی چالاکی کەسییە کە دەسەڵاتی گرتۆتە دەست و هەوڵدەدات بیپارێزێت. بە وتەیەکی تر، بە رای ماکیاڤیلی، مەسەلەی سیاسەت، مەسەلەی هاتنەئارای سستمێکی ئیدارەدانی مرۆڤەکانی لێدەکەوێتەوە. هەربۆیە دەبێت بوترێت کە هزری ماکیاڤیلی، بەسەرنجدان بە تێکڕاییەکەی، ئەو خاڵە روندەکاتەوە کە: سیاسەتدانەر، لە پێشەوەی سیاسەتە و (تایبەت) لەپێش (گشتەوە) یە. بەمەش، بە باوەڕی ماکیاڤیلی، دەبێت سیاسەت زیاتر بە مەیدانێک دابنێین بۆ چالاکی سیاسەت دانەر تا قەڵەمڕەوێک بۆ ڕەگاژۆیی (دامەزراوەی کۆمەڵایەتی) شێوە عەقڵانی. ئەو دووفاقیە، واقعی نێوان (میر بەدی هێنەری دەوڵەت) و (دەوڵەتێک کە هێناویەتەدی)، لە پەیوەندی (دەسەڵاتدارێتی دەوڵەت) بە میردا، ئاشکرا دەبێت. کەوایە دەکرێت بڵێی سستمی سیاسی بە رای ماکیاڤیلی، دروستکراوی پیاوانی گەورەیە کە توانیویانە – لە سەربنەمای زەرورەت – دەوڵەتێک دابمەزرێنن. ماکیاڤیلی، لەناو پیاوانی گەورە، ناوی کەسانی وەک موسا، کوروش، رۆمۆلوس و تسیۆسی دەهێنا؛ کەچی دەڵێت: (ئەگەر پڕچەک نەدەبون نەیاندەتوانی ماوەیەکی زۆر دامەزراوەکانی خۆیان

بەرێزەوە بپارێزن). چونکە سەرکەوتنی سیاسی هەر رەگازۆیەکی دەوڵەت و هەرسیاسەتدانەرێک، سەرچاوە لە سەرکەوتنی سستمەکەی دەگرێت. (لەو رووەوەیە کە هەمو پێغەمبەرانی پرچەک سەرکەوتووبون و پێغەمبەرانی بێ چەک ژێرکەوتوو).

بۆیە، شەڕ رەخسێنەری هەلومەرجەکانی هاوسەنگی و مانەوەی هەر سیاسەتێکە. دەبێت کاتێک سیاسەتدانەر پشت بەهێزی بابەتی و واقیعی خۆی ببەستێت، کە چەکی فرتوفێڵ بەکارنەیەت. بەڵام نابێت لەیادمان بچێت کە (بۆ پەڕینەوە لەقۆناغی لاوازی بۆ قۆناغی هێز و گەورەیی)، هەندێجار لایەنی نادیاری فرتوفێڵ، لەلایەنی دیاری هێز و زیاتر دەسەڵات، دەسەپێنرێت. کاتێک زەرورەتی سەپاندنی هێز دەردەکەوێت کە مەسەلەی پاراستنی هەلومەرجەکانی سیاسی، زیاتر لە گۆڕانی ئەو هەلومەرجانە خرابنە روو. بەمەش، بە بڕوای ماکیاڤیلی، شەڕ، زەرور دەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەو، هەرگیز شەڕخواز نییە. خوێنەر، لەهیچ کونوکەلەبەرێکی نووسینەکانی، شوێنەوارێک لە ستایشی بێ چەندوچوونی شەڕ نادۆزێنەوە؛ چونکە، بە دووپاتکردنەوەی وتەکەی کلۆدیۆس پۆنتیۆسی سەرداری رۆمی، باوەڕی وایە (کاتێک شەڕەکان راستن کە بەردەرکیان پێگرتبی).

چەمکی زەرورەت لە روانگەی ماکیاڤیلی، بنەمای (پێویستی رێکخستنی واقعیەتی سیاسی)یە. لەسەربنەمای هەمان ماکە کە مرۆڤەکان کاردەکەن، وادەنوێنێت (لەهەرشوێنێک ئەگەری هەڵبژاردنی مرۆڤی شایستە کەمتربێت، گرنگی و بەهای شایستەیی تاک زیاترە). کەوایە بەگوێرەی رادەی دەسەڵات پێویستە کە چالاکیەکانی مرۆڤ مانا دەدۆزێنەوە. ئەگەر پێویستییەک لەگۆڕێ نەبێت، مرۆڤ ناتوانێت لەدنیای خۆی، سستمێک بێنێنەکایە. هەربەو هۆیەش شەڕ لە دەسەڵاتی لەشکان نەهاتوی یاسای زەرورەت، رزگاری نابێت. هەربۆیە (کۆن، فەرماندەکانی سوپا ئاگایان لە دەسەڵاتی ئەو زەرورەتـەیـەو دەیانزانی ئەو هۆکارە تاچەند دنەی

سەربازەکانیان دەداتْ بۆ شەڕ، کەمتەرخەمیان لە بە کارهێنانی هۆکارێکی ملکەچ پێکردن بۆ ئەو زەرورەتـە نەدەکرد). بەڵام گەر هەرکارێک بە پەیڕەوی لە زەرورەتْ ئەنجام بدرێتْ، کەوایە چالاکی مرۆڤ دەووری چییە؟ گومانی تێدا نییە کە (زەرورەتْ لەزۆربەی کاتدا، مرۆڤ بەرە و ئامانجێک رێنمایی دەکرێتْ، جێگەیەک کە عەقڵ ناتوانێتْ ئەو رێگەیە ببڕێتْ)؛ دەتوانی پیاوانێک بدۆزیەوە کە دەتوانن، بە سوود وەرگرتن لە هێزی ئەو زەرورەتە، بۆگەیشتن بە ئامانج، چالاکی سیاسی و سەربازی بکەن. ماکیاڤیلی، تایبەتمەندی بەکار هێنانی زەرورەتْ بۆ سەرکەوتنی سیاسی و سەربازی بە (توانا) (virtue) دەخوێنێتەوە. چەمکی (توانا) لە هزری ماکیاڤیلی هاومانای چەمکی (هێز)، (زانایی) و (نەترسی)یە. وشەی (توانا) زیاتر تایبەتمەندیەکانی خودی مرۆڤ پیشان دەداتْ تا خەسڵەتە ئەخلاقیەکانی؛ ماکیاڤیلی ئەو زاراوەیەی بۆ (توانای گەورە سەرکەوتووەکان) یان (رکێفکردنی قەڵەمڕەوی پاشایەک، بە بەکارهێنانی توانا) بەکار دەهێنا. بەمەش چەمکی (توانا) لە بەرهەمەکانی ماکیاڤیلیدا، واتە توانای سوودوەرگرتن لە هەلومەرجی هەبو بۆ گەیشتن بە ئامانج بەکار دەبرێتْ. بەڵام، لە بەرامبەر چەمکی (توانا) چەمکی (بەختْ) (Fortuna)یش بەکار دەباتْ. لە روانگەی ماکیاڤیلی، (توانا) بریتییە لە توانای جەستەیی و هزری مرۆڤ – (بەختْ)، هێزی رێکەوتْ پیشاندەداتْ کە تاکی (توانا) دەبێتْ بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی سوودی لێوەربگرێتْ. بە وتەیەکی دیکە: (بەختْ) لەوێ هێزی خۆی پیشاندەداتْ کە هیچ کارێکییان بۆ لە روو وەستانەوەی نەکردبێتْ و تووڕەییەکەی بەرە و ئەو شوێنە کێشی دەکاتْ کە دەزانێتْ هیچ بەربەستْ و خاکڕێزیەکیان لەپێشی قووتْ نەکردۆتەوە.

دەبێتْ لە پەیوەندی دیالەکتیکی (توانا) و (بەختْ)دا بۆ سەرچاوەی دەسەڵاتْ بگەڕێیتْ، ماکیاڤیلی بە لێکۆڵینەوە لە سەرچاوەی دەسەڵاتْ فێرمان دەکاتْ بیر لە لۆژیکی کۆمەڵایەتی و دەورێک بکەینەوە کە سیاسەتْ لە

قەڵەمڕەوی ئەو لۆژیکەدا دەبینێت. بە دەستەواژەیەکی دیکە، ماکیاڤیلی ئەو هزرە سیاسیەمان بۆ روندەکاتەوە کە سیاسەت لە سەپاندنێکدا رەنگدەداتەوە، کە تاکێک لەبەرامبەر تاکێکی دیکەدا، بۆ هێنانەئارای پەیوەندی دەسەڵات و پێ فبوڵکردنی دەسەڵاتی خۆی پێیان ئەنجام دەدات. بەم مانایە، ژیانی سیاسی، بە دەرکەوتنی خاڵی هاوسەنگی نێوان سیاسەتدانەر و خەڵک سەرچاوە دەگرێت. دەبێت ئەو خاڵی هاوسەنگە، لە رێی ئەزمونەوە، بۆ هێنانەئارای کەشی پێویستی سەپاندنی دەسەڵات (واتە حکومەتکردن) بدۆزیەوە. بەمەش، دەبێت هونەری سیاسەت وەک (هونەری حکومەت) پێناسە بکەی.

هاوکات، ماکیاڤیلی، دووجۆر حکومەت شرۆڤە دەکات: حکومەتی میر (ناوی کتێبە بەناوبانگەکەشی لە بنەڕەتدا (حکومەتی میر) Prince pat bus بووە و دوای مردنی بۆتە (میر) Prince) حکومەتەکانی کۆماری. دەربارەی حکومەتەکانی جۆری دووەم، ماکیاڤیلی کۆماری رۆمی وەک نمونە وەرگرتووە. کتێبێکی دیکەی (چەند وتارێک لەبارەی یەکەم 10 دانەیی تیتۆس لیڤیۆس)ی ناوە. مێژوو، کتێبی میری بە شاکار هەڵبژاردووە و کتێبی وتارەکانی فەرامۆش کردووە. ئەو بژاردەیە هزرچەفتی زۆری لێکەوتۆتەوە کە هەم زیانی بە بەرهەمەکانی ماکیاڤیلی و هەم بە شەخسی خۆی گەیاندووە. بەو هۆیەش، داوەری ناڕاستی لەبارەوە کراوە و وەک بیرمەندێک ناوبانگی دەرکردووە کە تەنیا بیر لە دەسەڵات دەکاتەوە؛ لەکاتێکدا هەمو لێکۆڵینەوەکانی لەمەڕ (واقعیەتی سیاسەت)، لەسەربنەمای حکومەتی کۆمارییە. دانانی ماکیاڤیلی لە ریزی کۆماریخوازان، هێشتا زۆربەی کەسانێک دەورووژێنێت و لانیکەم، سەرسامییان دەکات. بەڵام باسی کۆماریخوازی ماکیاڤیلی و پەیوەندی تووندی بە ئازادیەوە، پاڵنەرێکە ئازیاتر فسە لەسەر دەوڵەمەندی بەرهەمەکانی بکرێت. هەمان پاڵنەر توانامان دەدائێت کەسایەتیەکەی لە کۆمەڵێک نوسین لەمەڕ ماکیاڤیلی، جیا

بکەینەوە. لە رابردو، جان جاک رۆسۆ و سپینۆزا پەیڕەوی هەمان میتۆدیان کردووە و هەردوو هەوڵیانداوە روناکی سەرەکییان بۆ بەرهەمەکانی ماکیاڤیلی بگێڕنەوە و لە بوختان پێکردنی هاوسەردەمانی رزگار بکەن. رۆسۆ لەبەشی شەشەم، کتێبی سێیەمی پەیمانی کۆمەڵایەتی بەهێنانەوەی رستەیەکی بەناوبانگی بە ئاشکرا رایدەگەیەنێت کە (میری ماکیاڤیلی، کتێبی کۆماریخوازانە). ئەو رستەیە دەری دەخات کە رۆسۆ هەوڵیداوە لە روانگەی نوێوە بەرهەمەکانی ماکیاڤیلی بخوێنێتەوە. سپینۆزا هەمان هەوڵیداوە و لە حەوتەم پەرەگرافی بەشی پێنجەمی کتێبی بەناوبانگی پەیامێک دەربارەی سیاسەت پێشنیاز دەکات بەرهەمەکانی ماکیاڤیلی لەنوێووە شرۆڤە بکرێن. سپینۆزا دەڵێت: (رەنگە ماکیاڤیلی ویستبێتی پیشانی بدا کە دەبێت خەڵک ناچەند خۆیان لە سپاردنی چارەنووس و رزگاری خۆیان بە دەستی تاکێک بە دووربگرن؛ چونکە گەر ئەو تاکە لەو هزرەدا ناکامڵ نەبێت کە دەتوانێت دڵی هەموکەس بەدەست بێنێت، ناچارە کە بەردەوام زەندەقی لەمەترسی بچێت و ناچارە هەمیشە نەخەوتوو بە تایبەت لە خەیاڵی گیانی خۆی دابێت؛ دەبێت ئەو تاکە بەپێچەوانەوە بەردەوام داو لەسەر رێی خەڵک دابنێت و نیگەرانیان بێت. دەبێت ئەو داوەرییە لەبارەی ئەو دانەرە بەتوانایە قبوڵ بکەم کە، بە باوەڕی هەمووان، هەمیشە لایەنگری ئازادییە و لە بارەیەوە راو بیرۆکەی رێکردنەوەی داوە کە دەبێت چۆن بپارێزرێت).

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بوترێت کە وزەی زەینی و گەشبینی هیچییەک لەم دوو نووسەرە نەیانتوانیووە ماکیاڤیلی لەو تۆمەتە رزگار بکەن کە پیاوێکی (فاڵگرەوە و تەڵەکەباز) بووە. چونکە زۆربەی خەڵک تەنانەت پێش خوێندنەوەی بەرهەمەکانی ماکیاڤیلی، بڕیاریان لێدەدەن؛ ئوستورەی ماکیاڤیلیزم، ئاست و سنووری بەرهەم و کەسایەتیەکەی زیاد تێپەڕاندووە و بەکارهێنانی سیفەتی (ماکیاڤیلخواز) لەهەمو کاتەکاندا زیاتر لە بەرهەمەکانی بۆتە باو. لە زەینی کەسەکاندا، (ماکیاڤیلیزم) بەمانای کۆمەڵێک راو بیروڕا

و هزری ماکیاڤیلی نییە. ماکیاڤیلی هیچکات (ماکیاڤیلیزمخواز) بەمانای باوی نەبووە؛ چونکە (ماکیاڤیلیخوازیی واتە: بەستنەوەی گوێ پێنەدانی بنەماکانی ئەخلاقی بە سیاسەت). لە کاتێکدا ماکیاڤیلی هەرگیز لە لێکۆڵینەوەی ئەخلاقی مرۆڤەکان (چ رەعیەت و چ پاشا) لە رێی ئەزمون و شیکردنەوەی کاری کۆمەڵایەتییان، ناوەستێت. بێجگە لەمە، ئەگەر سیاسەت لای ماکیاڤیلی وێنایەکی نائەخلاقی هەیە لەبەر ئەوەیە کە سیاسەت ماهیەتێکی ناپیرۆزی هەیە. لە راستیدا ماکیاڤیلی بەگوێرەی تێگەیشتنی لە سیاسەت، بۆ رەخساندنی هەلومەرجەکانی پتەوکردنی دەوڵەت، هەموکارێک بە رەوا دەزانێت و بەمەش سیاسەت بەدەر لەهەر لایەنێکی پاکی دادەنێت. بەدیوێکی دیکەدا، ماکیاڤیلی، بەخستنەلاوەی هەر ئادیالێک کە زیان بە لێهاتویی سەپاندنی دەسەڵات بگەیەنێت ، لەسەربنچینەی ئەخلاقی سوودمەندگەرایی لەنوێوە سیاسەت بینا دەکات. بەمەش، چەندینجار درووستکردنی خۆی لە دەمارگیریەکانی رابردوو پرسی سیاسی نوێ بەگوێرەی بۆچوونی ئەخلاقی نوێتر دەخاتە روو. بەڵام دەبێت بیر بهێنرێتەوە کە بەخستنەلاوەی هەمو دەمارگیریەکانی خۆی مێژوو ناخاتەلاوە، چونکە بە لێکۆڵینەوەی مێژوو، وەڵامێک بۆ پرسیارەکەی خۆی دەدۆزێتەوە. دەزانێت کە خەڵک ناگۆڕێن، چونکە سرووشتییان بەردەوام یەکە. ئەمان، وەک ئەو خەڵکانەن کە پێش 20 سەدە دەژیان. ناپاک، لوتبەرز و رواڵەتسازن. ماکیاڤیلی ئەو وانەیە لەو راستییە وەردەگرێت کە لەسیاسەتدا (دەبێت رێوی بێت و تەڵەکان دەناسێت و دەبێت شێر بێت و گورگەکان بسڵەمێنێتەوە). بەکاربردنی سیفەتی (ماکیاڤێلییانە) لەبارەی خودی ماکیاڤیلی بەهۆی هەمان بڕیار بووە. بەڵام ماکیاڤیلی خۆی لە (ماکیاڤیلخوازی) بەدوور دەگرێت، چونکە هەرهێندە بۆخۆشی لە (ماکیاڤیلییانە بوون) بەدەرە، کە بەرهەمەکانی لە (ماکیاڤیلخوازی) بە دەرن.

کەوایە دەبێت بزانین ماکیاڤیلی راستەقینە کێیە؟ ئایا ئەو، بەهەمانجۆر

(کۆماریخواز و لایەنگری ئازادی)یە، کە رۆسۆ و سپینۆزا وتوویانە؟ یان، بەهەمانجۆر کە پێش چەندین سەدە باوی بووە، (بیرمەندێکە رەشبین و سارد) باسی حکومەتی پاشایەتی کردووە؟ ئایا ناتوانرێت هەمان رستە دەربارەی ماکیاڤیلی بوترێتەوە کە فەیلەسوفی فەرەنسی ئالن دەربارەی دیکارت دەڵێت و وتی کە: (ماکیاڤیلی راستەقینە هەمان واقعیەتی ماکیاڤیلییە)؟

بەهەرحاڵ دەبێت بوترێت ماکیاڤیلی راستەقینە، کەسێکی تازە پێگەیشتووە. هەمانە کە هێشتا لە قەڵەمڕەوی سیاسەت و چالاکی کۆمەڵایەتی خەڵک لەئەزمونەکانی بەهرەمەندمان دەکات. راستە ئەزمونی و ئەنجامی لێکۆڵینەوەی سروشتی خەڵک، نیمچەکۆن بونێک نابێت. هەربەو بەڵگەیە هیچکەس ناتوانێت (ئێستاو بەوەخت بون) هزری ماکیاڤیلی رەتبکاتەوە؛ تا کاتێک کە سیاسەت، یەکەم مەسەلەی داگیرکردنی هزری خەڵک بێت، ناوی لە پەرستگای مێژوو تۆمار دەکرێت.

**سیاسەت لەسەردەمی رێنسانسدا**

**(دەبێت ماکیاڤیلی بە شایەتی نمونەیی سەردەمی رێنسانس دابنرێت.)**

**ئارنست کاسیرەر**

ئائێستا مێژووی مرۆڤایەتی جگە لەمێژووی هەوڵەکانی مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی خۆی و دنیایەکەی شتێکی دیکە نەبووە . سەردەمی رێنسانس لەو سەردەمانەدا پێگەی نایابی هەبووە، کە هاوکاری پێشکەوتنی مرۆڤیان کردووە بۆ ناسینی خۆی و دنیایەکەی.

ئەمڕۆش، هەرکاتێک پەڕی دەفتەری هزری ئەو رواداوە هەڵدەدەینەوە، خۆمان لەبەردەم شارستانیەکدا دەبینینەوە کە بە وتەی هیگڵ (بۆ یەکەمجار، مژدانەی گەڕانەوەی رۆژە خۆشەکانی دواى

تۆفانێکی دوروودرێژ، دەدات). لە راستیدا قەتیس بونی سەرچاوەی هێزی خەیاڵکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست وایکرد دەرگای نوێ لەبەردەم رۆحی هەڵوەدای مرۆڤی سەردەمی رێنسانس بکرێتەوە. ئیرادەی دۆزینەوەی سنووره نوێیەکان - نەک هەر لەدنیای زانست و هونەرەکان، بەڵکو هەروەها لە قەڵەمڕەوی جوگرافی وایکرد وێنای نوێ لە مرۆڤ، لە گۆی زەوی، لەدنیا دەربکەوێت. بەمەش دەکرێت هاوڕای ئەلێکساندەر کویری بین و بڵێین بنیادەم لە جیهانی سنووردار و داخراوی سەدەکانی ناوەڕاست پێی وەدەرنا تا هەنگاو باوێتە جیهانی بێبڕانەوەی رێنسانس.

لەساڵی 1543ی زایینی نیکۆلایۆس کۆپەرنیکۆس بە بڵاوکردنەوەی کتێبی: خولانەوەی هەسارەکانی ئاسمان (De Revolution bus Erbium Celestial) رای خۆی لەبارەی کەون دەردەبڕێت و رێگە بۆ کۆتایی هێنان بە بونناسی ئەرستۆیی دەکاتەوە. بەڵام لە راستیدا، دابڕانی مەعریفەناسی لەسیستەمی بیرکردنەوەیی ئەرستۆیی، دوای تاقیکردنەوەکەی گالیلۆ و بڵاوبوونەوەی تیرەکانی دەردەکەوێت. سەرەڕای دەبێت لەبیرمان بێت کە لەماوەدای زەمەنی نێوان کۆپەرنیکۆس و گالیلۆ، فەیلەسوفەکان، بیرمەندان و هونەرمەندانی تر، مەشخەڵی رێنسانسیان بە داگیرساوی هێشتۆتەوە و تەنانەت کەسانێکی وەک جیۆردانۆ برونۆ (کە لە 16ی شوباتی 1600ی زایینی بەهۆی رەتکردنەوەی تیۆرەکانی ئەرستۆ دەربارەی جیاوازی (جیهانی سەرەوە) لەگەڵ (جیهانی خوارەوە) و جەختکردنەوە لە کۆتایی نەهاتنی جیهان، لە شاری رۆم سوتێندرابو) گیانی خۆیان کردە قوربانی بیروڕاو هزرییان. بەڵام ئایا مردنی برونۆ لەناو گڕی ئاگرێک کە دەزگای پاپا بۆ سوتاندنی دایگرساندبو، تەنیا لەبەر جیهانبینی نوێیەکەی بوو؟ یان، بەوجۆرەی کە ئارنست کاسیرەر دەڵێت، هۆی کووشتنی ئەوەبو کە بەلەناوچونی (ئایدیالی سەربەخۆیی تاک و بژاردە) - کە دڵودەرروونی هەمو مرۆڤەکانی سەردەمی رێنسانسی دادەگیرساند - دوور فڕێ بدرێت؟

ماکیاڤیلی لەناو ئەوجۆرە کەسانەی سەردەمی رێنسانس دەدۆزینەوە، کە باوەڕی وایە (ئایدیالی سەربەخۆیی تاک و بژاردە) لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و دەسەڵاتی دەوڵەتدا رەنگدەداتەوە. ئەو پەیوەندییە نوێیە، ئەو دەرکەوتنە نوێیە لە وێنای سیاسەت (واتە سیاسەت لەجیاتی سەپاندنی ناپیرۆزی دەسـەڵات) سەرچاوە دەگرێت. بە دەربڕینێکی دیکە، دوای سەردەمی ماکیاڤیلییە کە مەسەلەی (دەسەڵاتی سیاسی خۆی لەخۆیدا) دەخرێتە روو، بێئەوەی زەرورەتی دەستوەردانی دەسەڵاتێکی دیکەی وەک دەسەڵاتی دەزگای پاپا - بۆ پشتگیری دەسەڵاتی سیاسی و پشتیوانی کردنی - پێویست بێت. پاش ئەوکاتە جودایی سیاسەت لە پیرۆزکردن دەبینین. بەمجۆرە، سیاسەت، جارێکی دیکە بۆ مرۆڤەکان دەگەڕێتەوە و سیستەمی مەسیحی دەسەڵات بەرەو دواوە دەبرێت. ئەو گۆڕانە ناوەوەیی و دنیای سیاسەت بەم شێوازە رەنگدەداتەوە کە سیاسەتکار کارەکەی لەپەیوەندی بە ئامانجێکی تایبەتی پاساودەدات، ئامانجێک کە لەسەربنەمای سیاسەت و نەک لەسەر بنەمای حەقیقی باڵاڕۆیی دیاری دەکرێت. بەم مانایە، سەرلەنوێ (لەدایکبونەوەی دووبارەی «Re – naissance» سیاسەت) لەبیرکردنەوەیی ماکیاڤیلیدا دەبینین؛ بیرکردنەوەیەکەی لەسەربنەمای پێویست بون بە سەربەخۆیی و خودموختاری تاکە و نەک لە پەیوەندی بە سەرچاوەی دەسەڵاتێک کە لە دەرەوەیەتی. ماکیاڤیلی پێویست بون بە سەربەخۆیی و خودموختاری تاک لە پرسیارێکی بنەمای سیاسەتدا دەخاتە روو. بەڵام مەسەلەی بنەمای سیاسەت، پەیوەندی بە مەسەلەی بیرکردنەوەیی سیاسییەوە هەیە. بەمەش، پەیوەندی سیاسەت بە بیرکردنەوەوە، وەک پەیوەندی نێوان (سیاسەتی بیرکردنەوە) و (بیرکردنەوەی سیاسی) رەنگدەداتەوە. بەدەستەواژەیەکی دیکە، دەبێت سنووری سیاسەت وەک بەرهەمێکی سەرچاوەگرتو لەبیرکردنەوەیی سیاسی دیاری بکرێت. بەڵام هەمو زەحمەتەکە لەوەدایە کە هەلومەرجی سەرهەڵدان و نەشونومای

بیرکردنەوەییەکی لەم چەشنە روونبکەینەوە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت بوترێت کە ماهیەتی ئەو بیرکردنەوەیە، سنووری تێگەیشتنی سادەی ئەزمونی سیاسی تێدەپەڕێت. بەڵام دەکرێت هەر لەو ئەزمونە سیاسیەشدا بنەماو لۆژیکێک بدۆزینەوە کە بیرکردنەوەیی سیاسی هەر سەردەمێک دێنێتەئارا.

لە سەردەمی رێنسانسدا، ئەو لۆژیکەی بەشێوەی بەردەوام و بەردی بناغەی شۆڕشی حەقیقی لە بنەماکانی بیرکردنەوەیی سیاسیدا، دەردەکەوێت، شۆڕشێک کە دوو شێوازی بیرکردنەوەیی سیاسی لێکجیادەکاتەوە: لەلایەک، شێوازی بیرکردنەوەیی سەدەکانی ناوەڕاست - کە دەبێت لە ئایدیالی یەکگرتنی ئایین و سیاسەت بۆ بنەماکەی بگەڕێت - واتە تێڕوانینی ئایینی بۆ دەسەڵاتی سیاسی پشت ئەستور بە یەکیەتی ئیمپراتۆری رۆم و کڵێسا؛ لەلاکەی دیکە، رۆحی رێنسانس - کە لە شکستی هزری سەدەکانی ناوەڕاست و هاتنەئارای (ئیمپراتۆریەتی مەسیحی) سەرچاوە دەگرێت و وادەکـات بونیادی ستراکتۆری کۆمەڵایەتی لەسەربنەمای باڵادەستی دەربکەوێت و رێگەی نوێکردنەوەی سیاسی روونـاک بکاتەوە. بەم شێوەیە پرۆسەی ئاڵوگۆڕو پێشکەوتنی تیۆری سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست بەخەیاڵی پێکهاتنی دەوڵەتی نوێ لە سەردەمی رێنسانس، دووجۆر تێڕوانینی مەسەلەی دەسەڵات دەردەخات. لەسەردەمی رێنسانس، هزری (کامڵبونی دەسەڵاتی نائایینی) جێگرەوەی واقعیەت (دەسەڵاتی دابەش بوو باڵادەستی ناتەواوو) ی سەدەکانی ناوەڕاست دەبێت. بە دیوێکی دیکەدا، دەسەڵاتی باڵادەست سەربە خۆیەتی، لەکاتێکدا کە لە کۆمەڵگای سەدەکانی ناوەڕاست، ئیمپراتۆر ناچارە لەبەردەم دەزگای پاپادا وەڵامی پرسیاری کارەکەی بداتەوە. لە پێگەی وێنای نوێی دەسەڵات لەسەردەمی رێنسانس، گۆڕانی چەمکی سەدەکانی ناوەڕاست (مرۆڤ) دایە. لە سەدەکانی ناوەڕاست، مرۆڤ، بە بونەوەرێک دادەنرێت کە نابێت جگە لە رزگارکردنی خۆی هیچ ئامانجێکی دیکەی هەبێت. لە کاتێکدا کە لەسەردەمی رێنسانس زیاتر لەهەرشتێکی دیکە

سەرنج لە ئەفرێنەری و بارهێنانی مرۆڤ دەدرێت. لە روانگەی بیرمەندانی سەردەمی رێنسانس، بنیادەم بونەوەرێکە ئازاد. مرۆڤی سەردەمی رێنسانس بیر لە ژیانی ئاخرەتی خۆی ناکاتەوە و بۆ ماهیەتی کۆمەڵایەتی - مێژوویی خۆی دەگەڕێتەوە. بەمەش، یەکەم بیرکردنەوەی بەدەستهێنانی کارە وەک هۆکاری مێژوو، خودموختاری و سەربەخۆیی. گەڕانەوەی ئابڕو بۆ بنیادەم و گۆڕانی بۆ هۆکاری مێژوو، دەرەنجامی رزگاربونی مرۆڤە لەکۆتی کۆیلەتی کە جیهانبینی سەدەکانی ناوەڕاست لەملی کردبو. دەکرێت رەنگدانەوەی ئەوجۆرە وێنایە لەبارەی مرۆڤ لە بەرهەمە هونەریەکانی سەردەمی رێنسانسیشدا ببینی. لەهونەری ئەوسەردەمەدا، گەڕان بۆ پیشاندانی جوانی مرۆڤ و رێزگرتنی دیارە.

لەم سەردەمی جوانیەدا پێش هەرشتێک، واتە جوانی مرۆڤ و ئامانجی هونەر بریتییە لە شایەتی و پێچەوانە کردنەوەی جوانی پەیکەری بنیادەم. هەربۆیە رۆحیەی مرۆڤخوازی لەبەرهەمە هونەریەکانی سەردەمی رێنسانس بە چەشنێک زیندوو بەهێزە، دەکرێت رەنگدانەوەی لەزۆربەی ئەو شاکارانە بدۆزیەوە کە تەلارسازان، پەیکەرسازان و شێوەکارانی ئەو سەردەمە دایانهێناوە. مرۆڤی سەردەمی رێنسانس هەوڵدەدای ئاشکراکردنی بارودۆخی خۆی لە بەرامبەر جیهان، رەنگدانەوەی هونەری خۆیشی دەئەفرێنێت. هەروەها دەبێت بوترێت کە هێزو گەورەیی واتایەک ئەنجامی تێگەیشتنی نوێیە کە مایکل ئەنجیلۆو دۆناتیلۆ دەدەینە پەیکەری بتی خۆیان، هەریەک لەم دووانە - وەک هاوسەردەمان ی خۆیان - دەربارەی چەمکی جوانی و پێگەو رێگەی لە ژیانی هونەری خۆیدا هەیەتی. لە راستیدا جوان ناسی سەردەمی رێنسانس بە لەدەستچونی دەروی سەدەکانی ناوەڕاستییان لەبەرامبەر کڵێسایەک - کە بەرزترین جیلوەی هونەریان لە رواڵەتیدا دەدی - ئازادی و بژاردەی نوێ دەداتە هونەر. بەمجۆرە، هونەر پلەوپایەی (هۆکار) ی نامێنێت و لایەنی (ئامانج) دەدۆزێتەوە. بەڵام هونەرمەندانی سەردەمی

ڕێنسانس، هەرچەند لە کەشی قورس، بەڵام پیرۆزی هونەری سەردەمی گۆتیک رزگاریان ببو، هێشتا دەیانبینی کە لەجوانیەکانی پەڕوباڵ سوکی سەردەمیان، گۆشەگیری و خۆپارێزی دیارە. بەمەش هونەرمەندی گەورەی وەک رەفائێل: (جوانی لەئاستی خۆیدا، بە رەنگدەرەوەی گۆشەگیری و خۆپارێزی) دەزانێت. واقیعبینی سۆزداری و رۆح و گیانێک کە شێوەکاری ڕێنسانس دەیداتە کەسایەتیەکانی تەورات، ئاسۆی نوێ لەبەرامبەر چاوەکانی تەماشاچی ئایینی ئەوکاتە دەکاتەوە. باشترین نمونەی ئەو دورنمایانە دەکرێت لەدوو تابلۆی قامچی لێدانی مەسیحی بەرهەمی پیترۆ دولافرانچسکا و گیانەلا لە باخی زەیتونی بەرهەمی جیوڤانی بلینی ببینی. هەردوو تابلۆکە، ئەو وتارەی لیۆناردۆ داڤنشی لە یادەوەریەکاندا زیندو دەکاتەوە کە (شێوەکاری، شیعری بینراوە ). رێسانس پەیکەری بنیادەمی بەشێوەی رەنگدانەوەی شیعری بینراو دەدی. گرنگیدان بەپەیکەری بنیادەم لەسەردەمی ڕێنسانس، ئەنجامی بێ ئاگایی سەدەکانی ناوەڕاست بو لەم کارە. تابلۆی خەوی ڤینۆس بەرهەمی تی سی ین و پەیکەری داودی مایکل ئەنجیلۆ، هەردوو نمونەی ئەو بەهایانەیە کە لەسەردەمی ڕێنسانس دراوەتە پەیکەری بنیادەم و لەو سەردەمەیە کە هەماهەنگی و کەماڵی پەیکەری مرۆڤ لەبەرهەمەکان و شاکارەکانی هونەریدا رەنگدەداتەوە. بۆیە، خەیاڵی گەڕانەوە بۆ سەردەمی کۆنی یۆنان و رۆمیش سەرچاوە لە هەمان مەیل دەگرێت، چونکە بەرهەمی هونەری بە جێماوی ئەو سەردەمە، بە نمونەی راستەقینەی هەماهەنگی و کەماڵ دادەنرێن. لە راستیدا، سەردەمی کۆنی یۆنانی و رۆم، دەبێتە بناغەو بنچینەی رەنگدانەوەی رۆحی ڕێنسانس. ئەو گەڕانەوەیە بۆ رابردو، نیشانەی هەوڵوکۆششێکە کە نوێگەران بۆ رزگاربون لە کۆتەکانی سەدەکانی ناوەڕاست ئەنجامی دەدەن. بەمەش ڕێنسانس لەجیاتی لەدایکبونەوەی دووبارەی سەردەمی کۆن، لە دامێنی سەردەمی نوێ، لەبری سەرهەڵدانی رابردو لەئێستادا، دەری دەخات. بیرۆکەی بونیادنانی نوێ لەسەر ستوونی

کۆن دەکرێت لە پرۆسەی پێکهاتنی چەمکی (بەردەوامی)یش بیدۆزیەوە. هەر لەبەر ئەوەیە کە ئەو چەمکە، بۆ ئەوەری ناوەندی شێوەی بیرکردنەوەیی زاڵ، دەگۆڕێت. لە راستیدا، گۆڕینی ئەلگۆی کۆن بۆ سیستەمی نوێ تەنها لەدەرەنجامی (پێکهاتەی جارێکی تری رابردو لەسەربنچینەی ئێستا) لە روانگەکانی رادەمێنێتەوە. بەقسەیەکی دیکە، (رابردو) شتێک نییە جگە لە (لایەنێک لەئێستا). (ئێستا) بریتییە لە (ئەوەی ئێستا هەیە) لە کاتێک دا کە (رابردو) بارودۆخێکە (دەرکەوتووە و گۆڕاوە). لەو روانگەیەوە دەکرێت چەمکی (دابڕان) بە تایبەتمەندی سەردەمی رێنسانس دابنرێت. ئەو پچڕانە، دنیای رێنسانس لەدنیای پێشتری جیادەکاتەوە؛ چونکە هاتنەئارای هەر دنیایەک، پێویستی بەکۆتایی هاتنی دنیای پێشویەتی. تایبەتمەندی دنیای رێنسانس ئەوەیە کە دنیای سەدەکانی ناوەڕاست، بەهەمو نەریتەکانی، فڕێ دەدات. بەڵام بەوشێوەیەی وتمان، ئەو (نوێ)یە رەهەندی دیکەشی هەیە، رەهەندێک کە بریتییە لەبیرکردنەوەیی دووبارەی بەهاکانی نەریتی یۆنانی – رۆمی هەمەلایەنەی دەستکەوتی سەدەکانی ناوەڕاست. هەربۆیە دەبێت بوترێت کە مەسەلەی سەرەکی بیرکردنەوەیی رێنسانس بە دوو کار دەربارەی رابردو، پێکدێت. یەکەم کار، هەمان فڕێدانی جیهانبینی سەدەکانی ناوەڕاستە، لەکاتێکدا کە کاری دووەم بریتییە لە بونی مەیل و عیشقی زۆر بۆ دنیای کۆن، لاساییکردنەوەی لەجیاتی (بنەماو بنچینەیی) ەک. دەکرێت بەکارهێنانی ئەو بنەمایە لەهەمو ئاستەکانی ژیانی هزری و هونەری سەردەمی رێنسانس ببینی. بیربهێنینەوە کە (لورنتسۆدمدیچی لە فلۆرانس، ساڵانە، ئاهەنگی بۆ رۆژی لەدایکبونی ئەفلاتون دەگێڕا، دانتی بۆ پیشاندانی دۆزەخ وێرژیلیۆسی وەک رێنمایی هەڵبژاردبو؛ ئاراسمۆس، سیسرۆی بە قەدیسێک دادەنا). راکێشانی رێنسانس بەرە و دنیای کۆن، بە بەدەرنانی هزرەکانی سەدەکانی ناوەڕاست، بەهێزتر دەبێت. تەنانەت دەکرێت بوترێت کە رێنسانس بە پەرستنی دنیای کۆن راگەیشت تاخۆی

بەهەر نرخێک بێت لە زنجیری سەدەکانی ناوەڕاست رزگار بکات.

دەکرێت لەوەی سەرەوە وتمان ئەنجامگیری بکەین کە رێنسانس دوو تایبەتمەندی جیاوازی لێکدژن. لەسەردەمی رێنسانس، دەکرێت هەم ئیرادە و ئارەزوی درێژەدان بە نەریتی کۆن و هەم دەرپەڕاندنی رەهەندەکانی سیاسی - کەلتوری (نەریتی ئۆگستینخوازی) لەقەڵەمڕەوی بیرکردنەوەیدا ببینی؛ رەنگە بتوانی بڵێی بەگومانی خەڵک رێنسانس بەشێوەی کۆکردنەوەی ئەو دوو ئـارەزووە دەردەکـەوێـت. کەوایە دەکرێت بوترێت کە لەو سەردەمەدا (بەردەوامی دابڕان) هەیە و نەک (دابڕانی بەردەوام). چونکە بە دابڕانی زنجیرەکانی پەیوەندی بە شێوازی بیرکردنەوەیی سەدەکانی ناوەڕاستە کە بواری پێویست بۆ دەرکەوتنی (بەردەوامی دان بە هزرەکان و نەریتەکانی سەردەمی کۆن) دەڕەخسێت. بە دەربڕینێکی دیکە، دەبێت لەهەلومەرجی پێویست بۆ هزری (بەردەوامی) لەپەیدابونی هزری (دابڕان) بگەڕێی. بەمەش، گەڕانەوەی رێنسانس بۆ رابردو، دەرەنجامێکە لە دابڕان لە رابردوویەکی دیکە (واتە سەدەکانی ناوەڕاست). ئەوکارە، واتە بەهادان بەجۆرێک (رابـردو) جیلوەی راستەوخۆیە لەجۆری هەڵبژاردنی رابردو، هەڵبژاردنی رابردویەکی دیاریکراو لەناو رابردووە جیاجیاکان، هەڵبژاردنێک کە چارەنووسسازە. هەمو (نوێیەکی) رێنسانس لە هەڵبژاردنی رابردووە، رابردویەک وەک (رێنمایی ئێستا). تایبەتمەندی بنچینەیی بیرکردنەوەیی رێنسانسی، وەک بە کاربردنی ئەزمونی رابردووە بۆ باشتر ئیدارەدانی (کاری ئێستا).

ئەو شێوازەی بیرکردنەوەی، لەکاتی سەرنجی ماکیاڤیلی بۆ مێژووی سەردەمی کۆن، کاریگەری بەسەر هزری سیاسییەوەی دەبێت و هەمو نمونەکانی لە نووسین و وتارەکانی مێژوو نووسانی سەردەمی کۆن وەردەگرێت کە لە رونکردنەوەی هزرەکانی خۆیدا دەیانهێنێتەوە؛ لەوانە بەرهەمەکانی پۆلیپۆس، سیسرۆ و تیتۆس لیۆیۆس شوێنی دیاری کراوو نایابیان هەیە،

چونکە ماکیاڤیلی لە دوو مێژوونووسی یەکەم تیۆری پەیوەند بە (خولاوەیی روداوە سیاسیەکان) وەردەگرێت. ئەو تیۆرە لە بەشی دووەمی کتێبی یەکەم وتارمان دەری دەبڕێت و دەڵێت: (چارەنووسی هەمو وڵاتانە کە قۆناغێکی لەم چەشنە ببڕن. راستە دەتوانی کەمتر دەوڵەتێک ببینی کە لەژیانیدا، بۆ شێوەی یەکەمی خۆی بگەڕێتەوە. لەبنەڕەتڕا تەمەنی وڵاتان بەو رادەیە درێژ نییە کە لەماوەیدا بتوانن چەندینجار گۆڕانی خولاو تێپەڕێنن. گیرۆدەی نەخۆشی جۆراوجۆر دەبن و ئەو نەخۆشیانە شەکەتییان دەکات، وردە وردە هێز و ئەقڵییان لێوەردەگرێتەوە و وادەکات تا ماوەیەکی کەم، بچنەژێر نیری کۆیلەیی دەوڵەتی هاوسێ کە بونیادو ستراکتۆری ساغترە. بەڵام ئەگەر ئەو حکومەتانە بتوانن خۆ لەو مەترسییە بپارێزن، دەبینین کە تابڵێی لەهەمان قۆناغی گۆڕاندا دەمێننەوە).

ماکیاڤیلی بەم هۆیە تیۆری (خولانەوەی هەمیشەیی) بەکار دەبات کە (واقعیەتی دەوڵەت) لە دژایەتی ئایدیالی گۆشەگیرانەی ئەخلاقی مەسیحی دایە. بەو رێگایە، تەوەری باسی سیاسی پەیوەند بە مەسەلەی رزگاری رۆحی مرۆڤایەتی (بەوجۆرەی کە لە تیۆری سیاسی - ئایینی هاوسەردەمی ئاراسمۆس و یان بەشێوەی شاراوەتر لە ئۆتۆپیزمی مرۆدۆستانەی تۆماس مۆر دەبینرێت) بەرە و هزری پەیڕەوی تاک لە دەوڵەت کێشی دەکات. بە رای ماکیاڤیلی، دەکرێت هەرجۆرە ئەخلاقێک لەبیرکردنەوەیی سیاسی رەنگبداتەوە، چونکە بـاوەڕی وەهایە دەبێت پێشینە بدرێتە رێسای کۆمەڵایەتی. باوەڕی بە ئایدیالی دانتی نییە، کە دوای رێککەوتنی پتر قەدیس و سزار بو؛ پێیوایە (بەرژەوەندی دەوڵـەت ) لەپلەی یەکەمی گرنگیەتی دایە. چونکە دوای دۆزینەوەی هەلومەرجەکانی بەردەوامی ژیانی دەوڵەت پێ لەسەر پێویستی جێبەجێکردنی سیاسەتێکی واقیع بین دادەگرێت و بیرمان دەخاتەوە کە دەوڵەت دەبێت لە بەرژەوەندی خۆی کۆتایی بە قومارێک بێنێت، کە لەسەر (هاوسەنگی کۆمەڵایەتی) نێوان حکومەتکاران

و حکومەت بەسەرداکراوان لە گۆڕێیە. بەمەش ئەوە پرسیارەکەیە کە ماکیاڤیلی دەیەوێت وەڵامی بداتەوە: چۆن و بەکام ڕێگا دەبێت کۆمەڵگا ڕێکبخاتەوە؟ هەربەو مەبەسنە هەوڵدەدات بە لێکۆڵینەوەی ئەلگۆی سیاسی دەوڵەتانی سەردەمی کۆن، بەرنامەیەک بۆ ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگا، پشت ئەستور بەبنەمای حکومەتی کۆماری پێشنیازیکرد؛ چونکە (ماکیاڤیلی پێیوابو سەرەنجام ئایدیالی هێنانەئارای کۆمارێکی سەقامگیر دێنەدی).

قۆناغێک سێ سەدە و نیوی مێژووی ڕۆم لەخۆ دەگرێت، کە ماکیاڤیلی بۆمان دەگێڕێتەوە. ئەو قۆناغە، بە هاتنە ئارای تریبونا (ئەنجومەنی شورایی بۆ لێکۆڵینەوە لە پێشنیازی یاسایی) لە ڕۆمی ساڵی 493ی پێش زایین (واتە 17 ساڵ دوای روخانی تەونی دوا پاشای ڕۆم لە ساڵی 510 بە دامەزراندنی ئیمپراتۆری ڕۆم و نەمانی دەوڵەت شار کۆتایی دەبێت. قۆناغێکە کە ڕۆم تێیدا لە دەریای ناوەڕاست پێگەی زاڵ دەدۆزێتەوە و لە روانگەی سیاسی و ئیداری دەوڵەمەندتر دەبێت. بەڵام ئەوەی بە راستی لەو قۆناغەی مێژووی ڕۆم سەرنج و کونجوکۆڵی ماکیاڤیلی رادەکێشێت، ئەزمونی سیاسییە کە توانای دەرکەوتن و پتەوکردنی کۆماری لە ڕۆما دێنێتەئارا. بەقوڵی و ورد لەکتێبی وتارەکان لەو ئەزمونە سیاسییە دەکۆڵێتەوە. ئامانجی لە لێکۆڵینەوەی شێوازی کاری دەوڵەتمەردان و دامەزراوەکانی کۆماری ڕۆم و دەرەنجامێک کە ڕای هاوسەردەمانی خۆی بۆ چارەنووسی کۆماری فلۆرانس کێشدەکات، (ئەوکارە پێویست دەکات کە ماکیاڤیلی بەردەوام لە دەوری کۆماری ڕۆم بە دەوری کۆماری فلۆرانس رابگات و هەمیشە خەیاڵی لەنێوان دوو جەمسەری (سەردەمی کۆن) و (سەردەمی نوێ) دێت و دەچێت). تاکە پرسیارێک کە ماکیاڤیلی هەوڵدەدات، لەسەر بنچینەی بیرکردنەوەکانی لەمەڕ کۆماری ڕۆم وەڵامی بداتەوە، مەسەلەیەکە کە لەکتێبی میر لەبارەی لۆژیکی دەسەڵات دەیخاتە روو.

ماکیاڤیلی، بە بابەتێکی ناوەندی بڕیاردانی سیاسی واتە کەشوهەوای

پێویست بۆ داگیرکردن و پاراستنی دەسەڵات ڕێنماییمان دەکات، کە لەکتێبی میر دەیهێنێتەوە. هەربۆیە دەکرێت ئەو کتێبە زیاتر وەک کتێبێک لەبارەی هونەری سەرکەوتن لەسیاسەت دابنێی تا کتێبێک لەمەڕ چۆنیەتی هونەری سیاسەت، چونکە هەرجۆرە سەرکەوتنێک لە هونەری سیاسەت و بە دەربڕینێکی دیکە هەرجۆرە سەرکەوتنێک کە بۆ هێنانەئارای دەزگای سیاسی بەدەست بێت بە ناچاری ئەنجامی هەنگاونانێکە کە بۆ بە دەستهێنانی دەسەڵات ئەنجام دەدرێت. بە باوەڕی ماکیاڤیلی، هاتنەدی واقعیەتی دەوڵەت، سەرکەوتن لەهاتنەئارای دەزگای سیاسی پیشاندەدات. کەوایە هاتنەئارای دەوڵەت، ئەنجامێکی چالاکی سیاسییە کە ئامانجی بەدەستهێنانی دەسەڵات و پاراستنیەتی. بەدەستەواژەیەکی دیکە، ئامانجی سیاسەت بەدەستهێنان و پاراستنی دەوڵەتە، چونکە سیاسەتدانەر بەسوود وەرگرتن لەو دەزگایانە دەتوانێت دەسەڵات بسەپێنێت؛ مەرجی بەردەوامی سەپاندنی دەسەڵات لەلایەن سیاسەتدانەر ئەوەیە کە دەوڵەت هاوسەنگی نێوان خۆی و خەڵک رابگرێت. سەقامگیریی و بوژانەوەی دەوڵەت، پێداویستی بونی ئاسایش و ڕەخساندنی رسق و رۆزیی زۆرە. بەمەش سیاسەتدانەر (دەبێت مێتۆدێکی وەها بگرێتەبەر کە میراتی هەمیشەو لەهەمو بارودۆخێکدا پشتییان بەو و دەوڵەت گەرم بێت و ئەوکاتە بەردەوام بۆی وەفادار دەبن.) وەفاداری میللەت، هەلومەرجێکی پاراستنی دەوڵەتە. مەرجی دیکە، دەسەڵاتی بڕیاردان و بوێری سیاسەتدانەر لەبەرامبەر مەسەلەو ئەو ڕوداوانەیە کە هەڕەشە لەمانەوەی دەوڵەت دەکەن. کەوایە بە سیاسەت دانەرە کە بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی پێویست بۆ پاراستنی سیستەمی سیاسی، ڕێنەدات خەڵک رقی لێدابگرێت و لێی بێزاربێت. (دەبێت، دەستی لاواندنەوە بەسەری خەڵکدا بێنێت و هەم هیچ دەم ڕێنەدات کات و دۆخێک بێنەئارا کە خەڵک بکەونە سەر ئەو دووڕیانەی کە: یان مل بۆ مردن بدەن، یان دەوڵەت بڕوخێنن). ئەوە پەندێکە ماکیاڤیلی لە ئەزمونی

سیاسی – ئایینی کەشیشی فلۆرانسی بەناوی فراجیرولاموساڤونارولا وەری دەگرێت. ئەو کەشیشە لە پەیڕەوانی تاقمی دۆمینیکین بو کە بە قۆستنەوەی هەلێک بەهۆی لەشکرکێشی شارلی هەشتەم و هەلاتنی پی یەرۆی دووەم (لە بنەماڵەی مدیچی) لە ساڵی 1494 ی زایینی دەرکەوت و لە فلۆرانس دەسەلاتی گرتەدەست و (کۆماری عیسای) بە هاوکاری خەڵکی ئەوشارە دامەزراند، بەڵام رێککەوتنی لەگەڵ فەرەنسییەکان و بڕینی پەیوەندی بە پاپا بووە هۆی کووژرانی، چونکە بەپاشەکشەی سوپای فەرەنسی لە ساڵی 1497 و هاتنە سەرکاری پاپا ئەلێکساندەری شەشەم ساڤۆنارولا بووە (پێغەمبەری بێ چەک). دوای دەرکردنی بڕیاری تەکفیریەکەی لەلایەن پاپا لە 9ی ئازاری ساڵی 1498 خەڵکی فلۆرانس پشتییان تێکرد و سەرەنجام لە 24ی مانگی ئایاری 1498 بە زیندویی سوتێندرا.

ماکیاڤیلی لەکاتی حوکمدرانی ساڤۆنارولا، 29 ساڵ بوو لە 18ی حوزەیرانی 1498 بۆ پۆستی دیوانی دووەمی کۆماری فلۆرانس دانرابو. گێڕانەوەی ماکیاڤیلی دەربارەی ساڤۆنارولا دەکرێت لەنامەیەکی بەناوبانگی بۆ ریکاردۆ بچی باڵوێزی فلۆرانس لە دەرباری پاپا – بدۆزیەوە، کە لە 8ی ئازاری 1498 نوسیوویەتی. لەو نامەیەدا، راپۆرتێکی تەواووی هزر و ئامۆژگاریەکانی ئەو کەشیشە بەدەستەوە دەدات. بەڵام ماکیاڤیلی لە کتێبی میر ئەو وانانە دەردەبڕێت کە لەو روداوە پەندی لێوەرگرتووە. دەنووسێت: (بەوشێوەیەی لەسەردەمی خۆم چارەنووسی فراجیرۆلامۆ ساڤۆنارولام دیتووە کە چۆن باوەڕی خەڵک پێی لاوازبو، ئەو و سستمە نوێیەکەی چۆن رووخان، نە هۆکارێکی بۆ بە نەگۆڕی هێشتنەوەی باوەڕ پێبوانی خۆی هەبو، نە رێیەکی بۆ باوەڕدارکردنی بێ باوەڕانی هەبو... لەم رووەوەیە کە هەمو پێغەمبەران شەڕڤانی سەرکەوتو بوون و پەیامبەرانی بێچەک بەزیوو).

ماکیاڤیلی بە رێزێکی زۆرەوە، باسی ئەو (پێغەمبەرە بێچەکە) واتە ساڤۆنارولا دەکات و لەکتێبی وتارەکاندا دەڵێت: (ئەو – بێ ئەوەی

که کاری نائاسایی بکات – توانی کەسانێکی زۆر بکاتە هاوڕای خۆی).
بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ماکیاڤیلی هەم باسی زیرەکی ئەو کەشیشە دەکات و هەم دەربارەی پێگەخوازیەکەی – گفتوگۆ دەکات، کە کاریگەری بەسەر چارەنووسییەوە هەبوو متمانەی لای خەڵک نەهێشت). بێمتمانە بونی ساڤۆنارولا بەهۆی هەڵەکانی بوو: بەم مانایە کە ئەو یاسایەی خستە ژێرپێ کە بۆخۆی دای نابوو هەمانکار وایکرد متمانەی خۆی لەدەست بدات.
ماکیاڤیلی بەم چەشنە ئەو روداوە ئەنجامگیری دەکات کە نابێت هیچ بنیاتنەر و سیاسەتدانەرێک یاسایەک بشکێنێت کە بۆخۆی دای ناوە، چونکە بەشکانی، وادە و بەڵێنێک دەشکێت کە بە خەڵکی داوە، پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵک لە دەست دەدات و دژی خۆی رق و قینەیان دەورووژێنێت. خاڵێکی دیکە ئەوەیە کە (بۆ بەختەوەری حکومەتی کۆماری یان میر، تەنها ئەوەندە بەس نییە کە بڕیار یان پاشایەک بەدرێژایی تەمەنی سیاسی خۆی، زانایانە حکومەت بەسەر خەڵکدا بکات، بەڵکو پێویستە یاسایەک دابنێت کە تا دوای مردنیشی دەوڵەتێک بەردەوام بێت کە بناغەدانەریەتی).

بەمەش، دەکرێت بوترێت هێزی هەر دەوڵەتێک پەیوەندی بە یاسایەکەوە هەیە کە دای دەنێت. دەوڵەتێک دروست بنیات بنرێت دەوڵەتێکە کە دەستوورێکی راست و درووستی هەبێت. سەقامگیری هەر دەوڵەتێک و ئاسایشی خەڵک بە پێچەوانەی شوێنەواری وێرانکەری گەندەڵی و دیکتاتۆری – پەیوەندی بەجێبەجێکردنی ئەو یاسایەوە هەیە. بە دەربڕینێکی دیکە، زەرورەتی مانەوە و بەردەوامی دەوڵەت، مەسەلەی هێنانەدی وادە و پەیمانێکی نێوان حکومەتکاران و حکومەت بەسەرداکراوان دەخاتە روو. بەڵام دەبێت ئەو خاڵەشی بخرێتەسەر کە جێبەجێکردنی یاساکان، تاکە هۆکاری بەردەوامی دەوڵەت نییە، بەڵکو پەیوەندی بەهێزی سەربازیەکەیەوە هەیە. (سوپای تەیار، پتەوترین پشتیوانی دەوڵەتانن و بەبێ ئەمان نەدەکرێت یاساکان لەسەربنەمای عەقڵ بێت و نەدامەزراوەیەکی

بەکەڵک). هەربۆیە شارەزایی لەهونەری سیاسەت، بەبێ شارەزایی لەهونەری شەڕ، بێمانایەو پیاوی سیاسی کەسێکە پیاوی شەڕیش بێت. بە باوەڕی ماکیاڤیلی، دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی سەربازی دەسەلاتێکی بێوێنە پێکدەهێنن. (کەوایە لەسەر میرە هیچ ئامانجێکی لەپێش و هیچ هزرێکی لەسەردا نەبێت، مەگەر شەڕ و رێکخستن و رێساکەی، جگە لەم بارەیەوە هیچ شتێکی دیکە نەخوێنێتەوە). ئەو قسەیە وادەگەیەنێت کە کاری سیاسەت و کاری شەڕ، دوولای واقعیەتێکن و ئەو واقعیەتە، هەمان دەسەڵاتی دەوڵەتە. دەبێت هەر دەوڵەتێک ستراتیژیەکی سەربازی هەبێت، بەهەمانجۆر کە هەر هەنگاوێکی شەڕ، بەهۆی بونی ستراتیژیەکی سیاسی دێتەدی. شەڕ، دیاردەیەکی سیاسی و سیاسەت شێوەیەکە لەشەڕ. بەمەش هەرلێکۆڵینەوەیەک پێویستی بەبیرکردنەوەشە لەشەڕ، کە دەربارەی هەلومەرجی دامەزراندنی دامەزراوەیەکی سیاسی ئەنجام دەدرێت. گفتوگۆ لەمەڕ شەڕ، تەنها لە رێگای لێکۆڵینەوە لە سیاسەت شیاوە. هونەری سیاسەت لەپێشەوەی هونەری شەڕە.

**خۆشەویستی بۆ سیاسەت**
**(هەمو سیاسەتێک لە دەرەوەی واقعیەت بێ بەهایە)**

**شارڵ دۆگڵ**

ساڵی 1513یەو ماکیاڤیلی - نووسینی کتێبی میری لەماڵەکەی لە سان کاچیانۆ تەواوو کردووە. دوای 14 ساڵ خزمەتی راستگۆیانە بە کۆماری فلۆرانس لە 7ی تشرینی دووەمی 1512، لە کارەکەی لابراو خانەنشین بو. لە 18ی حوزەیرانی 1498 لەتەمەنی 29 ساڵی خزمەتەکەی، وەک سەرۆکی دیوانی دووەمی کۆماری فلۆرانس دەست پێکرد. ماکیاڤیلی لەماوەی خزمەتیدا تاکە ئامانجێکی هەبو: خزمەتکردنی کۆماری. لەجێبەجێکردنی ئەو مەبەستە

پیشانیدا کە بەڕێوەبەرێکی زیرەکەو پیاوێکە شایانی متمانە. بە سەرنجدان بە بوێری و زیرەکیەکەی لەساتە سەختەکان، دەکرێت بوترێت نمونەی بەرزی پیاوێکی سیاسییە. لەچالاکی گەمارۆدانی شاری پیزا بەشداربوو بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەرکی سیاسی چوارجار بۆ دەرباری لویی دوازدەی پاشای فەرەنسا، دووجار بۆ دەرباری ماکسیمیلیان بۆ ئەڵمانیاو دووجار بۆ لۆکرس بورجا نێردرا. لەساڵی 1503 بۆ بەشداری لە ڕێوڕەسمی بە خاکسپاردنی پاپا پی سێیەم و هەڵبژاردنی پاپای نوێ، بۆ ڕۆم داوەت کرا. کورتوکرمانجی ماکیاڤیلی وەک سیاسەتکاری بە ئەزمون ناسرابو تا کۆتایی ژیانی ئیداری، بە وەفاداری بەڵێنەکانی بۆ کۆماری فلۆرانس مایەوە و بەهۆی ئەو وەفادارییە خانەنشینی و زیندان و ئەشکەنجە و دوورخستنەوەی بەگیان کڕی. بەڵام سێ هەفتە کە کەوتە زیندان و ئەو ئەشکەنجەیە لەچاو دەرکردنی لە دنیای سیاسەت، کەمتر زیانی پێگەیاند.

ماکیاڤیلی، لەنامەیەکدا لە 13ی ئازاری 1513 بۆ فرانچیسکۆ ڤیتۆری دەنوسێت، باسی بوێری خۆی دەکات لەربەرامبەر ئەو بەڵایانەو گاڵتەی بەئەشکەنجەدان دێت. دەنووسێت: (بەبوێریەکەوە بەرگەی ئەشکەنجەم گرت کە دەبێت ئافەرین لەخۆم بکەم و پێدەچێت زیاد لەوەی گومانم دەکرد بەهادارم). بەڵام ئەویش، لەنامەیەکی دیکەیدا کە لە 10ی کانونی یەکەمی هەمان ساڵ بۆ هەمانکەس دەنووسێت، ئەوپەڕی دڵتەنگی خۆی بەدوورکەوتنەوە لە دنیای سیاسەت دەردەبڕێت و دەڵێت: (هەستدەکەم تەمەنم بە زایە دەچێت. ژیان ئاوەها ناچێتە سەر؛ چونکە سەرەنجام تووشی دەستکورتی و بێزار بم. بێجگە لەمانە زۆرم پێخۆشە مدیچیەکان بڕیاربدەن و بەردەکەم پێ خلۆربکەنەوە. پاشان، ئەگەر نەمتوانی سەرنجیان رابکێشمەوە، تەنیا خۆم بە بەرپرس دەزانم... و دەبێت هەموکەس لە گیان و دڵی بخوازێت پیاوێک بەو هەمو ئەزمونە - ئەزمونێک کە بۆ ئەوکەسە هیچی تێناچێت - ئەرکی خۆی پێبسپێرێت. نابێت کەمترین گومان لە راستگۆییم

هەبێت. بەردەوام وەفاداربوم و ئێستاش بەپێچەوانەوەی ئەو شێوازە، پەنجە لەئاو نانێم؛ کەسێک کە هەمیشە لە خزمەتکردن وەفاداربووە، لە 43 ساڵی – کە تەمەنمە – ناتوانێت سروشتی خۆی بگۆڕێت. بێجگە لەمە، هەژاریم شایەتێکە بۆ سەلماندنی قسەکانەم).

لەم وتەیەدا دەبینین ماکیاڤیلی تاچەند لەسوێی دۆزینەوەی چالاکییە سیاسییەکانیدا دەسوتێت و هیواداره کە مدیچیەکان رایان لەبارەیەوە بگۆڕن. بەڵام زۆر بەو هیوایەوە ژیا، بۆئەوەی بەرگەی رۆژگار بگرێت، هەموکاتی خۆی بە نووسین و خوێندنەوە بەسەر دەبـرد. دەکرێت لەوکتێبانەی هۆگریان بو بەرهەمەکانی دانتی، پترارک، تیبۆل و ئۆرید بدۆزیەوە. رۆژانی لەدارستانەکان یان بە خوێندنەوەی ئەوکتێبانە دەگوزەرێنێت و شەوانە، کاتێک کە دەگەڕێتەوە ماڵ، جلوبەرگی شیک دەکاتە بەرو خۆی بۆ سەردانی هاوڕێکانی ئامادە دەکات و یان لە هزری بیرتیژان و بیرمەندانی گەورەی سەردەمی کۆن دەکۆڵێتەوە. لەم بارەیەوە دەنووسێت: (بە رووی کراوەوە قبوڵم دەکەن و لەو خوانچانە بەهرەمەند دەبم کە رەخساندوویانە – خوانچەیەک کە چێژم پێدەبەخشن و بۆ سوود وەرگرتن لێیان لە دایکبوم –. لە هەڤپەیڤینیان و لە پرسینی پاڵنەرو هەنگاوییان، هەرگیز هەست بە شەرم ناکەم و لە رووی مرۆدۆستانە، وەڵامم دەدەنەوە. بۆ ماوەی 4 سەعات هەست بە یەکنۆز تەمبەڵی ناکەم و هەمو نیگەرانیەکانم فەرامۆش دەکەم، نە دەستکورتیم لە خەیاڵەو نە باکم بەمردنە. بەوشێوەیەی کە دانتی دەڵێت، ئەگەر ئەوەی تێی گەیشتووین بەمێشکمانی نەسپێرین، زانستێک نابێت. لە هەڤپەیڤینیاندا، ئەوەم یاداشت کردووە بە بنچینەم زانیووە و کتێبێک بەناوی حکومەتەکانی میرم نوسیووە. لەم کتێبە دا، بەوپەڕی توانام رۆچومەتە ئەو مەسەلانەوە کە لەم مەیدانەدا دەخرێتە روو «وەک: دەسەڵاتدارێتی چییە؟ چەند جۆرە؟ چۆن دەکرێت بەدەست بهێنرێت؟ چۆن دەپارێزرێت؟ چۆن لە دەست دەچێت؟»).

دەبێت ئەونامەیە بەوتارێکی راسنگۆیانەی نووسەر لەبارەی سەردەمی پێکهاتنی بەرهەمەکانی دابنێیت؛ چونکە چەندمانێگ دوای نووسینیەتی کە ماکیاڤیلی، ئەوە دەنووسێت، کە لەماوەی 14 ساڵ چالاکی دنیای سیاسەت فێری بووە. بەڵام پەلەکردنی بۆئەوەی کە کتێبی میر لە کورتترین ماوە بنووسێت، لەبڵاوکردنەوەی کاریگەر نەبو؛ چونکە ئەو کتێبە، لەساڵی 1532 – واتە 5 ساڵ دوای مردنی ماکیاڤیلی – بۆ یەکەمجار بڵاوبۆوە. هەروەها، دواوی لە ڤیتۆری، بۆئەوەی ئابڕوی سیاسی بگەڕێتەوە و جارێکی دیکە بۆ خزمەتکردن لە دەزگای ئیداری کۆماری فلۆرانسی بانگهێشت بکرێتەوە، تا ساڵی 1518 قبوڵ نەکراو هەمان ساڵ کە رێیاندا بۆ فلۆرانس بگەڕێتەوە؛ تازە ساڵێک دوای گەڕانەوەی بۆ کۆشکی مدیچی بانگهێشتیان کردو کاردیناڵ یۆلیۆس دی مدیچی داوای لێکرد لەبەرامبەر حەقدەستێکی 100 فلۆرن لەساڵێکدا، مێژووی فلۆرانس بنووسێتەوە. ماکیاڤیلی ئەو هەلەی قۆستەوە تا توانای خۆی لەمەیدانی مێژوونووسی و شیکاری سیاسیش پیشان بدات. توانی لەم رێگایەوە، متمانەی بنەماڵەی مدیچی دووبارە ئەوەندە کێشبکات کە دوای هەڵبژاردنی یۆلیۆس دی مدیچی وەک پاپای کلمانی حەوت لەساڵی 1521 و تەواووکردنی نووسینی مێژووی فلۆرانس، بۆرۆم بانگییان کرد. بەڵام کە ماکیاڤیلی ساڵی 1525 گەیشتە رۆم، بەهۆی سەرکەوتنی نوێی ئیمپراتۆری شارلکن و شکانی فەرەنسا لە شەڕی پاوی، بارودۆخی قەیران سەری هەڵدا. ماکیاڤیلی لەبەرامبەر گەورەیی و ترسناکی مەترسی، پێشنیازی بۆ پاپا کرد شاری فلۆرانس قایم بکات و رێکخراوێک لە چریکە میللیەکان لەناوچەی رۆمانیا دابمەزرێنێت. پاپا پێشنیازەکەی قبوڵ دەکات، بەڵام دواوی را لە فرانچسکوگی چیاردینی حاکمی رۆمانیا دەکات و بۆ دەست پێوەگرتن لەتێچوونی ئەو پێشنیازە رای پێچەوانە دەدات. سەرەنجام دوای ساڵێک واتە لە 44ی نیسانی 1526، پاپا پێشنیازەکەی ماکیاڤیلی جێبەجێ دەکات، بەڵام پاش بارانێ کەپەنک. هەڵەی ستراتیژی سوپاکەی پاپاو سیاسەتی نادروستی

کلمانی حەوت وادەکەن کە لە ئەیلولی ساڵی 1526 رۆم بڕوخێت. پاپا لەکۆشکی سەنت ئەنجیلۆ زیندانی کراو بەناچاری ئاگربەستی راگەیاند. ماکیاڤیلی لەم ماوەیەدا، شانبەشانی گی چیاردینی لەفکری رێکخستنەوەی داکۆکیکردن بو لە فلۆرانس. لە بەهاری 1527، سوپای ئیمپراتۆر خۆیان بۆ پەلاماردان ئامادەکرد. لە 16ی ئازاری 1527 حکومەتی مدیچییەکان ئاوەژو بۆوە و رژێمی کۆماری لە نوێووە سەقامگیر بو. ئەوکاتە ماکیاڤیلی 58 ساڵ و زۆر نەخۆش بو. بەڵام، سەرەڕای پیری و نەخۆشی، بەهۆی ئەوینداری بۆ سیاسەت و ئیرادەی خزمەتکردن بە وڵات، ناوجێگەی بەجێهێشت و بەختی خۆی بۆ وەرگرتنی پۆستی بەڕێوەبەری لە دەزگای حکومەتی نوێی فلۆرانس تاقیکردەوە. بەڵام ئەنجومەنی 10کەسی پێشنیازەکەیان قبوڵ نەکرد و ئەوە زەربەیەکی کوشندە بو لەجەستەی نەخۆشی ماکیاڤیلی درا. دوای 12 رۆژ، واتە 22ی حوزەیرانی 1527، لەناو ئەندامانی بنەماڵەو هاوڕێکانی، لەماڵەکەی خۆی لە ئۆلترانۆر مردو بۆ بەیانی، سەرەڕای نەیاری کەشیشانی لە کڵێسای سانتاکروچە بە خاک سپێردرا.

بەمردنی ماکیاڤیلی کەسایەتیەکی گەورەی بیرکەرەوەی سیاسی نوێ نەما. بەڵام لە راستیدا بەکۆتایی هاتنی ژیانی شارەزایی هونەری سیاسەت، هونەری سیاسەت دەستی پێکرد و لە ئەوینداریەکەی بۆ سیاسەت شارەزایانی نوێی هونەری سیاسەت لەدایک دەبن.

گرامشی لەمەڕ کتێبی میر دەنووسێت: (زیندوێتی تایبەتمەندی بنچینەیی ئەوکتێبەیە). ئەگەر ئەو کتێبە نەک وەک پەندێکی واقیعگەرایی سیاسی، بەڵکو لەجیاتی کۆمەڵێک تاقیکردنەوەی سیاسی - مێژوویی سیاسەتکارێکی گەورە بخوێنینەوە، دروستی وتەکەی گرامیشیمان بۆ دەردەکەوێت و بێگومان هەمان لایەنە کە گرنگیەتی سیاسی - مێژوویی ئەو کتێبە پیشاندەدات. بەڵام کتێبی میر، وەک کتێبێکی نەخشە ڕێگای دەسەڵاتدارانی دەغەڵ و ستەمکار، یان بە وتەی فەیلەسوفێکی بەناوبانگ،

وەک (کارنامەی دزە گەورەکان) ناوبانگی دەرکردووە. ئەو ناوبانگییە خراپە بەوهۆیە نییە کە ستەمکاران دەیخوێننەوە و دەیکەنە ئەلگۆی کارەکانیان (مۆسۆلینی نوسخەیەکی ئەوکتێبەی بۆ هیتلەر نارد کە بۆخۆی پێشەکی بۆ نوسیبوو.)، بەڵکو لە راستیدا، ئەنجامی ستەمکاری سەرچاوە لەنەزانی دەگرێت کە یەخەی هەمو بەرهەمە گەورەکان دەگرێت، بەرهەمەکانی کە لەیەکەم هەنگاو هزرو عەقڵ تێدەپەڕێنن. بۆیە، هەرکەسێک زەحمەتی خوێندنەوەی کتێبی میر بداتە خۆی بێشک بە داوەریەکانی خۆیدا دەچێتەوە کە لەمەڕ ماکیاڤیلی و بەرهەمەکانی کردویەتی و پاشان وەکو رێنمایی ستەمکاران نای بینێت، بەڵکو بە تێگەیشتن لە بەهای راستەقینەی کتێبەکە، وەک کتێبێکی گیرفانی دەربارەی فەلسەفەی سیاسی لێی دەڕوانێت.

کتێبی میر لە 26 بەش پێکهاتووە کە باسی مەسەلەی دامەزراندنی دەسەڵاتی فەرمانڕەواو پاراستنی دەکات. لەم کتێبە دا ستایشی هیچ فەرمانڕەوایەک نەکراوە، بەڵکو نووسەر هەوڵدەدات لەسەرچاوە و هەلومەرج و سنووری دەوڵەت و دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بکۆڵێتەوە؛ لەبەر ئەوە، ناونیشانەکەی بریتییە لەحکومەتەکانی میر نەک میر کە لەبنەمادا بۆ کتێبەکەی خۆی هەڵیبژاردووەو سەرەنجام ناونیشانی کتێبەکە، دوای مردنی ماکیاڤیلی و بەهۆی بڵاوبونەوەی دەگۆڕێت.

بەڵام بۆچی ماکیاڤیلی ناونیشانی (حکومەتەکانی میری) بۆ کتێبەکەی هەڵدەبژێرێت؟ چزنکە هەوڵدەدات جۆرە جیا جیاکانی حکومەت شی بکاتەوە. کاتێک ماکیاڤیلی دەست بە نووسینی ئەو کتێبە دەکات، لەمێژە کار لەسەر بابەتەکانی کتێبی وتارەکان دەکات. بەڵام کارەساتەکانی رۆژگار وادەکەن واز لەکتێبی یەکەم بهێنێت و بەپەلە میر بنووسێت. کەچی ئەو پەلەکردنە دەستی پێ لەلێکۆڵینەوەی لەکتێبی وتارەکان ناهێنێت و لەکتێبی میردا لەمەسەلەیەکی دیکە بکۆڵێتەوە. لە راستیدا لەکتێبی وتارەکان و لەکتێبی میردا روبەڕووی مەسەلەیەک بوینەتەوە کە لەدوو روانگەی

جیاوازەوە خراوەتە روو. بەدەربڕینێکی دیکە، لەم دوو کتێبەدا، دوو جۆری هاتنەدی تیۆرێک دەدۆزینەوە و ئەو تیۆرە، هەمان تیۆری دەوڵەتە. بەم شێوەیە، ماکیاڤیلی، تیۆری دەسەڵات لە پەیوەند بە سەپاندنی لەلایەن دەوڵەتەوە دەخاتە روو؛ هەرجارێک کە باسی دەسەڵات دەکات، مەبەستی سەپاندنی دەسەڵاتە بەهۆی دەوڵەتەوە. بەڵام بە رای ماکیاڤیلی، دەسەڵاتی دەوڵەت هاوشێوەی (دەسەڵاتی سیاسی ناتاکی) دەرناکەوێت. دەسەڵاتی سیاسی، خودی هێزی ئەقڵانی دەوڵەت نییە، بەڵکو سەرچاوە لەپەیوەندی نێوان دەسەڵاتی سیاسەتدانەرو دامەزراوەی کۆمەڵایەتی دەگرێت. بەمەش، لێرەدا، مەسەلەی (تێکڕایی دەوڵەت) تەنانەت کاتێک ناخرێتە روو، کە پەیوەندی نێوان هەڕەمی سیاسی و هەڕەمی کۆمەڵایەتی، بەهۆی هەنگاو و سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەت دیاری بکرێت. بە باوەڕی ماکیاڤیلی، بنەمای دەوڵـەت، بەهۆی چالاکی سیاسی (دامەزرێنەر - یاسادانەر) بەرتەسک دەبێتەوە و مانەوەی دەوڵەت، پەیوەندی بە هەنگاوو کاری سیاسی نەوەستاوی فەرمانڕەواوە هەیە. بەم هۆیە، کاتێک دەوڵەت رواڵەتی یەکیەتی سیاسییە کە بنەمای دەسەڵاتی لەکاری فەرمانڕەوایەتی سەرۆکی دەوڵەت رەنگبداتەوە. لەم روانگەیەوە، دەکرێت لەجیاتی (دامەزراوەی فەرمانڕەوایەت) باسی دەوڵەت بکەی کە فەرمانڕەوا بەدیهێناوە و ئەوە کاتێکە کە ستراتیژیەتی دەوڵەت و ستراتیژیەتی فەرمانڕەوا ستراتیژێکبێت. کەوایە دەکرێت بەهۆی دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە هەست بەبونی دەوڵەت بکەیت. دەوڵـەت لەبارودۆخێکی وەهـادا، وەک پشتیوانی دەسەڵاتی سیاسی، رەنگدەداتەوە. بەڵام واقعیەتی جەوهەری ئەو دەسەڵاتی سیاسییە، لەسەر ستوونی دەسەڵاتی قەڵەمڕەوێکی دیاریکراو وەستاوەتەوە. هەر دامەزراوەیەکی دەسەڵاتی سیاسی، ئەنجامی راستەوخۆی دەسەڵات بەسەر ئەو قەڵەمڕەوە و بەمەبەستی سەپاندنی دەسەڵاتە بەسەر گرووپێکی کۆمەڵایەتیدا. دەسەڵاتی کەسی لەم بارەیەوە، لە جیاتی دامەزراوەی دەوڵەتی

کاردەکات. دەبێت ئەو دامەزراوەی دەوڵەتی، بەپێی ماهیەتی دەسەڵاتێک بە چوارچێوەی سیاسی دابنرێت، کە رەنگدەدانەوە. بەدەستەواژەیەکی دی، دەوڵەت قەڵەمڕەوێکە دەسەڵاتی کەسانێکی ناوی دەسەپێنرێت کە حکومەت بەسەر خەڵکدا دەکەن. بەم شێوەیە دەکرێت بوترێت دەوڵەت، واتە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بە شێوەی دامەزراوەیەک، بۆ پاراستنی. بۆیە کاتێک هەردەسەڵاتێک رەوایە کە جێگیربێت. بەگوێرەی باوەڕی سیاسی ماکیاڤیلی، ئەرکی دەوڵەتە کە چاودێری هاوسەنگی ئەندامەکانی هەڕەمی سیاسی بێت. چونکە، هەرچەند دەسەڵات، بۆ سەقامگیری رەوایەتی و بەردەوامی دەسەڵاتدارێتی خۆی، سوود لە دەزگای دەوڵەت وەردەگرێت، کەچی بەردەوام دەبێت گۆڕانکاری لە قەڵەمڕەوی سیاسی هەڵبسەنگێندرێت کە رەنگە لە قەڵەمڕەوی سیاسی دەربکەون و بتوانن ئاگاداری ئەو دیاردانە بن کە هەڕەشە لە ژیان و مانەوەی دەوڵەت دەکەن. بەم شێوەیە، دەوڵەت، تاکە رواڵەتی باڵای دەسەڵات نییە، بەڵکو هەروەها دامەزراوەیەکی یاساییە کە دەبێت چاودێری شێوازی جێبەجێکردنی یاساکان بکات. دەوڵەت بە رای ماکیاڤیلی، پێش هەرشتێک، دامەزراوەیەکی یاساییە، واتە سستمێکە یاسایی. یاسایەک لەم دامەزراوەیەدا سەپاندنی دەسەڵاتی سیاسی، بەهۆی یاساکانەوە ئەنجام دەدرێت؛ لەئەنجامی پەیوەندی نزیکی دەسەڵات بە یاسای هەر هەنگاوێکی سیاسی وەک هەنگاوی یاسایی دادەنرێت. لە پێشینەیەکی لەم چەشنەدا ناکۆکی قەڵەمڕەوی تایبەتی و قەڵەمڕەوی گشتی ئاشکرا دەبێت، کە دەدرێتە یاسا. ئەو ناکۆکییە توانامان دەداتێ کە نەک بەمانای پەیوەندی نێوان یاساو سیاسەت دیاری بکەین، کە لەنێوان دەوڵەت و کەسانی تایبەتدا هەیە، بەڵکو سنووری دامودەزگای دەوڵەتیش دیاری بکەین. لێرەدا دەکەوینە بەردەم بنەمای نوێی ئەو بنەمایانەی پەیوەندی بە سەقامگیریەوە هەیە کە دەبێت هەلومەرجەکانی هاتنەدی لە روخانی سیستەمی کۆندا بۆی بگەڕێی؛ چونکە (لە بوژانەوەی سیستەمی دەوڵەتی، تۆوی دابڕانی

یەکیەتی دنیاو روبەڕووبونەوەی نێوان دنیاو پاشەڕۆژدا شاردراوەتەوە). ئەو روبەڕووبوونەوەیە، توانا دەداتە بنیادەم کە خۆی بەسەر چاوەی کارەکانی خۆی بزانێت. کەوایە دەبێت سروشتی بنیادەم بە ئەنجومەنی دەسەڵاتی سیاسی دابنێیت؛ هارمۆنی نێوان کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و دەسەڵاتی دەوڵەت لە هەمانکار ئەنجام دەگرێت. بە دیوێکی دیکەدا، کۆمەڵگا بەگوێرەی مافەکانی مرۆڤایەتی و نەک (یاساکانی مرۆڤایەتی) لەواقعیەتی سیاسی، یەکسەر چەمکی (دامەزراندنی دەوڵەت)یش دەخرێتە روو. دامەزراندنی دەوڵەتێک، واتە هێنانەدی هەلومەرجی پێویست بۆ سەپاندنی دەسەڵات. بە خستنە رووی ئەو مەسەلەیە، بۆ خاڵی بەرایی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەگەڕێینەوە.

ماکیاڤیلی بە دوو شێواز مەسەلەی دامەزراندنی دەوڵەت دەخاتە روو: هەم لە روانگەی چەمکی (قەڵەمڕەوی میری) و هەم لە روانگەی (قەڵەمڕەوی کۆماری). هەوڵدەدات شێوە جیاوازەکانی جۆری سەپاندنی دەسەڵات رونبکاتەوە و بۆ هەر مەسەلەیەک چارەسەرێک پێشنیازبکات. بەڵام لە هەردوو بارە، بناغەی تیۆرە سیاسییەکەی لەسەر رەشبینییەکەی بۆ مرۆڤەکان وەستاوەتەوە. بە رای ماکیاڤیلی، مرۆڤەکان بەسروشت ناپاکن و هەربۆیە پێویستییان بە سستەمی سیاسی هەماهەنگ و جێگیرە تابتوانن کۆمەڵایەتیانە بژیین. کەوایە بەرژەوەندی تاکەکان لەمەسەلەی یەکیەتی سستمی سیاسی دا، لەگۆڕێیە. لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاگامان لەوەبێت کە واقیعخوازی سیاسی ماکیاڤیلی، لەخۆشەویستی بۆ ئیتالیا جیا نییە. بۆچوونە سیاسییەکانی جیلوەیەکە لە نیگەرانیەکەی لە سەربەخۆیی و یەکپارچەیی و یەکیەتی ئیتالیا. هەربەو هۆیە، بیروڕای سیاسی ماکیاڤیلی سەرچاوە لە بۆچوونەکانی ناگرن، بەڵکو سەرچاوەیان، واقعیەتە. پێیوایە ئەلگۆی سیاسەت، سەرچاوە لە واقعیەتی مرۆڤایەتی دەگرێت. بەمەش، دەبێت بوترێت کە بە باوەڕی ماکیاڤیلی، چارەنووسی مرۆڤەکان لەدنیای سیاسەت (حەتمی) نییەو ناتوانی لەبەرهەمەکانیدا هیچ ئاماژەیەکی هاتنەدی

(کۆمەڵگای ئایدیالی لە داهاتوودا) ببینی. باوەڕی وایە لۆژیکی چالاکی سیاسی، لەسەر بنچینەی واقعیەتێک دیاری دەکرێت و سەرچاوەی لێ دەگرێت. کەوایە دەکرێت بوترێت ماکیاڤیلی بیرمەندێکە تەواوو دژی (یۆتۆپیایی) و (کۆمەڵگای ئایدیالی)یە، چونکە: پەیوەندیەک هەموجۆرە چەمکێکی (یۆتۆپیایی) لەخۆی دووردەخاتەوە، کە لەنێوان قەڵەمڕەوی سیاسەت و قەڵەمڕەوی مێژوو دەیهێنێنەدی. کەوایە، بەوجۆرە گەمارۆیەک بۆ مێژوو نییە کە لە بیرکردنەوەیی پەیوەند بە کۆمەڵگای ئایدیالی دەیبینین و هەربۆیە دنیای سیاسەتیش دنیای داخراو نییە.

دەتوانین ئەنجامگیری وتراوەکەمان بکەین کە بە رای ماکیاڤیلی، دامودەزگای کۆمەڵگا جارێک بۆ هەمیشە رێک ناخرێت. بەپێی باوەڕی، چالاکی سیاسی هەم لایەنی (یاسای بابەتی) هەیەو هەم لایەنی مێژوویی. لەم روانگەیەوە، دوو کتێبی میرو وتارەکان، ئەو کتێبانە نین کە بە روانگەی کۆمەڵگای ئایدیالی نووسرابن و ئامانجیان دەربڕینی سیاسەتە لە کۆمەڵگای ئایدیالی و نەک گەڕان بەدوای (بەهەشتی ونبودا) و کۆمەڵگایە کە خستنە رووی پێشتر دیاریکراوە. لە بیرکردنەوەیی ماکیاڤیلی رەخنە لەیۆتۆپیزم، لەخۆدوورخستنەوەی هزری گەڕانەوە بۆ کۆمەڵگاکانی سەردەمانی کۆن، جیا نییە. ئەوەی بەلایەوە گرنگە، کۆمەڵگای سیاسییە کە تێیدا دەژیت و نەک وادەی بەختەوەربون لە داهاتودا لە (دوورگەی یۆتۆپیا).

بەم هۆیەیە کە هەوڵدەدات یارمەتی لە میر بخوازێت کە پێیوایە ستەمکار نەبێت و هەروەک دامەزرێنەر - سیاسەت دانەری نوێ دابنرێت و بە هاوکاری ئەو نەخشەی دامەزراندنی ئاکە دەوڵەتێک بۆ سەرتاسەری ئیتالیا بکێشێت. بەڵام دەبێت ئەو میرە نوێیە چ بکات ئیتالیا لەستەمکاری رزگار و دەوڵەتێک دابمەزرێنێت کە یاسای پێویست پەسند بکات و رێزیان بگرێت؟ ماکیاڤیلی لەوەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە دەڵێت کە دەبێت میرێکی لەم چەشنە بتوانێت هەم هونەری سیاسەت و هەم هونەری شەڕ

بەتەواوەتی بەکاربێنێت. کەوایە، پێش گرتنەدەستی حکومەت و بۆئەوەی حکومەتەکەی بپارێزێت، دەبێت سەرچاوەی دەسەڵاتی خۆی بناسێت و وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە کە: سەرچاوەی حکومەتەکەی بە سەر ئەو قەڵەمڕەوە دیاریکراوەدا چییە؟ ماکیاڤیلی دەڵێت کە: (هەرکە پیاوسالاران دەرفەتیان هێنا، میراتییەک لێی بۆخۆیان بونیات دەنێن). بەدەربڕینێکی دی، دەسەڵاتی حکومەت پشتی بە یەکێک لەم دوو هێزە جیاوازانە دەبەستێت: یان خەڵک و یان پاشاکان. بۆیە فەرمانڕەوا کەسێکە بەربەستی نێوان ئەو دوو گرووپە؛ (چونکە پاشاکان هەرکە ببینن خۆبۆ خەڵک خۆناگرن، یەکێک لەنێوان خۆیان دەکووژن و بە میری رادەگەیەنن تالەسێبەری بحەسێنەوە). لەهیچکام لەم دوو بابەتە، میر وەک کەسی تایبەتی کارناکات، بەڵکو لەبری دەوڵەتمەرد کاردەکات، چونکە وەک ناوبژیوانی گرووپە کۆمەڵایەتیەکان، داکۆکی لەبەرژەوەندیەکانی دەوڵەت دەکات. بەڵام بۆ دامەزراندنی دەوڵەت لەخاکێکی دیاریکراو، کام یەک لەو دوو هێزانە پێویستترە: پارە و سامانی پاشایان؟ یان نیەتی قوبڵکردنی خەڵک؟ بە رای ماکیاڤیلی: (بێگومان خەڵک! چونکە داوای خەڵک شیاوترە لە پاشاکان...). میر پێویستی بە هاوڕێیەتی و متمانەی خەڵکە تابەگژ مەترسی و دووژمنەکاندا بچێتەوە، لە کاتێکدا کە بە پشت بەستن بە پاشاکان نەک تەنها لە بەردەم نەهامەتیەکان گورگان خواردوی دەکەن، بەڵکو مومکین نییە هاوڕێیەتی خەڵک بەدەست بێنێت. کەوایە (هاوڕێیەتی خەڵک بۆ میر پێویستە، ئەگینا لەرۆژە سەختەکان پەنایەکی نابێت). بەڵام میر دەبێت کێشکردنی هاوڕێیەتی خەڵک لیبراڵی بکاتە پیشەو بەم سیفەتە ناوبانگ دەربکات، بێ ئـەوەی زێدەڕۆیی لەم کارەدا بکاو بەم هۆیە نەکەوێتە بەردەم نەفرەت و قینەوە. بۆ بە دەستهێنانی ناوبانگیەکی وەها ئەوەندە بەسە رێز لە خەڵک بگرێت، چونکە (خەڵک جگە لەم شتە نایانەوێت کە زۆر نەبیستن). بۆیە دەبێت میر لەچاوچنۆکی و رژدی و تاڵانوبڕۆی شمەکی خەڵک و هەروەها قورسکردنی

باری داراییان خۆی بپارێزێت. (دەبێت میتۆدێکی لەم چەشنە بگرێتەبەر کە هاووڵاتیانی هەمیشەو لەهەمو دۆخێکدا پشتییان بە ئەو و دەوڵەتەکەی قایم بێت و ئەوکاتە هەمیشە وەفاداری دەبن). بە راکێشانی متمانەی خەڵکە کە میر خۆی لەبەرامبەر پەلامارەکان دەگرێت. هەربۆیە، ماکیاڤیلی، پێ لەسەر دەووری خەڵک دادەگرێت لەکاتی شەڕدا. بە وتەی ئەو دەبێت میر خەڵکەکەی خۆی خۆشبوێت تاچاو لە هاوکاری وەرگرتن لە شەڕکەرانی راڕا بپۆشێت، چونکە جگە لەخراپەو زیان شتێکی ئاکامێکی دیکەی نابێت. چونکە (ئەگەر کەسێک داکۆکی وڵاتەکەی بە بەکرێ گیراوان سپارد، هەرگیز ئاسایش و ئاسودە نابێت، چونکە لەبەریەک هەڵوەشاو و دەسەڵاتخوازو بێ بەندوبارو پەیمان شکێنن و لەگەڵ هاوڕێیان شێر و لەگەڵ دووژمن رێوین ....). ماکیاڤیلی، میر پێشنیاز دەکات کە سوپای نیشتمانی دابمەزرێنێت و جڵەوی دەسەڵاتی خۆی نەداتە دەست سوپای بەکرێ گیراو و هاوپەیمانیان. بەم شێوەیە، میر، تاکاتێک دەتوانێت پشت بە خەڵک ببەستێت کە لێی بێزار نەبون و سەقامگیری دەوڵەت بپارێزێت. بەڵام گەر میر رێزی خەڵک بگرێت ئەمانیش دەبێت رێزی بگرن. رێز هەستێکە سەرچاوەکەی یان خۆشەویستییە یان ترسە؛ (بەڵام بونی هەردوو بەیەکەوە دژوارە، گەر بڕیاربێت یەکێک لەو دووانە هەڵبژێرین، دەبێت بڵێین زیاتر لەوەی بترسن، خۆشیان بوێت). بەڵام دەبێت ببینین کە ماکیاڤیلی، دوای ئەوەی کە داوا لە میر دەکات دڵی خەڵک رابکێشێت، بۆچی داوای لێدەکات ترس بنوێنێت؟ لە راستیدا، ماکیاڤیلی جەخت لەوخالەوە دەکاتەوە کە میر نابێت پەیڕەوانی لێی بێزاربن. کەوایە، تا ئەوکاتەی خەڵک رقیان لێی نابێتەوە و لێی بێزار نین، هۆکارێک بۆبونی هەستی رێزگرتنیان بۆخۆی گرنگیەکی ئەوتۆی نییە کە بەکاری دێنێت. (کەوایە میری عاقڵ دەبێت پشت بەوە ببەستێت لەدەسەڵاتی دایە نەک ئەوەی لەدەسەلاتی ئەوانی دیکەدایەو بەوشێوەیەی وتمان، دەبێت خۆی لە نەفرەت ورووژێنەر بەدوور بگرێت.) بێجگە لەمە،

میر بۆبونی هەیبەتی خۆی لەدڵی خەڵکدا، دەبێت بزانێت چۆن دەتوانێت هەم سوود لە زۆرو هەم لەیاسا وەربگرێت. چونکە، لەوێ کە هێزی یاسا بەکارنەیەت، یاسای زۆر حکومەت دەکات. بەمەش، دەسەڵاتی میر تێکەڵەیەکە لە زۆرو یاساو لەم روانگەیەوە دەکرێت بە بونەوەرێکی دابنێی نیوەی مرۆڤ و نیوە ئاژەڵ. نیوەی مرۆڤە چونکە لەچوارچێوەی یاسادا کاردەکات و نیوەی ئاژەڵ، چونکە بازنەی یاسا دەبەزێنێت و پێدەنێتە دنیای کەڵەگاییەوە. بە رای کاکیاڤیلی، دەبێت میر لەناو ئاژەڵەکاندا هەم لاسایی شێر بکاتەوە و هەم رێوی. (چونکە شێر ناتوانێت لەبەر داوەکان رابکات و رێوی لەچنگی گورگەکان. بۆیە، دەبێت رێوی بێت داوەکان دەناسێت و شێر بێت گورگەکان بڕەوێنێتەوە.) فێڵبازی رێوی و هێزی شێر، بەیەکەوە، وادەکەن میر لەهەر رویەکەوە بەهێزبێت. دەبێت لێرەدا لەوتەکەی ماکیاڤیلی تێبگەین کە میر دەووری ئاژەڵ دەبینێت بێ ئەوەی کە ئاژەڵبێت. ئەوەی گرنگە وێنایەکە کە دەسەڵات لە زەینی ئەوانی دیکەدا دەهێنێتەئارا. بە دەستەواژەیەکی دیکە، لۆژیک رواڵەتە کە ببێتە بنەماو بنچینەی داوەری ئەوانی دی. بەپێی وتەی مرلۆپۆنتی: (مەرجی سەرەکی سیاسەتە کە لەرواڵەتدا رەنگبداتەوە.) بەمەش جەوهەر و ماهیەتی سیاسەتە کە هێمای رواڵەتی هەبێت. چونکە بۆ دەسەڵات گرنگە کە هەمیشە لەکاتی لاواز بون، بەهێز بنوێنێت. بەم بەڵگەیە کە: (خەڵک، بەسەریەکەوە، زیاتر داوەری لەسەر زۆر بینینی چاوەکانە تا ئەوەی لە نزیکەوە بتوانێت دەستی لێبداو هەمو ئێوە دەتوانن لە دوورەوە ببینن، بەڵام کەمترین کەس لەئێوە دەتوانێت لە نزیکەوە دەستی لێبدات.)

سیاسەت بە باوەڕی ماکیاڤیلی، زیاتر لە قومارێک دەچێت کە هەر قومارچییەک هەوڵدەدات بەسەر ئەوی دیکەدا سەربکەوێت، پارەی زیاتری چنگ کەوێت، سوود لەهەر دەرفەتێک بۆ کەمکردنەوەی چانسی بردنەوەی لایەنی بەرامبەر وەربگرێت. هەروەها پێیوایە، سیاسەت

چالاكییەكە مرۆڤەكان ئەنجامی دەدەن. سیاسەت، چالاكییەكە لەئاستی رۆحی مرۆڤ. لەگەڵ ئەوەشدا، سیاسەت ناتوانێت هاوشێوەی چالاكییەك (كامڵبو) دابنرێت، چونكە مرۆڤەكان كامڵ نین. كەوایە مەسەلەی (دەوڵەتی كامڵ نەبو) قابیلی خستنە روو نییە. كەڵكی سیاسەت، هێنانەدی و پاراستنی یەكیەتی و یەكپارچەیی سستمی سیاسییە. بە باوەڕی ماكیاڤیلی، دەوڵەت، هۆكارێكی پێكهێنەری كۆمەڵگایەو ئامانجی سەرەكی و بەرایی نووسەری كتێبی میر ئەوەیە كە ماهیەتی تێكڕایی دەوڵەت دەستنیشان بكات و كەمتر هەوڵەدای دۆزینەوەی (باشترین دەوڵەت)ە. بەقسەیەكی دیكە، پاڵنەری ماكیاڤیلی، كاتێك مەسەلەی ماهیەتی دەوڵەت دەخاتە روو، مەسەلە ئەخلاقیەكان نییە. كەوایە دەكرێت هاوڕای ئەلبێرتۆ موراویا بێت و بڵێت كە: (ماكیاڤیلی، سیاسەت لە ئەخلاقی مەسیحی جیادەكاتەوە). بە بەرتەسك كردنەوەی مەیدانی كاری پیرۆز هەوڵدەدات لەچوارچێوەی كۆمەڵگاكان تا دەكرێت (واقعیەتی كاری سیاسی) رونبكاتەوە. لە هەمان روانگەشەوە دەووری كۆمەڵایەتی ئایین شرۆڤە دەكات. ماكیاڤیلی بە پێچەوانەی پەیڕەوانی بیروڕای سیاسی نەریتی ئۆگستین كە ئایین بە ئامانج و غایەتی هەمو چالاكییە سیاسییەكان دادەنێت - باوەڕی وابو كە سیاسەت دەبێت ئامانج و غایەتی چالاكی ئایینی بێت. یەكێ لەیەكەم بیرمەندانی سەردەمی نوێگەرییە كە وەك هۆكارێك بۆگەیشتن بە ئامانجی سیاسی باسی ئایین دەكات و (لەناو بیرمەندانی سەردەمی رێنانسی ئیتالیا ماكیاڤیلی لە هەموان زیاتر لە كتێبی ئینجیل بە دوورە، كەمتر لە دانتی باوەڕ تێكەڵاوی سیاسەت دەكات و زیاتر لەهەموان گوێ بەئەخلاقی مەسیحی نادات. چونكە پێیوایە، ئەخلاقی مەسیحی وایكردووە كە هاوسەردەمانی هیممەت بەرز نەبن). ماكیاڤیلی ئامانجیەتی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و ئایین بەوجۆرە بگۆڕێت كە لەسەردەمی ئەودا هەبووە. بە بڕوای ئەو، دەبێت ئایین بۆ هێنانەدی كۆمەڵگای بەختەوەر، هاوكاری مرۆڤ بكات. گەرچی باوەڕی

وابو مەسەلەی راستەقینەی سیاسەت، مرۆڤە. لەگەڵ ئەوەشدا، ماکیاڤیلی پێ لەسەر دەووری گرنگ دادەگرێت، کە ئایین لە پرۆسەی بونیاتنانی دەسەڵات هەیەتی؛ بەڵام لەکتێبی وتارەکانە کە لەم بارەیەوە باسی دەکات و دەڵێت: (ناتوانرێت لەناو کەسانێک هیچ کەس لە بونیاتنەرانی ئایین بدۆزییەوە کە تاریفییان دەکرێت)؛ کەمێک دووتر بۆی زیاد دەکات: (ئەرکی پاشاکان و دەسەڵاتدارانی کۆمارە کە رێز لەبونیاتەکانی ئایین بگرن). کەوایە بە رای ماکیاڤیلی، ئایین، هۆکارێکی یەکپارچەیی کۆمەڵگاو سەقامگیری دەوڵەتە. ئایین، سیستەمی کۆمەڵایەتی رێکدەخات. هەربۆیە، تا ئەوکاتەی باوەڕ بە خوا لۆژیکی چالاکی هاوبەشی مرۆڤەکان دیاری دەکات، نابێت لەهونەری سیاسەتدا بایەخی کەم بە سیاسەت بدرێت.

بەڵام رەنگە بپرسرێت کە ماکیاڤیلی تاچەند ئایینییە؟ بێگومان دەکرێت لەوەڵامی ئەو پرسیارەدا بوترێت کە تاکێکی خاوەن باوەڕە، پێیوایە ئایین، دەووری بنچینەییە لەپتەوکردنی کۆمەڵگاکان و بەهای مەدەنی هەیە. کەوایە دەبینین ماکیاڤیلی سەرنجی تایبەتی لەسەر دەووری کۆمەڵایەتییەو هەروەک وتمان بەهۆکاری یەکپارچەیی سیاسی دەزانێت. لە کتێبی وتارەکاندا دەنووسێت: (هەردەوڵەتێک ترس لەخوای تێدا نەبێت بڕیاری فەنابونی بەسەردا دەدرێت...).

ئەگەر خەڵکی کۆمەڵگایەک لەخوا نەترسن بێگومان دەبێت لە میر بترسن. بەڵام بێگومان، ترسان لە میر بە رادەی ترسان لەخوا، کاراوکاریگەر نییە. هەستیارو شایانی دیتنی دەسەڵاتی میر خەڵک دەترسێنێت. کەوایە گەر ماکیاڤیلی لە کتێبەکانیدا دەربارەی دەووری کۆمەڵایەتی ئایین پێدادەگرێت، لەبەر ئەوەیە ئایین بەپتەوکەرو پارێزەری دەسەڵات دەزانێت.

لەسیستەمی فکری ماکیاڤیلیدا، روبەڕووی چەمکێکی دیکە دەبینەوە کە هەمان چانس و بەخت (Fortuna)ە. بۆ یەکەمجار ئەو چەمکە لە نامەیەکدا بەکاردەهێنێت کە لە 30ی ئەیلولی 1499 بۆ سەرۆکی دیوانی

لوککا دەینووسێت و دەنووسێت: (تەنها لەبەر گۆشەگیرکردنی شارەکەمان بە ئاڵودەبوونی بێزاری، شارێک کە تۆ ئاڵودەی دەکەی - بڕیارم نەداوە نامەت بۆ بنووسم، بەڵکو زیاتر لەبەر ئەوەیە کە بەهۆی دڵسۆزی ئاگادارت بکەمەوە کە لێرە بەدواوە عاقڵ بیت. پێموایە ئەرکی خۆمە کە ئاگادارت بکەمەوە، چونکە بەخت و چانسی هەردووکمان، یەکە).

دووەمجار کە ماکیاڤیلی ئەم چەمکە و هەروەها چەمکی (توانا) بەکاردەهێنێت، لە پارچەی دووەمـی شیعرێکە کە بە ناوی دەیەیەکان (Decennials) دەیخوێنێتەوە. لەساڵی 1504 دەست بەو بەرهەمە دەکات و لە پارچەی دووەمی کە لە ساڵی 1509 نووسراوە دەڵێت: (لەمایە دەنانی شەرەفی خۆی لاسار و لە بەخسینی زێڕەکانی دەست واڵا بووە و بەدرێژایی ژیانی بە رادەیەک فەزیلەت و شیاوی پیشاندا کە زمانم پێی تاریف ناکرێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا دەرپەڕێندراوو بێزراوە، لە ماڵەکەی خۆی گۆشەگیر و کەم دەرامەتە و پیر و نابینایە، چانس و بەخت، تابەم ئاستە پشتی لەو پیاوچاکە کردووە).

لەکتێبی میردا زیاتر ئاشانای مانای راستەقینەی ئەو دوو چەمکە واتە تواناو بەخت دەبین. ماکیاڤیلی ئەو دوو چەمکە لەم کتێبەدا بەهۆی باسکردنی داگیرکردنی وڵاتی تازە بەکاردێنێت. دەڵێت: دەکرێت قەڵەمڕەوی حکومەتی پاشاکان بۆ سێ گرووپ دابەش بکەی: یەک ئەو وڵاتانەی کە بەمیرات بۆیان ماوەتەوە و هەریەکەیان دەتوانن بە ئاسانی ئیدارەی بدەن، (گەر لەوپاشایەتیانەدا رێز لەنەریتی باپیران بگیردرێت و گرێکان بەسەری پەنجەی کارزانی بکرێنەوە، هێشتنەوەی پاشایەتی بۆ میرایەتی ئەوەندە سەخت نییە کە لە عەقڵ بەهرەمەند بێت، مەگەر هێزی زۆرهێنی ناوەخت لەسەر کورسی بیهێنێنەخوارو ئەگەر پاشایەک بەمجۆرەش تاج و تەخت لەدەست بدات، هەرکاتێک کە زیان بە بەتاڵان بەری تاج و تەختی بگات، دیسانەوە دەکرێت لەچنگ دابێت). پاشان (وڵاتانی ئاوێتەیی) کە پاراستن و

هێشتنەوەیان دژوارە، (سێ ڕێگا بۆ هێشتنەوەیان هەیە: یەک، وێرانکردنیان؛ دوو، دانانی پاینەختی لەوێ و ژیانی پاشا تێیدا؛ سێ، ئازادکردنیان بۆ ژیانیان لەگەڵ یاساکانیان و وەرگرتنی باج لێیان و دانانی گرووپێک لەسەر کار کە پەیوەندی هاوڕێیانە بپارێزن). سەرەنجام، گرووپی سێیەم، کە ماکیاڤیلی بە (وڵاتانی نوێ) دەیانخوێنێتەوە و مەبەستی ئەو وڵاتانەیە کە بە زۆر چەک یان بەپیشاندانی تواناو یان بەیارمەتی بەخت و چانس بەدەستهاتون. لێرەدا وەک دوو نمونە باسی دووکەس دەکات: فرانچسکۆ سفۆرتساو چزارە بورجا. هەردووکییان توانیویانە بەهۆی توانای زۆر بەچەک، بگەنە پلەی میرایەتی. ماکیاڤیلی ناوی دووکەسی دیکەش دەبات کە بەپێچەوانەی دووکەسەکەی پێشتر کاریان کردووە، گاسوکلس و ئەلیۆرتۆ دی فرمو کە هەردوو بە توندووتیژی و بێویژدانی و خیانەت، بێ ئەوەی توانا پیشان بدەن و بەبێ یارمەتی بەخت و چانس بە حکومەت گەیشتون.

بەڵام بە باوەڕی ماکیاڤیلی، تەلارسازانی ڕاستەقینەی دەسەڵات، بونیاتنەران - یاسادانەرانن کە دەسەلاتی خۆیان تەنها لەسەر ستوونی توانای خۆیان دادەنێن و نەبە پشت بەستن بە بەخت و چانس و یان بەهۆی خیانەت و ناپاکی. بەپێی وتەکەی، دەکرێت لەناو ئەوجۆرە دەسەڵاتدارانە ناوی موسا، کوروش، رمۆلۆس و تسیۆس ببەی. ئەو پیاوانە، بەهۆی بەهرەمەندی لە وشیاری سیاسی و توانای سەربازی، توانویانە دەسەڵاتی خۆیان بنیاتبنێن و بیپارێزن. توانیویانە سەرەڕای هێزی بەخت و چانس، بە سوود وەرگرتن لە چەکەکانیان بێ ئەوەی کە یارمەتی لە سوپای بەکرێ گیراو وەربگرن، بگەنە دەسەڵات. هێزی چەک بەهۆی بونی توانای سیاسی ئەوکەسانە توانی کاریگەر بێت. بە رای ماکیاڤیلی زێدو بابەتی رووخانی هەردەسەڵاتێک دەبێت لە کێشمەکێشی نێوان تواناو بەخت بۆی بگەڕێیت؛ کتێبی میر ئاوێنەی دەرکەوتن و ئاوابونی دەسەڵاتەکانی پاشاکانە. ماکیاڤیلی لە کتێبی وتارەکاندا بەپێی ئەزمونی کۆماری رۆم، باسی شێوازی دەرکەوتن

و لەناوچوونی حکومەتە کۆمارییەکانیش دەکات.

پێشتر وتمان کە کتێبی میر زادەی کتێبی وتارەکانە، ئێستا هەوڵدەدەین کتێبی وتارەکانیش سەرچاوە لە کتێبی میر بگرێت. لۆژیکی دەسەڵات هەلومەرج و تواناکانی چۆنیەتی سیاسەتی کۆماری دەستنیشان دەکات.

**سیاسەت لە روانگەی ماکیاڤیلییەوە**
**(ناوی ماکیاڤیلی بەکردەوە بۆ نمونەی سیاسەتی پەتی دەگۆڕێت)**

**بندتو کروچە**

قەیرانێک کە بەرۆکی سیاسەتی گرتووە، نەک رژێمە سیاسییە جیاجیاکان، بەڵکو لەجاران زیاتر قەیراناویە کە چەمکی سیاسەت توشی بووە. تاچەند ئەو چەمکە واقعیەتێک دەگێڕێتەوە کە لەئێستادا دەیبینین، مەسەلەیەکە کە لە خودی ژێرخانی ئەو قەیرانەدایە. هەربۆیە داوەری پەیوەندی ئەم دووانە، بەهۆی لێکجیاکردنەوە و هەڵاوێریان، بێگومان یەکەم هەنگاو بەئاڕاستەی بیرکردنەوەیە لەو قەیرانە. بەڵام لێکجیاکردنەوەی سیاسەت و واقعیەتی سیاسی، لە سیاسەتدا واتای جیاکردنەوەی مەیدانی هزری لەمەیدانی کار ناگەیەنێت. ئەوەی لێرەدا گرنگە دەربارەی چەمکی سیاسەت بەهۆی دیاریکردنی سنووری واقعیەتی.

بە سەرنجدان لە رەگی یۆنانی وشەی سیاسەت (پۆلیتەیا) دەکرێت ئەنجامگیری بکرێت کە سیاسەت هەمیشە بە مانای زانست یان هونەری داگیرکردنی دەسەڵات بەکار نەبراوە. سیاسەت لەیۆنانی کۆن بەشداری هاووڵاتیان (پۆلیتایی) بو لە ئیدارەی کاروباری شار (پۆلیس). بەمەش ئەوکاتە چەمکی سیاسەت هەم کۆمەڵی هاووڵاتیان و هەم دەستوور واتە بنەمای شار لەخۆدەگرێت. هەربۆیە فەیلەسوفێکی وەک ئەرستۆ، هەرچەند بیرمەندێکی

سەربە سـەدەی چـواری پێش زاینیە، هزرە سیاسییەکەی کاردانەوەی واقعیەتێکی سیاسی سەدەی پێنجی پێش زاینە. لە فەسڵی یەکەمی بەشی یەکەمی کتێبی سیاسەت، وەک (کۆمەڵگای سیاسی) باسی شار دەکات. مەبەستی لە (کۆمەڵگای سیاسی) کەشێکە کە تاکەکان لەپێگەی هاووڵاتی و بە رێککەوتن بەشداری رێکخستنی دەکەن. بە رای ئەرستۆ، مەودای نێوان ژیانی کۆمەڵایەتی و ژیانی سیاسی نییە، بەهەمانجۆر کە ناکۆکی لەنێوان کاری تایبەتی و کاری گشتییدا نییە. لێرەدا سیاسەت وەک تێکڕاییەکە کە پاشماوەکانی ژیان دەگرێتەوە. لە راستیدا، لەکۆمەڵگای ئاتنی سەدەی پێنجی پێش زایین واقعیاتی سیاسی لەچەمکی واقیعی سیاسەت جیا نییە. (تەڵقینی مردووەکان) پریکلس کە توسیدیۆس لە فەسڵی یەکی کتێبی دووەم شەڕی پلۆپۆنزی خۆی دەیهێنێتەوە، زەقترین نمونەی کارێکی وەهایە. پریکلس لە بەشێکی وتارەکەی بۆ هاووڵاتییانی ئاتنی دەڵێت: (لە راستییدا ئێمە ئەو مرۆڤانەیین پێمانوایە کەسێک کە بەشداری سیاسەت ناکات، هاووڵاتیەکی بێکەڵکەو نەک هاووڵاتی هێمن و گۆشەگیر، چونکە هەمومان بەشداری حکومەتی شار دەکەین، چ بەهۆی دەنگدان و چ لە پێشنیازکردنەکانماندا).

ئێستا ئەگەر بۆ پەیوەندی نێوان چەمکی سیاسەت و واقعیەتی سیاسی بگەڕێینەوە، بەباشی دەبینین کە واقعیەتی سیاسی لەخۆیدا جێی حەقیقەتی چەمکی سیاسەت ناکاتەوە و بەهەمانجۆر چەمکی سیاسەت ناتوانێت بەرپرسیەتی هزری ئەو واقعیەتە قبوڵ بکات. بۆیە، سیاسەت کاردانەوەی کاری کۆمەڵایەتی نییە، بەڵکو بەشێوەی دامـەزراوەی جیا بەتەنیشنیەوە جێگیر دەبێت و یان بەشێوازی زەبەلاحێکی ئوسنوورەیی بەیەکجار کۆمەڵگا هەڵدەلوشێت. هەرچۆنێک بێت هاووڵاتیان سیاسەتکار نین، بەڵکو بابەتی دەبن. بەدەربڕینێکی دی، سیاسەتدانەران و هاووڵاتییان واقعیەتێکی تاک پێکناهێنن، بەڵکو دەوالیزمێک دەهێننەئارا کە لەجودایی مەیدانی سیاسەت لەمەیدانی کۆمەڵ کورتدەبێتەوە. دواى کۆتایی سەدەی

هەژدەی زایینی دەکرێت وێنایەک لەم جوداییە لەجیاکردنەوەی دەوڵەت لەکۆمەڵگای مەدەنی بدۆزیەوە. لێرەدا مەسەلەی ئازادی تاکی بەشێوەی بێلایەنی کۆمەڵگای مەدەنی لەبەرامبەر دەوڵەت دەخرێتە روو. تایبەتمەندی ئازادی دنیای مۆدێرن ماهیەتی تاکیەتی، لەکاتێکدا لەدنیای کۆن ئازادی کارێکی کۆمەڵی و گشتگیرە. بەمجۆرە، غایەتی سیاسەتی مۆدێرن جگە لەنەهێشتنی داواکان و پێویستیەکانی تاک لەکۆمەڵگای مەدەنی شتێکی دیکە نییە. لەبەرامبەردا تاک بە بەشداری ناڕاستەوخۆو ماوەکورت لەسیاسەت، ناوبژیوانێک وەک (دەوڵەت) لەنێوان خۆی و کۆمەڵگادا دیاری دەکات. لە راستیدا، مەودایەک ماهیەتی دەسەڵات دەستنیشان دەکات، کە دامەزراوەی دەوڵەت لەدامەزراوەی کۆمەڵگا جیادەکاتەوە. بۆیە لەمێژە ئەو مەودایە بۆ دابڕانێکی تەواوی نێوان دەسەڵات و کۆمەڵگا دەگۆڕێت و دەوڵەت بەشێوازی تێکڕاییەکی ئۆرگانیکی هەمەلایەنەی کۆمەڵگا (مەیدانی ئابووری – یاسایی و کەلتوری) دەخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە، لەم حاڵەتەدا دەسەڵات لەماهیەتی تۆتالیتاری بەهرەمەندە. دەسەڵاتی تۆتالیتار ماهیەتی پۆست – کۆمەڵایەتی هەیە. بەم مانایە، حزب، گرووپ و یان تاکێک دەکەوێتە دەرەوەی کۆمەڵگاوە، کە رەنگدەرەوەی ئەو دەسەڵاتەیە. گەرچی کە دەسەڵاتی تۆتالیتار پەیوەندی ئایدۆلۆژی و سمبۆلیکی بە مەیدانی کۆمەڵگاوە هەیە، واتە ماهیەتی هزروکاری خۆی لەژیانی رۆژانەی تاکەکاندا دیاری دەکات، بەڵام لە روانگەی ئەودەسەڵاتەوە تاکەکانی کۆمەڵگا مرۆڤیلەن، هەربۆیە تاک، لەکۆمەڵگای تۆتالیتار لەپێگەو پلەوپایەی یاسایی بەهرەمەند نییە. بەهەمانشێوە کە دەبینین، ئەمجارەیان دەوڵەت نییە کە دەبێت پێویستی و داوای تاک نەهێڵێت، بەڵکو تاکەکانن دەبێت پەیڕەوی لەشێوازە جۆراوجۆرەکانی سەرکێشی دەسەڵاتی تۆتالیتار بکەن. بەم دەستەواژەیە، ئەگەر سیاسەت لەکۆمەڵگای تۆتالیتار، تێکڕای کۆمەڵگا لەخۆدەگرێت، بەڵام – سەرەڕای یەکسانکردنی کۆمەڵگای مەدەنی و دەوڵەت (واتە کەشی تایبەتی

و کەشی گشتی) - بەپێچەوانەی واقعیەتێک کارێکی کۆمەڵی نییە، کە لەسەردەمی کۆندا هەبو. کۆمەڵگای تۆتالیتار، کۆمەڵگایەکی سیاسییە، چونکە سیاسەت تەوەری سەرەکی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگا پێکدەهێنێت. بەڵام ئەو تاکانە نەک لەپێگەی هاووڵاتی، بەڵکو لە جیاتی تاکی گچکەی بە ترس و تۆقینی سیاسەت لەکۆمەڵگای تۆتالیتاردا قبوڵدەکەن. هەربۆیە لە روانگەی ئەو تاکانەوە چەمکی تۆتالیتاریزم و چەمکی سیاسەت هەردوو واقعیەتێک دەگێڕنەوە. بۆیە، دەرپەڕاندنی واقعیەتی سیاسی تۆتالیتاریزم، رەتکردنەوەی چەمکی سیاسەتی لێدەکەوێتەوە. سەرکێشی سیاسەتی تۆتالیتارو زاڵبونی بێ چەندوچوونی بەسەر مەیدانەکانی کۆمەڵایەتیدا، جارێکی دیکە دەمانخاتە بەردەم ئەلگۆی ماکیاڤیلی (خودموختاری سیاسەت). ئەوە مەسەلەیەکە تەوەری سەرەکی هزری ماکیاڤیلی پێکدەهێنێت، کە تاچەند ئەو خودموختارییە هۆی سەرهەڵدانی دامەزراوەی نوێی دەسەڵاتە - شێوازی ستراتیژی پێدەداو بەناوی (دەوڵەت) سیاسەت لە ناوەرۆکی گشتییەکەی بەتاڵکردۆتەوە -. هەوڵی ماکیاڤیلی بە ئاڕاستەی پێناسەو دیاریکردنی واقعیەتی چەمکی نوێی سیاسەت لەچوارچێوەی جیهان و مرۆڤایەتی نوێ بەرچاو دەکەوێت.

لە راستیدا ماکیاڤیلی کەوتۆتە بەردەم قەیرانێکی سیاسییەوە کە ئەنجامی گۆڕانی سیستەمی دنیاناسی ئەرستۆیی و داڕمانی بنەمای بون ناسییەکە کە بۆماوەی 19 سەدە بەدوای (رزگارکردنی دیاردە سروشتییەکان) ەوە بو. ئاساییە کە مرۆڤ بە لەدەستدانی ناوەندی دنیاناسییەکەی لەتوانای دیاریکراوی ئەرستۆیی خۆی پێ لەسروشت تێدەپەڕێنێت و بەو جۆرە پێویستی روانگەی سیاسی نوێ بو کە بەسەرنجدان بە پەیوەندی کە لەنێوان خۆی و جیهانەکەی هاتبووەئارا، پەیوەندی نێوان خۆی و هاوجۆرانی لە کۆمەڵگادا دیاری بکات. ئامانجی ماکیاڤیلی لە پێناسەی نوێی چەمکی سیاسەت، هزرێکی واقعیەتی سیاسییە کە لە روانگەیەوە رەنگدەرەوەی سیستەمی نوێی جیهانە. ماکیاڤیلی یەکەم بیرمەندە کە بە دیاریکردنی

چەمکی سیاسەت لەجیاتی کاری ستراتیژی دەسـەڵات، ڕێگا بۆ تیۆری سیاسی مۆدێرن دەکاتەوە. هەوڵدەدات ناهاوسەنگییەک بۆ هاوسەنگی بگێڕێتەوە، کە دوای دابڕانی مەعریفەیەک بە دنیای ئەرستۆیی لەجیهانی سیاسەت هاتبوەدی. لە ڕاستیدا شێوەی تەواووی ئەو هاوسەنگییە لەبینایەی تەلارسازانەی سیاسەتی عەقڵانی هۆبز دەدۆزینەوە کە لەسەربنەمای گۆڕانی ماکیاڤیلی سیاسەت وەستاوەتەوە. بە وتەی لیۆ شتراوس: (ماکیاڤیلی گرنگتر لە کریستۆفەر کۆڵۆمبۆس، دۆزەرەوەی کیشوەرێکە کە هۆبز ڕێنماییەکانی لەسەر بینا دەکات). ئامانجی هۆبز بە زانستی کردنی سیاسەت بەهۆی میتۆدی ماتماتیکی گالیلۆیە کە دوا لێکۆڵینەوەی فەلسەفیەکەی لای هیگڵ دەدۆزینەوە. بەڵام سیاسەتی زانستی هۆبز هەلومەرجی بونی خۆی لەکاتی ماکیاڤیلی گەڕانەوەی بۆمەیدانی کردەوەی سیاسی مرۆڤەکان دەدۆزێتەوە. بۆیە، هزری سیاسی ماکیاڤیلی بەدیهێنەری (کاتمەندی کردەوەیی)ە کە تێیدا چەمکی سیاسەت واقعیەتی سیاسی نوێ پێەو دەکات. لە ڕوانگەی ماکیاڤیلی (کاتمەندی کردەوەیی) دەربـڕی ماهیەتی مێژوویی ڕەفتاری مرۆڤەکانە لەکۆمەڵگادا. ئێستا بایەتێکە لەکتێبی میر بەرچاومان دەکەوێت، کە تاچەند قبوڵکردنی ماهیەتی مێژوویی واقعیەتێکی سیاسی، کاریگەری بەسەر دیاریکردنی چەمکی نوێی سیاسەتەوە دەبێت.

پێداچونەوە بەکتێبی ماکیاڤیلی ڕێمان پێدەدات چەمکی (سیاسەت) لەپەیوەند پێی بە دوو چەمکی (دەسەڵات) و (دەوڵەت) دیاری بکەین. وتمان کە سیاسەت بە ڕای ماکیاڤیلی، وەک سیستەمی سەپاندنی دەسەڵاتی دەوڵەتە. لەم ڕوانگەیەوە، دەسەڵات، وەک داینەمۆی سەرەکی بەکارهێنان و چالاکی دامەزراوەکانی دەوڵەت ڕەنگدەداتەوە. بەدیوێکی دیکەدا، دەوڵەت لەپەیوەند بەدەسەڵاتی سیاسی هەیە؛ دەسەڵاتی دەوڵەت بەهۆی دیسپلینی کۆمەڵایەتی دەسەپێنرێت. کەوایە ماهیەتی دەسەڵاتی دەوڵەت هەرچیەکبێت، ئاشکرایە کە هیچ کۆمەڵگایەک بەبێ دیسپلین،

پێی ڕێکناخرێت؛ چونکە ئاڵۆزترین کۆمەڵگای مرۆڤایەتیش لەسەر جۆرێک دیسپلین وەستاوەتەوە. ئەگەر دیسپلینی کۆمەڵایەتی نەبێت، ژیانی کۆمەڵایەتی نابێت، دەکرێت بوترێت دیسپلین، هۆکاری یەکپارچەکردنی کۆمەڵگای سیاسییە. بەمەش، هەر دەسەڵاتێک بۆئەوەی دەسەڵات بێت، پێویستی بەدیسپلینە، هەردەسەڵاتێک، دیسپلینی تایبەتی خۆی دێنێتەئارا. لە دیموکراسیدا، دیسپلینی یاسا باڵادەستە، لەکاتێکدا کە حکومەتە ستەمکارو ستەمکەرەکان، دیسپلین بە زەبری چەک و بە سەپاندنی توندووتیژی تێکەڵ بە زۆر دێننەئارا. سەرەنجام دیسپلین لە هەردوو جۆری حکومەت لە یەکێکیاندا هەیە، بە ڕێزگرتنی یاساکان لەلایەن هاووڵاتییان، لەدووەمدا، لە ڕێگای ترساندنی هاووڵاتییان لەدەسەڵاتی دەوڵەت. ناتوانرێت ئاڵۆزی و بڵۆزی هەردیسپلینێک تەنها بەهۆی کار دیاری بکرێت، بەڵکو پەیوەندی بە پاراستنی ئەو دیسپلینەشەوە هەیە. بۆیە، سەقامگیری سیاسی، زیاتر ئاکامی بەردەوامی دیسپلینە.

ڕێنماییەکانی ماکیاڤیلی لەم بارەیەوە، تەواوو دروست دێنە بەرچاو. دەکرێت کتێبی وتارەکان لەجیاتی کتێبێک دابنێیت کە نووسەر هەوڵدەدات، لە دیسپلینی کۆماری بکۆڵێتەوە. لە کۆماریدا، دیسپلین، جمکی داواکاری ئازادییە. بە باوەڕی ماکیاڤیلی، کۆماری رژێمێکە کە، بەباشترین شێواز دیسپلینە، چونکە لە راستیدا، بەم هۆیە دیسپلین دەکرێت تا (کاری گشتی) بێتەدی. هەربۆیە، ماکیاڤیلی پێ لەسەر مەترسییەک دادەگرێت کە گەندەڵی بۆمانەوەی هەرکۆمارێک هەیەتی. مۆنتیسکۆش لەفەسڵی سێیەمی کتێبی سێیەمی رۆحی یاساکان، شوێن پێی هەمان بەڵگاندن دەکەوێت. گەندەڵی، سوود وەرگرتنی نادروستە لەدەسەڵات. بە قسەیەکی دیکە، خاوەن دەسەڵاتان، خۆیان ڕێپێدراو دەزانن کە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانیان، یاسا بشکێنن. هیچ کۆمارێک نادۆزیەوە بەردەوام یاسا بشکێنێت. کۆماری بەبێ یاسا مەترسی لەناوبردن و یان هەڕەشەی گۆڕانی بۆ حکومەتی ستەمکارو

سنەمکەر دەکات. ژیانی سیاسی لەهەر کۆمارێکدا، بەگوێرەی بڕیارەکانی یاساو بەپێی رێسایەک بەردەوام دەبێت، کە بۆ چالاکی لەکۆمەڵگادا دانراون. هەمان هەوڵ لەکۆماری رۆم سەرنجی ماکیاڤیلی رادەکێشێت، کە بۆ بە رێساکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی دەدرا. بەڵام وەک پێشتر وتمان، ماکیاڤیلی مەسەلەی حەقیقی بونی دیموکراسی رۆم ناخاتە روو. تەنها بەوە قەناعەت دەکات کە کارو چالاکی دامەزراوەکانی رۆمی لەهەمو رەهەندە سیاسی و سەربازیەکانیان شی بکاتەوە. بە رای ماکیاڤیلی، ئائەوکاتەی دەکرێت رۆم وەک نمونەی لەسەدا سەدی دیسپلین و هەماهەنگی سیاسی و سەربازی دابنێیت، ئەوە گرنگ نییە کە ئەو شارە دیموکراسی بووە یان کۆماری ئۆلیگاریشی. کەوایە نابێت ماکیاڤیلی لەجیاتی بیرمەندێک دابنێیت کە تەنیا بیر لە دیموکراسی دەکاتەوە، چونکە بیرکردنەوەکانی زیاتر پەیوەست دەبن بە هونەری سیاسەت و نەک بە لێکۆڵینەوەی تیۆرێکی تایبەتی سیاسی. بۆیە دامەزراندنی کۆماری وەک پێشکەوتنی بەهای ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو دادەنێت. دابڕانی پەیوەندی بە پاڵنەری سیاسی سەدەکانی ناوەڕاست، کەوایە توێژینەوەی مێژووی سەردەمی کۆن سەرهەڵدەدات. بە باوەڕی ماکیاڤیلی، یەکیەتی، بەردەوامی و رەونەقی کۆماری بەهۆی شێوازی کاری سیاسی دامەزراوەکانیەتی؛ هەمو هەوڵە سیاسیەکانی بۆ بەدەستهێنانی هەمان دەرەنجامی دامەزراوەکانی کۆماری فلۆرانسی کاتی خۆیەتی. لەچوارچێوەی بەراوردکردنی کۆماری رۆم و کۆماری فلۆرانس مانا دەدۆزێتەوە. هەوڵ نادات هەماهەنگی لەنێوان رۆحیەی مەدەنی هەبو لەکۆمەڵگاکانی کۆن و دامەزراوەکانی نوێ، بێنێتەکایە، بەڵکو هەوڵدەدا لەماناو ماهیەتی هاوسەنگی نێوان ئەو دووە بگات لەدنیای یۆنانی - رۆمی هەبووە و لەفلۆرانسی سەردەمی خۆی بەکاری بێنێت. ماکیاڤیلی، بۆ ئەنجامدانی ئەو مەبەستە شێوازی بیرکردنەوەیی سیاسی باو ئاوەژو دەکاتەوە تا بنەماکانی خودموختاری سیاسی فلۆرانس دابنێت.

به رای ماکیاڤیلی، ئاکە ئامانجی سیاسی، فۆرمۆلبەندی چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان نییە، بەڵکو هەروەها بەدیسپلین کردنی هۆکارەکانی پێکهێنەری ژیانی دەوڵەت دەخاتە ژێرسەرنجەوە. پێیوایە، چالاکی سیاسی، بریتییە لە ڕێکخستنی کۆمەڵێک هەرەمی کۆمەڵگا بەهۆی ئیدارەی دەوڵەتەوە. هزری جیاکردنەوەی کۆمەڵگای مەدەنی لەدەوڵەت، هەرلەوێ دەردەکەوێت. لەتیۆرە سیاسیەکانی ماکیاڤیلیدا، ئەو هزرە لەبەراییدا بەشێوەی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی میر(و یان دەسەڵاتی کۆماری) لەخەڵکدا رەنگدەداتەوە. هەربۆیە، ناتوانی لەبەرهەمەکانی ماکیاڤیلیدا هیچ جۆرە ئاماژەیەک بە وێرانکردنی هەرەمی کۆمەڵی ژێردەسەڵاتی (دەوڵەتی ئێستا لەهەمو شوێنێک و چاودێری هەموشتێک) بدۆزیتەوە. دەوڵەت وەک دەسەڵاتێک نابینێت کە هەمو کۆمەڵگای مەدەنی لەخۆیدا مەحاڵ کردووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بەردەوام دەربارەی رەفتاری دەسەڵاتی دەوڵەت لەگەڵ خەڵک، هۆشدارییان دەداتێ. بە دەستەواژەیەکی دیکە، لەچاویدا، (مەیدانی سیاسەت) مەیدانێکی بێ سنوور نییە کە دسەڵات هەوڵبدات حکومەتی بەسەردا بکات. هەربۆیە، ماکیاڤیلی، هەرجۆرە وێنایەک لە (ئێکڕایی ئۆرگانیک) دەوڵەت وەدەردەنێت. لەتیۆرەکانیدا، مەیدانی سیاسەت، کەشێکە کە ماهیەتەکەی بەردەوام هاوکاری گۆڕانکارییە. ماکیاڤیلی بەبیرکردنەوەیی دووبارە لەسیاسەت، هەر چوارچێوەیەکی زارەکی دەباتە ژێر پرسیار، کە باوەڕی بە بەردەوامی ژیانی دامەزراوەکانی ئێکدەری دیسپلینی سیاسی هەیە. بەمەش، بە باوەڕی (دەکرێت شکوگومان لەهەمو ستراکتۆرەکانی یەکیەتی گەرادا بدۆزییەوە). ئەوە رایەکی راشکاوە کە خۆی لەخۆیدا بۆ رونکردنەوەی هەڵوێستی ماکیاڤیلی لەنێوان بیرمەندانی گەورەی سیاسی بەسە، بە تایبەت کە هزرو راکان - هیچکات خۆی لەخۆیدا، زەین مژول ناکات، بەڵکو کاتێک لێیان دەکۆڵێتەوە کە بەکردەوە رەنگبدەنەوە، هەم لەکردەوەشدایە کە ژیانی حەقیقیانمان بۆ دەردەکەوێت.

کەوایە، ماکیاڤیلی، لە مێژووی بیروڕای سیاسی، پێگەی تایبەتی هەیە. بیرکردنەوەیی ماکیاڤیلی، نە سازشگەرایەو نە شۆڕشگێڕی؛ بەردانگەکانی، بە تایبەت، نە دیکتاتۆرن و نەئاژەوەچی. قسە بۆ هەمو ئەوکەسانە دەکات کە کەموزۆر خۆیان بۆ سیاسەت تەرخانکردووە، یان بەهۆی سیاسەتەوە دەژین. بەم بەڵگەیە، لێکدانەوەی هزرە سیاسیەکانی ماکیاڤیلی، وەک پێوەرێک بۆ دەرکی چارەنووسی سیاسی تاکەکان پێویستە. بۆیە تازە ژیانی بەردەوامی ماکیاڤیلی دەستی پێکردووە.

*** سەرچاوە، کتێبی، ماکیاولی و اندیشە رنسانس، رامین جهانبگلو**

# نیکۆلۆ ماکیاڤیللی
# چ ناوێکی مەزن، چ ستایشێک

عەبدولڕەحمان عالم
وەرگێڕانی: ئایدیا

**١. ڕەوشی سیاسیی ئیتالیا**

لە قۆناغی ڕێنیسانسدا، هێزە گۆڕانخوازەکانی کایەی زانستی و هزری لە ئیتالیا، لە هەموو ناوچەکانی دیکەی ئەوروپا چالاکتر بوون. ئیتالییەکان زێتر لە ئەوروپاییەکانی دیکە، چالاکبوون لە دژبەرە سیاسییەکانی نێوان پاپاکان و لە نێوان خۆیان و پاشاکاندا و زۆر بێزار بوون لە ڕەفتارە خراپ و گەندەڵی و ریسواییەکانی هەندێک لە پاپاکان. لەتەک گشەسەندنی ئێڕوانینی سیکیۆلاریانەی نوێسەردەم، کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ڕەهەندەکانی ژیانی خەڵکی هەبوو، چەندین پەرچەکرداری سروشتی و لۆژیکی هاتنەئارا. زانکۆکان دادەمەزرێنران و پسپۆڕیی نائایینیش بەرفرە دەبوو. ئەم گۆڕانە لە فێرکارییە کڵێساییەکانەوە رووەو زانکۆکان، نیشانی دەداث ئیتالییەکان بە جەختکردنەوە لەسەر ئاوەزگەرایی و ئەزموونگەرایی ، ئاراستە رووەو فێرکارییەکانی نوێسەردەم وەردەگرن و بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا دژبەری سکۆلاستیسیزمن . لە ڕەوشی کۆمەڵایەتی نوێسەردەمدا، هەموو جۆرەکانی هونەر و داهێنانە هزرییەکان گەشەیانکرد. چالاکییە بازرگانییەکان سوودێکی زۆری بەوانە گەیاند، کە پیشەی بازرگانیان هەبوو و ئەو سامانەی کۆکرایەوە، یارمەتیدەرێکی باشی پەرەسەندنی زانستی و هونەری بێ پێشینە بوو لە مێژووی جیهاندا.

لەتەک بوونی هەموو ئەو هەلومەرجانەی لە بەشەکانی دیکەی ئەوروپا یەکێتی نەتەوەیی و پێشکەوتن و پەرەسەندن هاتبووە ئارا، لە ئیتالیاشدا هەبوون، بەڵام کۆمەڵەی ئاڵۆزی ڕەوشی سیاسیی و کۆمەڵایەتی

و هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان، هێزە ئارابیەکانی لە ئەوروپا خستبووە ژێر کۆنترۆڵەوە. پەرتەوازەیی سیاسیی نیمچە دوورگەکانی ئیتالیا، ڕێگربوو لە ئاراستەی سەنترالی کەشی دەستەڵاتدارێتی ستەمکار. لەو ڕۆژگارەدا، لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدەهەمدا، ئیتالیا لە پێنج دەوڵەت پێکهاتبوو و هەموویان تا ئاستێک دەستەڵاتی یەکسانیان هەبوو: ناپۆلی ، میلانۆ، فلۆرەنس ، ڤینس ، هەرێمی پاپا یان رۆم. (ل17...) ئەم دەوڵتانە لە روانگەی کۆمەڵایەتی-سیاسییەوە رەوشێکی جێگیریان نەبوو. رەوشە ناوخۆییەکانیان ناجێگیر بوو. ململانێ چینایەتی و گروپییەکان، ئەو دەوڵەتانەیان خستبووە دۆخی ئاشووب و قەیرانەوە. سیستەمە جیاوازە سیاسییەکان بەخێرا جێگەی یەکدیان دەگرتەوە، چونکە ململانێ توندە بەردەوامەکانی نێوان گروپە جیاوازە ئەریستۆکراتییەکان و لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەنداندا، خەڵکی خوازیاری فۆرمێکی حوکمڕانی تایبەتمەند بە هێز دەکرد. ئەم رەوشە، پێنج دەوڵەتەکەی ئیتالیای خستبووە بەردەم زیانی دەستێوەردانی دەرەکییەوە. سوپا بەکرێگیراوەکان و هەندێک جار سوپای وڵاتانی دیکە، وەکو فەرەنسا یان ئیسپانیا، بەشەکانی ئیتالیایان داگیر دەکرد . ئەگەر پێویست بێت ئیتالیا رووەو یەکێتی نەتەوەیی ئاراستە وەربگرێت و پەیڕەوی لە پرۆسیسی بنەڕەتی وەرچەرخانی مێژوویی بکات، ئەوا پێویستە ئەم پێنج دەوڵەتە، بەهەر شێوەیەک بێت، دەبێت یەکبگرن. بە شێوەیەکی گشتی، هەمووان دەیانزانی ئەم یەکێتییە تەنها بەڕێی هێزەوە شیاوی پێگەیشتنە. گەورەترین رێگری بەردەم یەکێتی نەتەوەیی، دەوڵەتی پاپا لە ژێر فەرمانی خودی پاپادا بوو ئەمەیان لە روانگەی جیۆگرافیی بێبەهاوە، بەهێزترین و باشترین دەوڵەتی ئیتالیا بوو لە روانگەی بەڕێوەبەرایەتییەوە. پاپا بێگومان گەرەکیبوو سەرتاسەری ئیتالیا کۆنترۆڵ بکات و لەم شێوەیەشدا ئیتالییەکان پێویست بوو لە بەرانبەر وەها بزووتنەوەیەکدا رانەوەستابان، ئەگەر پاپا بە ئەندازەیەکی باش بەهێز نەبایە تا بەڕێگەی هێزەوە یەکێتی ئیتالیا بهێنێتەئارا، ئەوا

دەیتوانی ئەوانیدیکە لەم کارە دووربخاتەوە، کەواتە هیچ ڕێگەیەک بۆ یەکێتی بوونی نەبوو. ماکیاڤێللی لە گوتارەکان لەبارەی یەکەمین دە کتێبی تیتیوس لیڤیوس، بەمجۆرە باسی ئەم پەرتەوازە سیاسییە و پێگەی پاپا دەکات:

...کڵێسا وڵاتی ئێمەی هێشتا بە دابەشکراوی هێشتووەتەوە و ئاشکرایە هیچ وڵاتێک ناتوانێت هەرگیز بە قۆناغی یەکێتی بگات و شاد بێت، تەنها ئەوکاتە نەبێت، کە تەواو دەبێتە گوێڕایەڵی حکومەتێک، چ ئەو حکومەتە کۆماری بێت یان پاشایەتی، بەوجۆرەی لە فەرەنسا و ئیسپانیا دەبینرێت، تەنها ئەو هۆکارەی ئیتالیا بە وەها رەوشێک نەگەیشتووە و نەبووەتە فەرمانبەری حکومەتێکی کۆماری یان پاشایەتی، کڵێسایە... (ل18....) کڵێسا نە ئەو هێزەی هەیە بتوانێت دەسەڵاتدارێتی تەواوی ئیتالیا بگرێتە دەست و نە مۆڵەت بە هێزێکی دیکە دەدات ئەم کارە مەزنە ئەنجام بدات و هەمان پنت بووەتە هۆی ئەوەی ئیتالیا هیچ کاتێک نەتوانێت بەهۆی رێبەرێکەوە یەکێتییەک کۆنترۆڵ بکات و هەمیشەیش لە بەندی زنجیری ژمارەیەک لە میران و ئەریستۆکراتەکاندا دەمێنێتەوە و ئەمەش تا ئەو ئاستە بووەتە هۆی داڕمان و نشوست و لاوازبوون، کە نەتەنها بووەتە نێچیرێک لە بەرانبەر بەربەرە بەهێزەکان، بەڵکو بووەتە ئەو نێچیرەی هەرکەسێک رۆژێک حەزبکات سنووری ئیتالیا ببەزێنێت، ئەوا دێتەناوی و داگیری دەکات .

ئەم جۆرە پەرتەوازەیە سیاسییە لە ئیتالیادا زۆر زیانبار بوو، بەتایبەت لە روانگەی ئەو کەسانەی بە رۆشنی دەیانزانی چی روودەدات و ئەم پەرتەوازەییانە تا چ ئەندازەیەک زیان بە مۆراڵی سیاسیی و دەروونی تاکی ئیتالیایی دەگەیەنێت. رێکخراوە کۆنەکانی کڵێسا و ئیمپراتۆری، ئیدی وەکو رابوردوو نەیاندەتوانی لە ئاستی رۆحیەتی یەکێتی و رووکردنە مۆراڵی تایبەتی و گشتیدا بن. پاشاکانی ئیسپانیا، فەرەنسا و ئینگلاند توانیبوویان

بە هێز یەکێتی سەرتاسەری وڵاتانی خۆیان بهێننەئارا و هاوسەنگییەک بۆ رەفتاری مۆراڵی بە هێزێکی ناچارکەرەوە برەوپێبدەن، بەڵام لە ئیتالیا پاشایەکی نەتەوەیی بوونی نەبوو. سەرەنجام مۆراڵی سیاسیی بەخێرایی هەرەسی دەهێنا:

جڤات و سیاسەتیی ئیتالیی بە شێوەیەکی تایبەتی نیشاندەری داڕمانی دامـەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بوو. ئیتالیای ئەو رۆژگارە جڤاتێک بوو لە روانگەی هزرییەوە درەوشاوە و لە روانگەی هونەرییەوە داهێنەر، بەڵام هاوکات لە روانگەی سیاسییەوە کەوتبووە نێو گەندەڵی سیاسیی و داڕمانی مۆراڵ، دامەزراوە سیڤیلییەکان یا سیاسییەکانی پێشووتر لەکارکەوتبوون. ستەمکاری و مرۆڤکوژی رێگە باوەکانی حکومڕانی بـوون، راستی و دروستکاری وەکو رارایییەکی منداڵانە خۆیان دەنواند، بەو جۆرەی کەسێکی رۆشنبیریش نەیدەتوانی ناڕەزایەتی بەرانبەر بەوانە دەرببڕێت. هێز و ساختەکاری کلیلی سەرکەوتن بوون. هەرزەکاری و رابواردن و گەندەڵی مۆراڵی بە ئەندازەیەک بوو لەباسکردن نایەت. خۆپەرستییەکی بێباکانە، تاکە بزوێنەر و بنەمای کردار نواندن بوو قۆناغێک بوو، بە راستی دەتوانین بە قۆناغی «فێڵبازان و ئاژاوەگێڕان»ی بزانین، (ل19...) جڤاتێک بوو بە راستی نیشاندەرەوەی ئەم قسەیەی ئەریستۆتێلیس بوو: «ئەو کاتەی مرۆڤ لە یاسا و دادپەروەری دووربکەوێتەوە، لە هەموو ئاژەڵان نزمتر و خراپترە» .

هەمان ئەوەی ئیتالیای لە رابوردوو دابڕی، دەستەڵاتگرتنە دەست بوو لەلایەن ستەمکارانی دەوڵەتە جۆراوجۆرەکان، کە تەنها بەهۆی هێز و ساختەکارییەوە دەهاتنە سەرکار. ئەم ستەمکار و دیسپۆتیستانە تەنانەت زێتر لە خەڵکی، دووربوون لە هەستی پابەندێتی مۆراڵی. ئامانجیان دەستەڵات بوو، بەدەستهێنانی دەستەڵات و پاراستنی، هەر ئامرازێکیان بەکاردەهێنا بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. بەڵام هەموو هەوڵەکانیان، سەرەنجام لەناوچوونی خۆیانیانی لێدەکەوتەوە. دەستەڵاتداران بۆ لەدەستنەدانی تاج و تەختیان،

دەکەوتنە نانەوەی ئاژاوە لەتەک نەیارەکانیان، یان هەندێک جار داوای یارمەتیان لە پاشای وڵاتێکی دیکە دەکرد. ئەم پاشایە لەتەک ئامادەکردنی سوپادا، بە گشتی پێگەیەکی دەستەبەر دەکرد تا بە شێوەیەکی تەواوو بەسەر رەوشەکەدا سەروەر بێت، جگە لەم شێوەیە، سوود لە سەربازانی بەکرێگیراو وەردەگیرا، کە لە کاتی هەستیاردا، خۆیان بە لایەنی بەرانبەر دەفرۆشت یان مەیدانی جەنگیان بەجێدەهێشت و سەرپەرشتیارەکەی خۆیان لە گرفتارییەکی شەرمەزاریدا بەجێدەهێشت.

هیچ کەسێک وەکو ماکیاڤیللی لەم رەوشە سیاسییەی ئیتالیا تێنەگەیشت، ئەمەش بە رۆشنی لە زۆرینەی بەرهەمەکانیدا رەنگیداوەتەوە، هیچ کەسێکیش هێندەی ئەو، رێگەچارەیەکی شیاوی بۆ دەرچوون لەم رەوشە دانەڕشتووە.

**بە گوتنی ساباین لە رۆژگاری ماکیاڤیللیدا:**

هیچ کەسێک وەکو ئەو ئاقارە سیاسییەی لە سەرتاسەری ئەوروپادا هاتبووە ئارا، بە رۆشنی نەبینیوە. هیچ کەسێک وەکو ئەو داڕزاوی و کۆنی ئەو دامەزراوانەی نەبینیوە، کە لە دۆخی داڕمان یان پەسەندکردنی تەواوەتیدا بوون، هیچ کەسێک وەکو ئەو لەو قۆناغەدا هەستی بە یەکێتی نەتەوەیی نەکردووە و ستایشی نەکردووە. هیچ کەسێک بە ئەندازەی ئەو بە ئاگا نەبوو لەبارەی گەندەڵی مۆراڵی و سیاسیی و هەروەها هیچ کەسێک، لەوانەیە، بە ئەندازەی ئەو لەبارەی ژیانێکی کۆمەڵایەتی شیاوتر، هەستی بە دڵتەنگی نەکردبێت، ئەو جۆرە دڵتەنگییەی لە هۆشی ئەودا بوو، لە رۆمی ئەنتیکەوە سەرچاوەی دەگرت. بێگومان هیچ کەسێک بە ئەندازەی ماکیاڤێللی، ئیتالیای نەناسیوە . (ل20....)

### 2. ژینگەی سیاسیی ڕۆژگاری ماکیاڤیللی

سەرنجخستنەسەر ژینگەی سیاسیی ڕۆژگاری ماکیاڤێللی، دوای خستنەڕوویەکی گشتی ڕەوشی سیاسیی ئیتالیا، هاوکاریمان دەکات تا باشتر لە هزری سیاسیی ئەو تێبگەین. هیچ کەسێک ناتوانێت رابکات لە ژینگەی کۆمەڵایەتی، سیاسیی-ئابووری و کولتوورییەکەی خۆی. بە گوتنی دونینگ:

داکەوتێکی ئاشکرایە ڕەوشی کۆمەڵایەتی، ئاگامەندانە یان نا، ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، هەمیشە کاریگەری لەسەر فونکسیۆنی هۆشی مرۆڤ دادەنێت. ژینگەی کۆمەڵایەتی-سیاسیی هۆکارێکی یارمەتیدەری ناسینە، چونکە هیچ کەسێک ناتوانێت لێی رابکات و هەمووان پەروەردەکراوی ئەون. لە ڕامان و نووسینی کەسەکان هەمیشە ئاماژەکردنەکان بەم ژینگەیە ئامادەیی هەیە. لە فەلسەفەی سیاسییدا، هیچ کەسێک هێندەی ماکیاڤێللی ڕووینەکردۆتەوە کاریگەریی ژینگە. ئەم فلۆرەنسییە شکۆمەندە بە تەواوی نەوەی ڕۆژگاری خۆی بوو .

ماکیاڤێللی لە ڕۆژگارێکدا دەژیا، تێیدا ئیتالیا بە شێوەیەکی گشتی، بەوجۆرەی گوترا و فلۆرەنس، زادگەی ئەو، بە شێوەیەکی تایبەتی، دووچاری چەندین ئاشووب و قەیرانی بەربڵاو هاتبوو. ئەم قەیرانانە، چەندین ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسییان هەبوو، هێرنشۆو لەمبارەیەوە دەنووسێت:

ئیتالیا لە ڕوانگەی هزری و هونەرییەوە پێشڕەوی ئەورووپا بوو، بەڵام لە ڕوانگەی مۆراڵ و سیاسەتەوە پاشڕەوترین وڵاتی ئەورووپا بوو. خەڵکەکەی، نەژادەکان و کولتوورە هەمەچەشنەکان، بە تەواوی گەندەڵ بووبوون. دەستەڵاتی سوپایی ئیتالیا بە تەواوی داڕمابوو. (ل21....) میرەکان گەندەڵ و خراپەکاری پێرفێکت بوون. کڵێسای ئیتالی چێژپەرست و بە ئەندازەیەکی نەشیاوی باوەڕکردن، گەندەڵ بووبوو. ناکۆکی و دووبەرەکی و فێڵبازی وڵاتی تووشی داڕمان کردبوو. هیچ جۆرە یەکێتییەک بەشە

پەرتەوازەکانی ئیتالیای بەیەکەوە نەدەبەستەوە... لە گەمە سیاسییەکانی ئیتالیادا، هیچ جۆرە پرەنسیپێکی رێز و مۆراڵ رەچاو نەدەکرا. خیانەت و پەیمانشکێنی، دەرمانخواردکردن و کوشتن، سوێندخواردن بە درۆ و ریاکاری و سووکایەتیکردن بە پیرۆزییەکان و بێدینی-هەرجۆرە بێنرخی و کاری نەفرەتئامێز، لەئارادابوون .

لە رۆژگاری ماکیاڤێلیدا بزووتنەوەی لایەنگرانی حکومەتی سنووردار، هەم لە کڵێسا و هەم لە دەوڵەتدا، کە لە سەردەمی کونسلگەراییدا وەها پێشکەوتنێکی جوانی بەخۆوە بینیبوو، بە تەواوی لەنێوچوو جێگەی خۆی چۆڵکرد بۆ لایەنگرانی پاشایەتی ئۆتۆرینەخواز. جێگیری سیستەمی پاشایەتی، هەموو سیستەمە ئەریستۆکراتییەکانی ئەورووپای سەرکیشوەری لەنێودەبرد. لەو رۆژگارەدا، مەزنەدەوڵەتەکانی ئەورووپا لە وڵاتانی خۆیاندا، چەندین پاشایەتی ئۆتۆرینەگەرایان دامەزراندبوو پەرەیان پێدابوون: هێنری حەوتەم لە ئینگلاند، لیوسی یازدەهەم، چارلزی هەشتەم و لیوسی دوازدەهـەم لە فەرەنسا و فێردیناند لە ئیسپانیا. ئەم پاشایەتە ئۆتۆرینەگەرایانە توانیبوویان دەسەڵاتی سیاسی پێکهاتە ئەریستۆکراتییە فیۆدالییەکان بە تەواوی لەنێوبەرن. بەڵام هێشتا ئیتالیا هیچ جووڵەیەکی تێنەکەوتبوو و هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەبینیبوو. ئیتالیا ماڵێک بوو لە نێو خۆیدا بەش بەش کرابوو. ماکیاڤێللی ئۆپۆزیسیۆنی ئەم رەوشە بوو.

یەکێتی سەرتاسەری نیمچەدوورگەکانی ئیتالیا و دامەزراندنی حکومەتێکی ئۆتۆرینەگەرا لە تێڕوانینی ماکیاڤێلیدا ئامانج، لەوانەیە تەنها ئامانجی بەهامەند بوویێت، کە بە شێوەیەکی ناسیۆنالیزمی لە پێکهاتەیەکی سیاسییدا خستیەڕوو. ئەو وەکو نموونەیەکی باڵا و جێگیر لە فەرەنسا و ئیسپانیای دەڕوانی، بەهۆی پەیوەندی بەم یەکێتیبەخشییە یان ناسیۆنالیزمەوە بوو فەلسەفە سیاسییەکەی خۆی بە مێتۆدێک هێنایەئارا، کە بە تەواوی جیاواز بوو لە فەلسەفەی سیاسیی هزرڤانانی سەدەکانی نێڤین. (ل22...)

ماکیاڤێللی بە روون و ئاشکرایی ئەو هێزانە دەناسێت، کە رێگەی یەکێتی و دەستەڵاتیان لە ئیتالیا داخستبوو. بەر لەو، هیچ کەسێک نەیویستبوو رێگەکە بکاتەوە یان هیچ کەسێک هێندەی ئەو، رێگەچارەیەکی باشی بۆ دەرچوون لەم قەیرانەی ئیتالیا، پێشنیار نەکردبوو. ئەو ئارەزوومەندی وزەیەکی پاکی گشتی بوو و دەشیزانی ئەمە تەنها دەشێت بەرێی چاکسازی مۆراڵی تایبەتییەوە دەستەبەر بکرێت. چەندین جار گەشتی دەرەوەی ئیتالیای کردبوو، چۆنێتی بەرێوەبردنی حکومەتەکانی دیکەی بینیبوو سەرنجی خستە سەر وزەی هاوولاتی لە حوکمڕانی نەتەوە و دەوڵەتاندا.

ماکیاڤێللی نەفرەتی لەو بێگانانە دەکرد، کە لەسەردەمی ئەودا، زادگاکەیان دووچاری پێکداهەڵپژان و قەیرانی سیاسیی کردبوو، ئەویش وەکو سیاسەتڤانێکی ئاوەزمەند و ریالیست، باوەڕی وابوو پێویستە ئیتالییەکان بکەونە کێبەڕکێوە لەتەک نەتەوەکانی دیکەدا. ململانێی خێزانە ئەریستۆکراتییەکانی ئیتالیا، پێکهاتەی سیاسیی ئیتالیایان وەها لاواز کردبوو، کە ئەم وڵاتە بە ئاسانی بووبووە ئامرازی دەستی پاشاکانی وڵاتانی دیکە. ماکیاڤێللی هەوڵیدا گۆڕان بەو رەوشە بدات. بە تێڕوانینی ئەو، تەنها گەیشتن بە رێگەچارەی شیاو، یەکێتی سەرتاسەری ئیتالیایە، ئەمەش تەنها بە رێبەرێتی میرێک شیاوی پێگەیشتنە و لەم پێناوەشدا هەوڵێکی زۆر جدی بدات و هیچ جۆرە تێبینییەکی مرۆییانە، مۆراڵیانە یان ئایینییانە نەگەرەکە کارەکەی ئەو رابگرێت. کاتێک دەشێت بە رۆشنی لە هزری سیاسیی ماکیاڤێللی تێبگەین، ئەگەر لەم پنتە سەرەکییە بەئاگا بین. (ل22...)

# تێگەی سیاسەت لای ماکیاڤیللی

شەکوە مەحمود زادە
وەرگێڕانی: هێرۆ ئەحمەد

## پێشەکی

ناوبانگی ماکیاڤیللی وەکو بانگەشەکار و بەرگریکاری سیاسەتی هێز، تا ئەمڕۆش لە سەرتاسەری جیهاندا ماوەتەوە. نووسراوە سیاسییەکانی، لای هەندێک لە رەخنەگران، وەکو ئاراستەکەری بەرژەوەندی دەستەڵاتداران و پاساوی سوود وەرگرتن لە دەسوێژێک بۆ گەیشتن بە ئامانج، ناسێنراوە. بەڵام دەوالیزم و دووڕەهەندی هزری ماکیاڤیللی، نیشانەی بەردەوامی و تازەییەتی. هێشتاش دوای نزیکەی پێنج سەدە، هزرە سیاسییەکانی ماکیاڤیللی شیاوی لێکۆڵینەوەن و هزری زۆرینەی ئەو توێژەرانەی بەخۆیەوە مژوول کردووە، کە لەتەک لێتوێژینەوەی سیاسییدا خەریک دەبن. ئەم نووسینە، هەوڵێکە بۆ خستنەڕووی دووبارەی هزرەکانی ئەم هزرڤانە سیاسییە مەزنەی قۆناغی رێنیسانس و هاوکات هەوڵێکە بۆ ناسینی پێگەی ماکیاڤیللی لە نێو مێژووی هزرە سیاسییەکاندا.

## پێگەی ماکیاڤیللی لە نێو مێژووی هزری سیاسییدا

ئەو پرسیارانەی لەلایەن ماکیاڤیللییەوە لە سەرەتای سەدەی شازدەهەمدا سەرەتای گرتبوو، هێشتاش شیاوی لێتوێژینەوە و گفتوگۆن لە سیاسەتدا. پرسە گرنگەکانی جێ سەرنجی ماکیاڤیللی بریتین لەوەی، کە پەیوەندی نێوان سیاسەت و مۆراڵ چییە و پێویستە چۆن بێت؟ ئایا سیاسەتڤانێک دەبێت تەنها سەبارەت بە سەرکەوتنی کار و کردارەکانی خۆیەوە بهزرێت یان پێویستە پەیڕەوی لە یاسا گشتییە مۆراڵییەکان بکات؟

تیۆری و فەلسەفەی سیاسیی دەتوانێت چ ڕێسایەک لەخۆبگرێت بۆ کرداری سیاسیی؟ ئایا ڕێساگەلی گشتیی بڕواپێکراو و باو هەن سەبارەت بە سەرکەوتن بۆ کرداری سیاسیی یان سەرکەتنی سیاسیی زێتر لە ئەنجامی کاردانەوە لەمەڕ نەرمی نواندن و خۆگونجێن پەیوەست بەهەلومەرجە جیاوازەکان، کە شیاوی دەستەبەربوون بێت؟ ئاسۆکانی سیاسەت چۆن لەتەک یاسامەندییە تەواوو پەرەسەندووە مێژووییەکان پەیوەندی دەگرن؟ ئایا شتێکی پەرەسندووی جیهانی لە مێژوودا بوونی هەیە یان هەر قۆناغێکی پەرەسەندن لە مێژوودا، قۆناغێکی پەرەسەندن یان وەرچەرخان بەدوای خۆیدا دەهێنێت؟ تەواووی ئەم پرسیارانە، پەیوەستن بە هزرڤان و تیۆریستێکی فلۆرەنسی سەدەی شازدەهەم.

سپینۆزا و ڕۆسۆ، لە فەلسەفە سیاسییەکەی خۆیاندا، هەمیشە پەیڕەوییان لە ماکیاڤیللی کـردووە. لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمدا، هێگل و فیختە، کە هاوچەرخ و بینەری داڕمانی ئیمپراتۆریی رایشی کۆنی ئەڵمانی بوون، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارە سیاسییەکانی خۆیان، بۆ کتێبەکانی ماکیاڤیللی دەگەڕانەوە. لە سەدەی بیستەمدا، هەم مۆسۆلۆنی و هەم گرامشی، کە نەیاری ئەو و لە زیندانەکانی دابوو، باوەڕییەکانی خۆیان پەیوەست دەکرد بە ماکیاڤیللییەوە و بۆ هزر و رامانە سیاسییەکانی خۆیان، بۆ ماکیاڤیللی دەگەڕانەوە. بەم چەشنە، ماکیاڤیللی توانی وەکو «ڕێبەری هزریی» کێشە و رەوت و تاکە جۆراوجۆرەکان و هەندێکجاریش دژبەری خۆی، بدۆزرێتەوە.

ئەم دۆزینەوەیە لە لایەکەوە دروستە، چوونکە ماکیاڤیللی لە تەواووی نووسراوە سیاسییەکانی خۆیدا، هەرگیز بە جەختەوە لایەنگیری رەوتێکی سیاسیی ناکات. لە نووسراوەکانی ئەودا دەشێت چەندین دەربڕین بدۆزرێنەوە، کە زێتر کۆنزەرڤاتیڤانە، یان زێتر چاکسازیخوازانە و یان زێتر شۆڕشگێڕانەیە. کۆنزەرڤاتیڤە ئینگلیزی و ئەمەریکاییەکان، زێتر کتێبی

«گوتارەکان» دەکەنە رۆژەڤی خۆیان، لە کاتێکدا شۆڕشگێڕانی وەکو رۆسۆ و گرامشی و سیاسییەکانی ئەوروپای کیشوەری، زێتر ئاراستە رووەو کتێبی «میر» وەردەگرن. هەمان شت، دژبەری لە نێو نووسینەکانیدا هێناوەتە ئارا و خستنەڕووی ئەم دژبەرییەش، ئامانجی سەرەکی ئەم نووسینە پێکدەهێنێت.

چ سیاسەتێک باشترین سیاسەتە؟ ئەم پرسە بۆ ماکیاڤیللی هیچ گرنگییەکی نەبوو، بەڵکو ئەو لە هەلومەرجە باوە سیاسییەکانەوە سەرەتای دەگرت. تەنانەت لەمەش زێتر: هەم رێبەری شۆڕش جیامپی لە ئیتالیا، کە دەیخواست دەستەڵات مۆنۆپۆل بکات و هەم چزارە بۆرژا (یان سیزار بۆرژیا)، کە دەیویست دەستەڵاتەکەی خۆی بپارێزێت، بوونە جێ سەرنج و رامانە سیاسییەکەی ماکیاڤیللی. لە هەموو پنتە تیۆرییە سیاسییەکاندا، شتێک روانینی ماکیاڤیللی مژوول کردبوو: هونەری راست، ئەمە لای ماکیاڤیللی واتا کرداری سیاسیی، کە بۆ سەرکەوتن گۆڕا. ئەمە ئەو دەرەنجامەی لێکەوتەوە، کە تێڕوانینەکانی بوونە جێ سەرنج و سوودلێوەرگرتنی بزووتن و رەوتە جیاوازە سیاسییەکان. هاوکات، پێکهاتەی بناغەیی نووسراوەکانی ماکیاڤیللی لە بنەڕەتدا کۆماریخوازانەیە و هۆشی بەبەر پێکهاتەی دیمۆکراسیی خۆرئاواییدا کردووە. ئەم باوەڕییەی، کە ماکیاڤیللی کۆماریخوازێکی مەزنە، لەوانەیە وەکو پارادۆکس دەربکەوێت، لەبەرئەوەی هەم ژاکۆبنەکان و هەم ناپلیۆن خوێندویانەتەوە و سوودیان لێوەرگرتووە. هەروەها لینین و مۆسۆلۆنی پەیڕەویان لە هەندێک تێڕوانینەکانی ماکیاڤیللی کردووە. سەرباری ئەمە، پێویستە بگوترێت ئەگەر ئێمە ماکیاڤیللی وەکو رێبەری هزری حکومەتی تیرۆرئاسای ژاکۆبنەکان و جەنگە داگیرکارییەکانی ناپلیۆن و هەروەها بە رێبەری هزری کۆمیونیزم و فاشیزم بزانین، ئەوا تێڕوانینەکانی ئەومان وەرگێڕاوەتە سەر وێنەیەکی کاریکاتێری. لێرەدا هاودەنگ لەتەک رۆسۆ، پێویستە ببێژین: «ماکیاڤیللی لەژێر پەردەی پەروەردەکردنی پاشاکان، راستییەکەی وانەی فێری نەتەوەکان کردووە. میری ماکیاڤیللی، لە راستیدا،

کتێبی کۆماریخوازانە» . بەو جۆرەی دواتر دەبینین، دەستکەوتە هزرییەکانی ماکیاڤیللی رووەو دۆزینەوەی یاسامەندییە زاڵەکان بەسەر زانست و سیاسەتدا ئاراستەی وەرگرتووە و ئەو دەستوور و رێسایانەی بۆ کرداری سیاسیی دەیخاتەڕوو-سەرباری دەرکەوتنی پارادۆکسەکەی- گۆڕاوە بۆ دیمۆکراسی. لەتەک ماکیاڤیللیدا گۆڕانێکی نموونەیی لە فەلسەفەی سیاسیی کلاسیکی جیهانی ئەنتیکە و هەروەها تێگەیشتنی سیاسەت لە سەدەکانی نێڤین رووەو هزری سیاسیی سەردەمیانە (یان مۆدێرن)، روودەدات، کە دواتر تەواوی تێڕوانین و تیۆرییە سیاسییەکانی نوێسەردەم ئەم پێکهاتەیە دەکەن بە بنەڕەتی خۆیان. ماکیاڤیللی شێوازی پرسی سیاسەتی دووبارە داڕشتۆتەوە، و هەروەها رێکبەند و لە نوێوە فۆرمولەکەی کردۆتەوە و لەم روانگەیەوە دەشێت وەک دانەری زانستی سیاسیی مۆدێرن بناسرێت.

**پێکهاتەی قۆناغی رێنیسانس**

یاکوب بۆرکهارت، هزرڤانی گەورەی سویسرایی، لە کتێبەکەیدا «کولتووری رێنیسانس لە ئیتالیا» دەبێژێت: «رێنیسانس نەک لاساییکردنەوە و کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی جیهانی ئەنتیکە بوو، بەڵکو قۆناغی زیندووبوونەوە و دۆزینەوەی دووبارەی جیهان و مرۆڤ بوو. لە قۆناغی رێنیسانسدا، بۆ یەکەمینجار لە ئەوروپا و خۆرئاوا، پڕۆژەی «مرۆڤێکی جیهانی» داڕێژرا. ئەگەرچی ئەم «مرۆڤی جیهانی»یە راستییەکەی لەدایکبوونەوەی دووبارەی مرۆڤی ئەوروپایی و خۆرئاوایی بوو، بەڵام ئەو مرۆڤەی بەمجۆرە بە بانگەشەی جیهانێتی هاتە مەیدانەکە، ئامانجی دیاریکردن و راڤەکردنی تێڕوانینە گشتییەکانی مرۆڤایەتی بوو. رێنیسانس پرۆسیسی ئاگەرایی قۆناغێک بوو، گەرەکیبوو خۆی وەکو سێنتەری خۆبڕیاردەری ئاگامەند بناسێنێت، و لە لایەکی دیکەوە، خۆی دادەماڵێ لە جیهانی دراوە ئایینی-سیمبولییەکان، تا دووبارە لە پێکهاتەی ناتورالیستیدا خۆی بدۆزێتەوە».

لەو قۆناغەدا، شێوە ژیانی ستاتیک (وەستاو)ی سەدەکانی نێڤین دەرمێت و شێوە دینامیکییەکانی ژیانی قۆناغی نوێسەردەم سەرەتا دەگرێت. رووخسارەکانی ئەم دینامیکییە دەشێت لە هونەر، ئەدەبیات و فەلسەفەی ئەو قۆناغەدا بیدۆزینەوە. لە سەدەی چواردەهەمدا بۆرژوازی بازرگانی و دارایی ئیتالیا، سەرباری ئەوەی شوێن، کە لە سەدەکانی نێڤیندا وەکو زەوی شیاوی کشتوکاڵ گرنگی هەبوو، ئەوا کاتیشیان دۆزییەوە. ئیدی زەنگی کڵێسا تەنها واتای ئایینی نەبوو، بەڵکو ئەم زەنگە واتای کاتژمێر و شەو و رۆژ و کاتیشی دەبەخشی. لەو رۆژگارەدا، شار گرنگییەکی زێتری پەیدا دەکرد بەرانبەر بە گوند و سەرمایەداری بازرگانی و دارایی بە کڕینی زەوییەکان، ئەریستۆکراتیکی زەویندار و تەنانەت کڵێسا وەکو زەویندارێکی گەورە پاشەکشەی دەکرد. پاپا پیوسی دووەم لەو رۆژگـارەدا سەبارەت بەمە گوتبووی: «لە ئیتالیای گۆڕانخوازدا، کە هیچ شتێک پتەو نییە و هیچ دەسەڵاتێکی کۆن بوونی نییە، بە ساناهی دەتوانیت وەکو کوڕی پاشا بێینە بوون».

بۆ ئەوەی هۆشی ئەو قۆناغە زێتر لەمە رۆشن بکەینەوە، پێویستە ئەم پتە گرنگە بخەینەڕوو، کە یەکێک لە مەزنترین بانکدارانی ئیتالیا لەو قۆناغەدا، لەسەر چەکەکانی دەنووسی:»بەناوی خوداوەند و سوود». بەمجۆرە ئەم بۆرژوازییە سەرباری خـوداوەنـد، سوودیشی دۆزییەوە و دەیویست زێتریش لە خوداوەند باڵاتری بەرێت. فلۆرەنس سێنتەری ئەم سەرمایەدارییە بوو. لە گەورەترین ئەو خانەدانانەی لە فلۆرەنسدا دەسەڵاتدار بوون، دەشێت بنەماڵەی مەدیتچی لە پێشەوە دابنێین. کۆزیمۆ مەدیتچی نەک تەنها لە دەوڵەمەندترین کەسانی رۆژگارەکەی خۆی بوو، بەڵکو لە ساڵی 1434 سیاسەتی دەوڵەتشارەکەی خۆیشی دیاری دەکرد. نۆڤا ئۆ لۆرنتزۆ یەکێک لە گەورەترین کەسانی هونەر، ئەدەبیات و فەلسەفە بوو لە رۆژگاری ژیانی خۆیدا وەکو میری فلۆرەنس دەبینرا. ماکیاڤیللی کتێبی

میر پێشکەشی هەمان لۆرنتزۆی مەدیتچی دەکات، بە ئومێدی ئەوەی لای ئەو چەند پۆستێک وەربگرێت. کوڕەکەی لۆرنتزۆ، جیۆڤانی لە ساڵی 1513 وەکو پاپا لیۆی دەیەم تاجی لەسەرنا. دوای ماوەیەک، کلێمنتسی حەوتەم، کە ئەویش مەدیتچی بوو، وەکو پاپا هەڵبژێردرا. لە ساڵی 1533 کچەکەی نۆڤا لۆرنتزۆ، کاترین دومەدیتچی لەتەک پاشای ئایندەی فەرەنسە، هێنری دووەم، ژیانی هاوسەری پێکهێنا. لێرەدا دەشێت مێژووی ژیانی بنەماڵەی مەدیتچی بە بزووتنەوەیەکی چەماوەیی نموونەیی ببینین لە رێنیسانسی ئیتالیدا: لە گەشەکردنێکی خێرای بنەماڵەیەکی سەرمایەدار و فیۆدالەوە، رووەو بنەماڵەیەکی ئەریستۆکراتیک بە هەڵگرتنی ئیدیالە فیۆدالییەکان. ئەم «نوێکردنەوەیەی ئەریستۆکراتیک» لەلایەن بنەماڵە بانکدار و بازرگانە گەورەکان و ئەفسەرانی فلۆرەنس، دیاردەیەکە وەکو پرۆسیسێکی پارادۆکس (دژبەر) خۆی دەردەخات لە پرۆژەی گشتێتی رێنیسانسی ئیتالیا و نوێسەردەم، واتا گەشەسەندنی بۆرژوازی و پەیوەندییەکانی سەرمایەداری. ماکیاڤیللی لە داڕشتنی تیۆریی دەوڵەتی مۆدێرن، لە زۆر لایەنەوە وەڵامی هەمان ئەو بزووتنەوەیە پارادۆکسئاسا و ڤەگەڕینەی نێو گەشەسەندنی بۆرژوازی ئیتالیی دەداتەوە. لەتەک ئەم گەشەسەندنەی بۆرژوازی بازرگانی و داراییدا، پێویستە باس لە هیومانیسنەکانی قۆناغی رێنیسانس بکەین. ئەو هیومانیستانە لەتەک سەرمایەداران یەکیانگرت دژ بە ئەریستۆکرات و کڵێسا و لەم قۆناغەدا بوو، پڕۆژەی یەکگرتنی «پارە و هزر» هاتە ئارا، کە تایبەتمەندییەکی گرنگی ئەو سەردەم بوو. یەکگرتنی پارە و هزر لە خەبتینی شاریانە دژ بە کڵێسا و ئەریستۆکراتیک بووە هۆی ئەوەی ئەو توێژانەی لە کاتی لەدایکبوونیانەوە بێ بەهرە بووبوون لەو سەرمافیانەی لە پەیوەندییەکانی ئەریستۆکراتیک و ئایینی سەدەکانی نێڤین هەبوون، هەنگاو بنێن رووەو چەندین کایەی تازە لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. لەم جەنگەدا، هزر شوێنی پارەی گرتەوە، لەبەرئەوەی هزرڤانانی ئەو قۆناغەش لە چینەکانی ناوەڕاستی چڤاتەوە هاتنە

ئارا. هیومانیستەکان بە لاتینی دەیاننوسی، بەڵام شێوازی نووسینەکەیان باشتر کرد. کەچی لە رۆژگاری دانتێ، زمانی خەڵکی ئیتالیا، واتا ئیتالیایی، لە ئەدەبیاتدا، زمانی لاتینی خستە پەراوێزەوە. لە سەرەتای قۆناغی رێنیساندا، پێترارک و لە کۆتاییەکەی ئەو قۆناغەدا ماکیاڤیللی، هەبوون. هیومانیستەکانی قۆناغی رێنیسانس گەرەکیانبوو «مرۆڤی جیهانی» لەتەک هزرینی جیهانی و جیهانگەرا چێبکەن و ئەمەش چارەنووسی نوێسەردەمە، کە لە جیاتی هزرینی ناوچەیی (هەندەکی)  دەیانویست هزرینی جیهانی و جیهانگەرا (هەمەکی)  بهێننە ئارا. ماکیاڤیللی وەکو یەکێک لە مەزنترین نوێنەرانی هزرینی رێنیسانس، دێتە نێو ئەم نەریتەوە و لەبارەی سیاسەت بە شێوەیەکی جیهانی و هەمەکی، بە رامان و لێهزرینێکی قوڵەوە خەریک دەبێت.

**ژیانی ماکیاڤیللی**

نیکۆلۆ ماکیاڤیللی  لە 3ی مەی 1469 لە فلۆرەنس لە خێزانێکی چینی ناوەڕاستەوە هاتە بوون. باوکی بێرناردۆ ماکیاڤیللی، یەکێک بوو لە خێزانە ئەریستۆکراتەکان، بەڵام هەژار کەوتبوو. ماکیاڤیللی لە خێزانێکی شەش کەسیدا دەژیا و باوکی خوازیاری زۆر بوو بۆ خوێندنی منداڵەکانی و بۆ ئەمەش خەریکی سەرماگوزاری بوو، لەبەر ئەوەی دەیزانی پێشڤەچوون و پێشخستنی منداڵەکانی تەنها پەیوەستە بە خوێندنی ئەوانەوە و توانستە داراییەکانی خێزان ناشێت ببێتە رێگەیەکی دیکە بۆ بەرەوپێشچوونی ئەوان. ماکیاڤیللی لە تەمەنی هەشتساڵیدا نێردرایە لای مامۆستایەکی لاتین. باوکی ماکیاڤیللی پارەیەکی زۆری خەرجدەکرد بۆکڕینی کتێبی لاتینی بۆ کوڕەکەی و بەم هۆیەوە خێزانەکە هێدی هێدی هەژار دەکەوتن. بەڵام بەهۆی بەرگەگرتنی ئەم خەرجیانە بۆ ماکیاڤیللی، سەرەنجامی هەبوو لە تەمەنی 29 ساڵیدا بە بەڕێوەبەری «دیوانی دووەم» و ئەندامی «کونسلی دە کەسی» دەسەڵاتدارێتی فلۆرەنس هەڵبژێردرا،

کە تێیدا بڕیار لەسەر سیاسەتی دەرەوە و ئاساییشی کۆماری فلۆرەنس دەدرا. ماکیاڤیللی لەم ئەرکەیدا، کاری دیپلۆماتیکی خۆی بەباشی ئەنجام دەدا و ساڵ لە دوای ساڵ لە پێگەکەی خۆیدا دەمایەوە. ئەو وەکو سەرکونسولگەر و دیپلۆماتێ بۆ لای چزارە بۆرجا، سیزار ماکسیمیلیان و لە هەمووان گرنگتر بۆ دەرباری پاشایەتی فرەنسە نێردرا. سەرباری ئەم ئەرکەی، ڕێکسختنەوەی دووبارەی هێزی سوپایی بەو سپێردرا و هاوکات لە فلۆرەنسدا میلیشیایەکی دروستکرد. لە ساڵی 1512 ماکیاڤیللی بەهۆی بەشداریکردن لە پیلانگێڕی کودەتا دژ بە مەدیتچییەکان (ئەو شتەی تا ئێستا نەسەلمێنراوە) و بەرگریکردن لە کۆماری فلۆرەنس، لەسەر کار لادرا و هاوکات دوورخرایەوە. ماکیاڤیللی هەمیشە گەرەکیبوو بێتەوە نێو جیهانی سیاسەت، بەڵام ئەم کارە لە ماوەی ژیانیدا بە تەواوی دەستەبەر نەبوو. لەوانەیە بێویژدانانە بێت، بەڵام سوودی لە جیهانی سیاسەت وەرگرتووە لە دوورخراوەییەکەیدا، چونکە ماکیاڤیللی تازە لە رۆژگاری دوورخستنەوەیەدا، ماوەی ژیانی خۆی تەرخانکرد بوو بە رامان و قوڵبوونەوە لە کاری سیاسییدا وەکو سیستەمێکی هزرین. ماکیاڤیللی لە ساڵی 1512دا دەستی بە نووسینی «گوتارەکان» کرد و لە ساڵی 1513، لە ماوەی چوار مانگدا، کتێبی «میر»ی نووسی. دوو بەرهەمی دیکەی گرنگی ئەو «هونەری جەنگ» (1520) و «مێژووی فلۆرەنس» (1525) یەک لە دوای یەک بڵاوکرانەوە و کاری نووسینی «گوتارەکان»یش کۆتایی دەهات. ماکیاڤیللی هەمیشە بە تیۆرییەکانی خۆی وەکو رێباز و مێتۆدێک دەیڕوانییە کرداری سیاسیی، بەڵام جگە لە چەند کارێکی ناگرنگ لە رۆژگاری مەدیتچییەکاندا، هیچ کارێکی دیکەی پێنەسپێردرا. کاتێک لە ساڵی 1527 بنەماڵەی مەدیتچی لە فلۆرەنس دوورخرانەوە، ماکیاڤیللی وای دەبینی، کە دەتوانێت جارێکی دیکە بۆ سیاسەت بگەڕێتەوە، بەڵام بەهۆی هاریکاریکردنی مەدیتچییەکان، ئەم ئارەزووەی هیچ ئامانجێکی نەبوو لە هەمان ساڵدا لە 22ی جونی 1527دا کۆچی دوایی کرد.

ماکیاڤیللی له نامەکانیدا هەمیشه گازەندەی ئەوە دەکاتـ، که له دوورخراوەییدا ناچارە تەنها لەتەک ژنان و مریشک و کەڵەشێراندا سەرقاڵ بێتـ، بەڵام له کاتێکدا جیهانی سیاسەتـ پێویستییەکی بەرچاوی به ئەو هەیە. له لێهزریندا، ئامانجی سەرەکی ماکیاڤیللی ئاواکردنی دەوڵەتێکی بەهێز و جێگیر بوو له ئیتالیا، بەڵام ئەو ئامانجەشی بێ ئاکام بوو. چوار مانگ دوای مردنی ماکیاڤیللی، سوپای فەرەنسا ئیتالیا داگیر دەکاتـ و بەمجۆرە رێنیسانسی ئیتالی کۆتایی پێدێتـ. له روانگەی مێژووییشەوە هزری ماکیاڤیللی له ئیتالیادا به بێ بەرهەم مایەوە و ئیتالیا له ساڵی 1870 بەهۆی گاریبالدی به یەکگرتوویی گەیشتـ و لەو کاتەشەوە تا ئەمڕۆ ئیتالیا هەرگیز دەوڵەتێکی بەهێزی نەبووە. بەڵام تیۆری و هزری سیاسیی ماکیاڤیللی له جیهانی خۆرئاوادا لایەنگری زۆری هەبوو. زانستی سیاسەتـ و کرداری سیاسیی له نوێسەردەمدا خۆی بەر له هەرکەسێک، قەرزاری ماکیاڤیللییه و لەم روانگەیەوە سەرکەوتنی مەزنی بەدەستهێنا، هەڵبەتـ دوای مەرگی، ئەویش نەک له ئیتالیادا.

### پرۆژەیەکی نوێ بۆ پرسەکه

لەتەک ئەوەی ماکیاڤیللی له سەرەتای قۆناغی نوێسەردەمدا دەژیا و له ژیانی خۆیدا سەرەتا وەکو دیپلۆماتـ کاری دەکرد و لەتەک کاری سیاسییدا بەو چەشنه خەریک دەبوو، که تا ئەوکاته له ژێر نموونەی سەدەکانی نێڤیندا پراکتیزە دەکرا، بەڵام توانی له لێهزرینی سیاسیی خۆیدا نەریتـ و تێڕوانینی ترادیسیۆنی سیاسەتی سەدەکانی نێڤین رەتبکاتـ و تیۆریی سیاسیی و مێژوویی خۆی به پرەنسیپ و نموونەکانی نوێسەردەم دابڕێژێتـ. گوتاری سیاسیی لای ماکیاڤیللی به شێوەیەکی بڕاوە و رادیکاڵ دابڕاوە له گوتاری سیاسیی سەدەکانی نێڤین و هەروەها گوتاری ئەنتیکەی گریکی-رۆمی و دەرگایەکی مێژوویی رووەو نوێسەردەم ئاوەڵا دەکاتـ. ئەوەی ماکیاڤیللی

جیادەکاتەوە لە جیهانبینییە سیاسیی-مێژووییەکانی سەدەکانی نێڤین واتا سیاسەتنامەنووسی بەر لە خۆی، کە لە ئەوروپادا پێی دەبێژن «ئاوێنەی میر» ، برێتییە لە لادانێکی رادیکاڵ لە هەرجۆرە تێڕوانینێکی «مەبەستمەندیی یەزدانی» و یان «تیلیۆلۆژی» ی پێکهاتەی دەوڵەت.

بەپێی تێڕوانینی سانت ئۆگۆستینۆس، کە لە سەدەکانی نێڤین وەکو ئەرگیومێنتێکی تەواو سەیر دەکرا، مێژوو بەهۆی ویست و خواستی یەزدانی و لە لایەن خوداوە رێنوێنی دەکرێت. بەڵام لای ماکیاڤیللی مێژوو بەرهەمی کار و ویستی مرۆڤەکانە. مێژوو بۆ ماکیاڤیللی ئۆبژێکتیڤیزمی خۆی لە دەستێوەردانی خوداوەندییەوە وەرناگرێت، بەڵکو ئەم ئۆبژێکتیڤیزمە لە پێکهاتەی ناوەکی و پێویستێتیی پرۆسیس و رووداوە مێژووییەکانەوە وەردەگرێت. بەمجۆرە ماکیاڤیللی نووسینەکەی خۆی «مێژووی فلۆرەنس» وەکو مێژوونووسانی کریستیانی، بە داستانی ئینجیل لە پێکهاتەی بورجی بابل و نەفرەتی خودا بۆ مرۆڤەکان، دەستپێناکات، بەڵکو ئەو مێژووە بە هێرشی ژەرمەنەکان بۆ ئیتالیا سەرەتادەگرێت و روون دەکرێتەوە. لە مێژوونووسی قۆناغی ئیسلامیش، ئێمە بینەری ئەوەین، کە هەموو مێژوونووسان لە ئادەمەوە سەرەتا دەگرن و لێکدانەوەی هەموو پەیامبەران ئەنجام دەدەن، تا بەو مێژووە بگەن، کە جێ سەرنجی خۆیانە. لە وڵاتانی ئیسلامیدا تەنها خواجە نیزام ئەلمولک لەو تradیسیۆنە لادەدات و ئەگەری ئەوە هەیە سیاسەتنامەکەی لای ماکیاڤیللی هەبووبێت. بەڵام سەلماندنی ئەمە، پێویستی بە توێژینەوەیەکی گشتگیر و ئەرگیومێنتەتیڤە.

ماکیاڤیللی هزرینی ترانسێندێنتال لە سیستەمە هزرییەکەی خۆیدا بەدەر دەکات و یاسامەندییەکانی پرۆسیسی پەرەسەندنی مێژوویی شرۆڤە دەکات بەبێ هێنانە ناوەوەی لێهزرینی ترانسێندێنت. بەم هۆیەوە ئەو بە رەتکردنەوەی خەریکبوونی ترانسێندێنت لەبارەی مێژوو، رووداکانە مێنۆدی هۆکارێتی لە لێتوێژینەوەی مێژووییدا. لێرە بەدواوە دەستێوەردانی

خوداوەندی نابێنە هۆی وەرچەرخانە مێژووییەکان، بەڵکو تەنها سروشت، رەفتار و کردارەکانی مرۆڤ، پرۆسیسی مێژوویی دەسازێنێت. ئەم کارە -دەستێوەردانی مرۆیی- ئەو پێشنیارە لۆژیکییەیە، کە ماکیاڤیللی لە دوو ئیشە سەرەکییەکەیدا، واتا «میر» و «گوتارەکان» سوودی لێوەردەگرێت و لەم روانگەیەوە، ئەو گۆڕان بە مێتۆدی مێژوونووسین دەدات. لەتەک دوو تێگەی باوی سەردەمی رێنیسانس، واتا «ڤیرتو» و «بەخت» ، ئەوا ماکیاڤیللی تێگەی «زەروورەت» یش دەهێنێتە نێو گوتاری سیاسیی-مێژوویی تیۆرییەکەی خۆیەوە. تێگەی زەروورەت لەو روانگەیەوە پێویست بوو، کە وەکو دەستێوەرنەدانی خوداوەندی وەک هۆکاری دیاریکەر و بگۆڕی مێژوو، گەرەک بوو هۆکارێکی دیکە وەکو بەردەوامی پرۆسیسە مێژووییەکان لەبەرچاو بگیرێت، بۆ ئەوەی مێژوو نەبێتە ئاستی رووداونووسییەکی ساکار. ئەم زەروورەتـە، بە یەکێکی ئەندازەگیری ئەژمار دەکرێت، کە ماکیاڤیللی لەتەکیدا چۆنێتی پەیوەندییە ناوەکییەکانی شیاوی ناسین لە مێژوودا دەسازێنێتەوە. رێسا سیاسییەکانی ماکیاڤیللی تەواو پشت بەستە لەسەر بنەمای ئەندازەگیری ئەم پەیوەندیە ناوەکییە مێژووییەوە. تەنها ئەو کەسەی یاسامەندی و پرۆسیس و رووداوە مێژوویی و سیاسییەکان بزانێت، ئەوا لە پێگەیەکدا دەبێت، کە مەبەستەکانی خۆی دەستەبەر دەکات. لێکۆڵینەوە لە یاسامەندییە مێژووییەکان ئەو توانستە بە مرۆڤەکان دەدات، کە تا ئەندازەیەک خۆیان رزگار بکەن لە دەست هێزەکانی چارەنووس و خوونەرێتی هەمەچەشنەی بەخت. توانستی زاڵبوون بەسەر مێژوودا بەرێی ناسینی یاسامەندییەکانی-ئەمەیە ئەو فۆرمولە تیۆریی و پراکسیسی بەرنامەیەی، کە رێنیسانسی ئیتالی بۆمان دەخاتەڕوو:

«میرەکانی ئێمە، کە دوای چەندین ساڵ لە دەستەڵاتدارێتی، سەروەرێتی خۆیان لەدەستداوە، پێویست ناکات لەم روانگەیەوە گلەیی لە چارەنووس بکەن، بەڵکو پێویستە گلەیی لە جەبانی(ترسنۆکی) خۆیان بکەن.

لەبەرئەوەی لە رۆژگارە ئارامەکاندا بیریان لەوە نەدەکردەوە، کە شتەکان ئەگەری گۆڕانیان هەیە. هەروەها ئەمەش هەر هەڵەی مرۆڤایەتییە، کە لە رۆژگارە ئارامەکانیشدا بیریان لە تۆفانی دەریا نەدەکردەوە. کاتێک رۆژگاری خراپەکاری گەرووی گرتن، ئەوان تەنها بیریان لە راکردن دەکردەوە، نەک بەرگریکردن». (میر، ل101).

ئامانجی سەرەکی ماکیاڤیللی لە میردا «خۆپارێزی» دەوڵەت و «بەرژەوەندی دەوڵەت» ـە و ئەو بۆ ئەم خۆپارێزییە، ناسینی زەروورەت و هەبوونی ڤیرتو بە واتای توانست و شایستەیی و لێهاتوویی لەتەک یەکدیدا پەیوەست دەکات. ئەگەر زەروورەتی مێژوویی نەناسرێت و یان سیاسەتڤانان هیچ ڤیرتویەکیان نەبێت، بەمجۆرە ئەوان دەبنە قوربانی گەمە رەش و ناڕوونەکانی چارەنووس و هەروەها دەبنە قوربانی خوونەریتی هەمەچەشن. ئەمجۆرە قوربانیبوونە لە تێڕوانینی ماکیاڤیللیدا برێتییە لە هۆی نەناسینی زەروورەت لە فەلسەفەی مێژووی ئەودا، کە هەمیشە لەتەک هەڵبژاردنی دیکتاتۆر و چارەڕەشیدا بووە و شرۆڤەکردنی کۆتایی ناشایستەیی و لێهاتوویی سیاسیی تاکەکەس یان نەتەوە و وڵات نیشان دەدات.

«رەفتار ئەم شێوە نەخۆشییەی سیلە، کە سەبارەت بەوە پزیشکان دەبێژن ئەم نەخۆشییە لە قۆناغەکانی سەرەتادا چارەسەرکردنی ئاسانە و سەختە لە ناسینیدا. بەڵام لە قۆناغەکانی پاشتردا کاتێک، کە لە سەرەتاکانیدا ناسرا و چارەسەر نەکرا، ئەوا بۆ ناسین ئاسان و بۆ چارەسەرکردن سەختە. لە سیاسەتدا بەم چەشنەیە: ئەو ئاژاوەگێڕیانەی لە وڵاتدا سەردەردێنن، ئەگەر زوو بزانرێن، کە هەڵبەت بۆ ئەم کارە هۆشێکی دانا پێویست دەکات، ئەوا زۆر زوو کۆتاییان پێدەهێنرێت، بەڵام ئەگەر نەزانرێن و زێتر ببن، تا ئەو شوێنەی هەر کەسە توانستی ناسینی هەبێت، ئەوا ئیدی هیچ دەرمانێک ناتوانێت چارەسەری بکات». (میر، ل10)

لێرەدا بە جیاوازیدانان لە نێوان «کەسێکی دانا» و «هەرکەسێک»، ماکیاڤیللی بانگەشەکەی خۆی بەوە بەڵگەدار دەکات، کە سیاسەت وەکو یەک هونەر و زانست دەخرێتەڕوو. سیاسەت لەتەک ماکیاڤیللیدا رێسا و یاسا تایبەتمەندەکانی خۆی وەردەگرێت، کە پێویستە بخرێتەڕوو، بۆ ئەوەی بە ئامانجەکانی جێ سەرنجی بگەین. لێرە بەدواوە نەک خواستی بەرز، بەڵکو توانستی سەرکەوتن، باشترین تایبەتمەندییەکانی کەسی سیاسەتڤان پێکدەهێنێت.

لەتەک ماکیاڤیللیدا سیاسەت وەکو «هونەری دەستگەیشتن بە شیاوەکان» تایبەتمەندی خۆی دەستەبەر دەکات، ئەگەرچی هەندێک لە هزری سیاسیی ئەودا بە دوای «هونەری دەستگەیشتن بەنەشیاوەکان»دا دەگەڕێن. ئەمە بەستراوە بە جۆری تێگەیشتنی ئێمە لە ماکیاڤیللی- بەو جۆرەی لە مێژووی هزردا دوای ئەو هاتۆتە ئارا- وەکو هزرڤانێکی کۆنزەرڤاتیڤ، ریفۆرمیست، و یان شۆڕشگێر خراوەتەڕوو. بەڵام پێویستە ئەوە بخەینەڕوو، کە ماکیاڤیللی لە شرۆڤەکردنە سیاسیی-مێژووییەکانی خۆیدا ریالیزمیی پەتی وەکو بنەمای تیۆرییەکەی دادەنێت و هەرجۆرە ویستێکی نۆرماتیڤ (پێوەری) لە سیاسەتدا بە توندی رەتدەکاتەوە:

«لەبەر ئەوەی لە نێوان ئەو ژیانەی، کە بەم چەشنە هەیە و ئەو ژیانەی، کە پێویستە بەو چەشنە بێت، بەمجۆرە جیاوازییەکی گەورە لەئارادا هەیە، کە هەرکاتێک سەرنجمان خستەسەری، کە پێویستە چی رووبدات، و نەک بەوەی، کە چ رووداوێک لە رووداوەکانی (واقعیت)دا دێتەپێشێ، ئەوا بوونی خۆی زێتر لەنێو دەبات نەک ئەوەی پارێزگاری لێبکات. ئەو مرۆڤەی تەنها داوای چاکە دەکات، بەناچاری شکست دێنێت لە نێوان ئەو هەموو مرۆڤانەی، کە باش نین». (میر، ل63)

لای ماکیاڤیللی مەترسی راستەقینە بە ئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ «دەستوورمەندی سیاسیی» . ئەگەر لای پلاتۆن و ئەریستۆتێلیس زانینی

سیاسەتی راستەقینە لە پەیوەندیدا لەتەک هزری خۆشبەختی و فەزیلەتدا دادەنرێت، ئەوا ماکیاڤیللی بەشێوەیەکی رادیکال خۆی بەدوور دەگرێت لە تێگە ی خۆشبەختی بۆ مرۆڤەکان و تەنها ئەو شتەی بە گرنگی دادەنێت، جێگیری سیاسییە لە وڵاتدا. ئەمە گوتنێکی بێ ویژدانانەیە، کە ئەویش باوەڕی پێیەتی، کۆمەکێکی زۆری بە ناوزڕاندنی خۆی کردووە، چونکە ئەو تەنانەت لەو شوێنانەی، کە بە رواڵەت دەستەبەرکردنی خۆشبەختی بۆ مرۆڤ شیاوە، باسی نەکردووە و تەنها باسی «خۆپارێزی» دەوڵەت و «بەرژەوەندی دەوڵەت» و جێگیری سیاسیی وڵاتی کردووە. ماکیاڤیللی باوەڕیی وایە، کە «تاکی ئازاد بوونی نییە، بەڵکو نەتەوەی ئازاد هەیە و تاکێک تەنها کاتێک دەتوانێت پرۆپاگەندەی ئەوە بکات، کە ئازادە، ئەوەیە، کە پەیوەست بێت بە نەتەوەیەکی ئازادەوە».

تێزی نەگۆڕی ئەنترۆپۆلۆژیی(یان سروشتی مرۆڤ) وەکو یەکێک لە گرنگترین توخمە جێگیرەکان لە هزری ماکیاڤیللیدا خراوەتەڕوو، کە لە بەرانبەریدا دەتوانرێت شرۆڤەی گۆڕانکارییە مێژووییەکان بکرێت. تاکی مرۆڤ لای ماکیاڤیللی تاکێکی نەگۆڕە و مێژوو لە بزووتن و گۆڕاندایە. تەنها بەهۆی قبوڵکردنی ئەم پرەنسیپە واتا جێگیری و نەگۆڕی سروشتی مرۆڤەوەیە، کە دەشێت هەلومەرجە جیاوازەکان بەراورد بکەین، کە لێیان دەتوێژێنەوە. ماکیاڤیللی نەگۆڕی سروشتی مرۆڤ دەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و لە کردار و پەرچەرکردارەکانی مرۆڤەکان لە هەلومەرج و داکەوتە جیاوازەکاندا ورد دەبێتەوە:

«هەرکەسێکی لەتەک مێژووی هاوچەرخ و دێرین سەروکاری هەبێت، بە ساناهی تێدەگات، کە هەموو نەتەوە و دەوڵەتان لە قۆناغەکانی پێشوودا خواسنگەلی هاوشێوە و خوونەریتی هاوشێوەیان هەبووە. ئەگەر ئێمە بە وردییەوە لە رابوردوو بکۆڵینەوە، بە سادەیی دەتوانین لەبارەی هەر دەوڵەتێک، کە پێشبینی ئاییندەی کردووە و

به دوای چارەسەردا گەڕاوە، بهزرێین، ئەگەرچی ئامرازەکانی رابوردوو لەبەردەستماندا نییە». (گوتارەکان، ل107)

فەلسەفەی سیاسیی ماکیاڤیللی، سەرباری نەگۆڕی سروشتی مرۆڤ، ئەوا لەسەر تەوەری رەشبینی سەبارەت بە مرۆڤ دامەزراوە. بەپێچەوانەی سەردەمی رۆشنگەری، کە مرۆڤ بە سروشت «باش و چاک»ـە، ماکیاڤیللی و دوای ئەویش هۆبز، مرۆڤ لەخۆیدا بە «خراپ، گەندەڵ و شەڕانگێز» دادەنێن. ئەم دووانە، هەم ماکیاڤیللی و هەم هۆبز رەوایەتی دەدەنە دەوڵەت بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم خراپە سروشتییەی مرۆڤ. ئەم رەشبینییە ئەنترۆپۆلۆژییە، پنتی بزووتنی هزری سیاسیی سیستەماتیکی ماکیاڤیللی پێکدەهێنێت و بەم رێگەیەوە پێشنیارێک بۆ دەوڵەتی مۆدێرن وەکو دامەزراوەیەک دادەنێت، کە تەنها بە ئامرازی هێز و زۆرداربییەوە دەشێت بەردەوام و پایەدار بێت. لێرەدا جیاوازی سەرەکی «پێکەوەژیانی سیاسیی» لە نوێسەردەمدا لەتەک سەدەکانی نێڤین دەردەکەوێت. لە کاتێکدا لە سەدەکانی نێڤین تێگەی «وەفاداری» بناغەی کۆبوونەوەی سیاسیی پێکدەهێنا، بەڵام دەوڵەتی مۆدێرن لەسەر بنەمای بێ متمانەیی و باوەڕنەبوون بە هاووڵاتیان بناغەی دەڕێژرێت. ئەم کردارە ستراتیژییە دەوالیزمە، واتا رەشبینی ئەنترۆپۆلۆژییانەی ماکیاڤیللی، هەم وەکو پێشنیاری لۆژیکی و هەم وەکو لایەنی گرنگی دابینکردنی رەوایەتی دەوڵەتی مۆدێرن، دەشێت وەکو مەزنترین دەستکەوتی ماکیاڤیللی دابنرێت.

وەڵامی ماکیاڤیللی بۆ دارمانی سیستەمی سەدەکانی نێڤین و داڕمانی سیستەمی هزری سکۆلاستیسیزم و داڕمانی پارادایمی سیستەمی هیرارشیی سەدەکانی نێڤین، هزری «خۆپارێزی» دەوڵەتی هێنایە ئارا، ئەویش بە هەر بەها و ئامرازێک خستییەڕوو. لە کاتێکدا لە سەدەکانی نێڤین، دەسەڵاتە «رێژەیی»یەکانی کڵێسا و جیهانی خۆی بە سەرنجدان لە ستاتیکی هەلومەرجە هەبووەکان لەو قۆناغەدا بە شێوەی دەسەڵاتە «رەها»کان

دەردەخـسـت، بەهۆی دینامیکی سـەروەر بەسەر ئەو هەلومەرجانەی لە گەشەی سەرمایەداری یەکەمەوە سەرچاوەیان گرتبوو، پاپا و سیزار «دەسەڵاتی راستەقینە»ی سیاسیی و سوپایی خۆیان رۆژ بە رۆژ لەدەست دەدا. بەم هۆیەوە پەیوەندییەکانی سەدەکانی نێڤین، کە تێیدا پاپا و سیزار وەکو دەسەڵاتی کڵێسایی و دەسەڵاتی عورفی لە سەرەوەی هەرەمەکەدا بوون، ئەوا لە قۆناغی رێنیسانسدا لەنێوچوو. بە هاتنەئارای شارەکان لە سەرەتای ئەم پرۆسیسە و هاتنەئارای دەوڵەت-نەتەوەکان لە درێژبوونەوەی ئەم پرۆسیسەدا، پاپا و سیزار (پاشا) مەرجەکانی هەبوونی دەسەڵاتی خۆیان لەدەستدا. بەمجۆرە دارمانی سیستەمی سەدەکانی نێڤین هاتەپێش، لەبەرەوەی گەرەنتی ئەم سیستەمە تا کاتێک شیاو بوو، کە «وروژاندنی بەهایی» و گەرەنتییە پیرۆزییەکان دەیانتوانی بێ لەمپەر، لە سەرچاوەیەکی دەسەڵاتەوە بگوازرێنەوە بۆ سەرچاوەی دەسەڵاتێکی دیکە.

نەمانی تێگەیشتنی سەدەکانی نێڤین، واتا نەمانی وێناکردنی مرۆڤ بۆ جیهان و خوداوەند، و هەروەها دارِوخانی سیستەمی سیاسیی سەدەکانی نێڤین لە ئەوروپای سەدەکانی 14 و 15دا، لە نێو دەروونـی مرۆڤدا هەستێکی خەمۆکی قوڵ هاتە ئارا. سەدەی پازدەهەم لە تەواوێتی خۆیدا، سەدەی خەمۆکییەکی گشتی و رەشبینییەکی قوڵ بوو. تێکشکانی هزری سەدەکانی نێڤین، هەروەها بووە هۆی هاتنەئارای رەوتەکانی ئێپیکوری و ترسێکی قوڵ هاتەبوون سەبارەت بە مەرگ. لە نێو سیستەمێک، کە ئیدی هزری ترانسێندێنتی خوداوەندی لە رۆژگاری دارمانی سیستەمی هزرینی سکۆلاستیسیزم هیچ جۆرە دڵنیایی و جەخت و گەرەنتییەکی بە مرۆڤ نەدەدا، کە تایبەتمەندی فەلسەفەی سکۆلاستیک بوو، ئەوا جیهان و مێژوو لەمە بەدواوە وەکو هەرِەشەیەک بۆ سەر مرۆڤ دەردەکەوتن.

بەمجۆرە باوەڕبوونی مرۆڤ بە نەمری دەروون لەنێو چوو لەمە بەدواوە مەرگ نەک وەکو رزگاری و رەهایی مرۆڤ بەو جۆرەی لە سەدەکانی نێڤیندا باوبوو، بەڵکو وەکو دوژمنی مرۆڤ دادەنرا. ئەم ئاگامەندییە سەبارەت بە لەنێوچوونی مرۆڤ، ئیدی بووە هۆی ئەوەی، کە مرۆڤ بێ چەندوچوون سیستەمی خوداوەندی پەسەند نەکات، بەڵکو بە پێچەوانەوە بووە هۆی هەولّدانی مرۆڤ بۆ «خۆپارێزی». ماکیاڤیللی بە ویستی خۆی پشت بەست لەسەر «خۆپارێزی» دەوڵەت لە ژێر هەر هەلومەرج و بەهەر ئامرازێک، هزری ترانسێندێنت، کە سەروەر بوو بەسەر هزری سیاسیی قۆناغی سەدەکانی نێڤین، لە پێش مەرج و پێش گریمانەی ئەم هزرە، باوەڕی بە بەهای دووەم هێنا. لای تۆماس ئاکویناس و لە فەلسەفەی سکۆلاستیسیزمی سەدەکانی نێڤیندا، چاکە و خۆشبەختی دەروون وەکو باڵاترین جەوهەر و ئامانجی ژیان دەناسرا و بوونی مرۆیی و «خۆپارێزی» مرۆڤ و چڤاتی سیاسیی رۆڵی پلە دووی هەبوو، لای ماکیاڤیللی ئەم هەلومەرجە تەواو پێچەوانە کرایەوە. بۆ ماکیاڤیللی جەوهەری ژیانی سیاسیی برێتییە لە «خۆپارێزی» دەوڵەت. ئەو بەهایەکی باڵاتر بۆ ئەو کەسانە دادەنێت، کە «بۆیان وڵات بەهادارترە لە دەروون». ئەگەر بۆ تۆماس ئاکویناس خۆشبەختی دەروون باڵاترین ئامانجی ژیانی مرۆیی بێت، ئەوا لای ماکیاڤیللی ئەم کارە لە باشترین دۆخدا گرنگییەکی پلە دووی هەیە و لای ئەو باڵاترین ئامانجی چڤاتی سیاسیی برێتییە لە «خۆپارێزی» و «بەرژەوەندی دەوڵەت». پێچەوانە بوونەوەی تێڕوانینی بەهایی سەدەکانی نێڤین لەبارەی ئامانج و ئامراز، لە هیچ شوێنێکدا باشتر لە تێڕوانینی ماکیاڤیللی لەبارەی رۆڵی ئایین نایەتە بەرچاو. ماکیاڤیللی ئایین بە ئامرازێک دەزانێت، کە دەشێت بە پشت بەستن پێی، جێگیری سیاسیی وڵات دابین و گەرەنتی بکرێت. لەمە بەدوا، ئایین بەو جۆرەی لە سەدەکانی نێڤیندا سەیردەکرا گۆڕا، نەک وەکو ئامانجی ژیانی مرۆیی، بەڵکو تەنها وەکو

ئامرازێک دادەنرا بۆ جێگیری جڤاتی سیاسیی. بە پێچەوانەی سەدەکانی نێڤین و تەنانەت بە پێچەوانەی تێڕوانینی مارتین لۆتەر، کە دەوڵەت و فەرمانڕەوا بە شتێکی خوداوەندی و یەزدانی دادەنـرا و ئەوەش بە «کاریزمای یەزدانی» لێکدەدرایەوە، ماکیاڤیللی دەوڵەت و میر «پاشا» بە شتێکی ئەمجیهانی و ئایین وەکو دڵنیاییترین و تاقیکراوەترین ئامراز دەزانێت بۆ ڕێگرتن لەو مەیلە مرۆییانەی، کە ڕووەو داڕمان و گەندەڵی ئاراستە وەردەگرن. بەمجۆرە ماکیاڤیللی ئەو سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمییە بە سیاسەت دەبەخشێت، کە بە سەدەکانی نێڤین و تەنانەت جیهانی ئەنتیکەش نامۆبوو. لەبەرئەوە نەک تەنها سیاسەت لە ئایین جیادەکاتەوە، بەڵکو ئایین دەخاتە ژێر کۆمەڵەیەک لە ئامانجە سیاسییەکان. گۆڕانی پارادایمی(نموونەیی)، کە لەتەک ماکیاڤیللی دا لە مێژووی هزرە سیاسییەکاندا ڕوودەدات، وەکو ئەو گۆڕانە پارادایمییەیە، کە لەتەک نیکۆلاوس کۆپەرنیکۆس لە جیهانی فیزیکیدا هاتە ئارا. بەمجۆرە کۆپەرنیکۆس سیستەمی خۆری دۆزییەوە، کە تێیدا خۆر چەقی گەردوونە، ماکیاڤیللیش سیستەمی سیاسەتی دۆزییەوە، کە خۆری دەوڵەت لە سێنتەرەکەیدایە. هاوتەریب لەتەک ئەم کارەدا، ماکیاڤیللی ئەو یاسامەندییە ناوەکییانەی مێژوو دادەڕێژێت، کە تەواو سەربەخۆیە لە دەستێوەردانی خوداوەند. ئەوەی کۆپەرنیکۆس لەبارەی سیستەمی گەردوون و یاساکانی سروشت ئەنجامی دەدات، ئەوا ماکیاڤیللیش لەبارەی مێژووی ژیانی مرۆیی ئەنجامی دەدات، چونکە وەکو پرۆسیسی پەرەسەندنی نیمچەسروشتی لە مێژووش تێدەگات. لەجیاتی «شاری خودا»ی ئۆگۆستینۆس، ئەو تێگەی «زەروورەت» دادەنێت. ماکیاڤیللی، کە بە توندی لە ژێر کاریگەری قەیرانی زاڵی فلۆرەنس بوو بـەدوای چارەسەرەکانی نەهێشتنی ئەم قەیرانانەدا دەگەڕا، ئیدی وەکو هزرڤانانی سەر بە نەریتی سکۆلاستیسیزم و یان جیهانی ئەنتیکە، بەدوای مەرجەکانی ژیانێکدا ناگەڕێت لە فەزیلەت و خۆشبەختی بۆ هاووڵاتیان، بەڵکو تەواوی سەرنجی خۆی

چڕکردووەتەوە لەسەر بەردەوامی ناوەکی و گەشەسەندنی دەوڵەت و وڵات. بەمجۆرە، تەواوی دەستوورەکانی دیکە بەدوای نۆرمی ڕەهای «خۆپارێزی» و «بەرژەوەندی» دەوڵەتدا دێن. لەم ڕووەوە، کاتیگۆری «خۆپارێزی» دەوڵەت، دەگۆڕێت بۆ شێوەیەکی ماتەریالیترین کاتیگۆری نوێسەردەم.

### ڤیرتو (Virtue) وەکو جەوهەری شایستەیی و لێهاتوویی

تێگەی ڤیرتو، کە من بە «مایە» وەریدەگێڕم ، سێنتەریترین و بنەڕەتیترین تێگەیە، کە ماکیاڤیللی لە فەلسەفە سیاسییەکەی خۆیدا بەکاریدەهێنێت. ڤیرتو لە زمانی ئیتالیدا هاوواتای واژەکانی لیاقە، لێهاتوویی، شایستەیی، پسپۆڕ، توانست و لە کۆتاییدا هێزی پیاوانە. ئەم تێگەیە لە قۆناغی ڕێنیسانسدا لە لایەن تیۆردارێژانەوە خرایە بەر لێکۆڵینەوە و بەهۆی ماکیاڤیللی کۆتاترین فۆرمولەبەندی و کۆبەندی لەبارەی ئەم تێگەیەوە ئەنجام دەدرێت. «ڤیرتو» لای ماکیاڤیللی «ئەو شتە»یە، کە پێویستە هەمیشە لە نێو تاک و نەتەوەکاندا هەبێت، بۆ ئەوەی بتوانن بگەن بە ئامانجی باڵاتر. بەپێی تێڕوانینی ماکیاڤیللی، بەبێ ڤیرتو، نەتەوە، هیچ دەوڵەتێک ناتوانن لە درێژماوەدا جێگیری سیاسیی لە وڵاتدا گەرەنتی بکەن. «ڤیرتو» لای ماکیاڤیللی بریتییە لە هێزی ژیان، توانست و شیاوێتی و هونەری ئەنجامدانی کارە مەزنەکان و لێهاتوویی و شایستەیی لە تیۆری و پراکسیسی سیاسییدا. «ڤیرتو» کەرەستەی خاوی سیاسەتە، کە پێویستە فۆرم وەربگرێت و لەسەر ئەم بنەمایەش نەتەوە یان گەلێک توانستی ئەنجامدانی چەندین کاری مەزنی دەبێت.

«کاتێک لەبارەی ڕەوتی کارەکانی مرۆڤەوە رادەمێنین، دەبینین جیهان هەمیشە بەیەک شێوە بووە. پێوەری چاکییەکان تێیدا بەرانبەر بووە بە پێوەری خراپییەکان، بەڵام چاکییەکان و خراپییەکان لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە دەگوازرێنەوە، بۆ نموونە، دەزانین دەسەڵاتی دەوڵەتە مەزنەکان

بەهۆی نەمانی مۆراڵ و نەریتەکان، هەمیشە لە دۆخی گۆڕانکاریدابووە و لەتەک ئەمەشدا، جیهان هەر ئەوە بووە، کە هەیە، تەنها بەو جیاوازییەی، کە هێزە زۆرەکانی سەرەتا لە ئاشوور کاریگەرییان نواند، پاشان لە وڵاتی مادەکان و پارس و سەرەنجام گوازرایەوە بۆ ئیتالیا و رۆم. ئەگەرچی دوای ئیمپراتۆریی جیهانیی رۆم، ئیمپڕاتۆرییەکی دیکە، کە درێژماوە بێت و دەستەڵاتەکانی هەموو جیهان لەخۆیدا کۆبکاتەوە، هەرگیز دەرناکەوێت، بەڵام دەشێت ئەم دەستەڵات و هێزانە بەشێوەیەکی بەربڵاو و پەرش، لە لای گەل و نەتەوەکاندا بدۆزرێنەوە، لەو شوێنەی هێشتاش مۆراڵ و نەریتە باشەکان سەروەرن، بۆ نموونە، لە وڵاتی پاشانشینی فەرەنسا، یان لە ئیمپڕاتۆریی عوسمانلی و یان لە وڵاتی پاشای میسر و ئەمڕۆ لە لای ئاڵەمانەکان و پێشووتر لای عەرەبەکان، کە چەندین کاری مەزنیان پێشخستووە و دەستیانگەیشتووە بە چەندین وڵات و سەرەنجام ئیمپراتۆریی رۆمیی خۆرهەڵاتیان دارماند» . (گوتارەکان، کتێبی دووەم، ل191)

روانینی کۆتایی ماکیاڤیللی لەبارەی بنەماکانی گوتاری-مۆرالی سەدەکانی نێڤین، لەبارەی تێگەی «ڤیرتو» بەباشی خۆی دەردەخات. «ڤیرتو» واتا ئەو ئیدیالە جیهانییەکەی، کە ئەو توخمە سەرەکییەکانی لە توانستی کرداری سیاسیی، ئەنەرژی، لێهاتوویی، بەدەستەڵاتی، شایستەیی، پسپۆڕی و کارزانیدا کۆبەندی دەکات. بە شێوەیەکی گشتی، «ڤیرتو» لای ماکیاڤیللی بریتییە لە ویست و توانستی مرۆڤەکان، کە شوێن ئامانجە خۆییە سیاسییەکانی کەوتووە تا دەستەبەریان بکات. بەمجۆرە، سیاسەت لە دەستی گروپێکی تایبەتمەند، کە سوودیان لە «کاریزمای خودایی» وەردەگرت، دەردەچێت و «هەرکەس»ێک دەتوانن لێی بەهرەمەند بێت. واتا هەرکەسێکی، کە «ڤیرتو» یان لێهاتوویی و پسپۆڕی و شیاوێتی هەبێت و بتوانێت سەرسەختانە بەدوای ئامانجە سیاسییەکانی خۆیدا بڕوات. لەم تیۆرییەدا، ئایدیای یەکسانیی مرۆڤەکان شاراوەیە و یەکسانی ئەم تیۆرییە

«هەرکەس» و «هەرنەتەوە»یەکە، کە خاوەنی لێهاتوویی و پسپۆڕی بێت، ئەوا دەتوانێت کاری مەزن لە مێژوو سیاسەتدا پێشبخات. هەروەها گەرەکە بگوترێت تیۆریی مێژوویی ماکیاڤیللی پشت بەست لەسەر گواستنەوەی «ڤیرتو» لە نەتەوەیەکەوە بۆنەتەوەیەکی دیکە، کە ئەمەمان لە گوتەکەی سەرەوەی ماکیاڤیللی بۆ دەرکەوت، ئەوا لە بنەڕەتدا هیومانیستانەیە و هیچ جۆرە راسیزمێک، کە دواتر دەبێتە تیۆریی تایبەتمەندی هەندێک لە «یۆرۆسەنتەرالەکان»، لە تیۆرییەکەی ئەودا بەدی ناکرێت. بە تێڕوانینی ماکیاڤیللی، دەشێت «ڤیرتو» لە لای هەر نەتەوەیەک هەبێت و ئەرکی هەر دەوڵەتێکیش بریتییە لەوەی پەروەردەی نەتەوەکەی خۆی بۆ دەسنگەیشتن بە لێهاتوویی و پسپۆڕی و شیاوێتی ئاراستە بکات، کە ببێتە هۆی ئەنجامدانی کاری مەزن و دەسنگەیشتن بە ئامانجە سیاسییەکان. لەم تێگەیەدا ماکیاڤیللی تەواوی خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی پیاوان (و ژنان)ی سیاسیی کۆبەند دەکات، کە بۆ جێگیری و بەردەوامی جڤاتێکیی سیاسیی پێویستە و ئەم شتەش بەبێ سەرنجخستنە سەر فۆرمی حکومەت، ئەنجام دەدرێت: «لە ئازاییەتییەوە، ئارامی دێتە ئاراوە، لە ئارامیشەوە، تەمبەڵی، لە تەمبەڵییەوە ناچارەکی دێتە ئاراوە و لە ناچارەکیشەوە، گەڕەلاوژەیی و ئەنجامی گەڕەلاوژەییش بریتییە لە دارمان. هەروەها لە ناخی داڕمانەوە دیسپلین دێتە ئارا و لە دیسپلینیشەوە، ئازایەتی». (مێژووی فلۆرەنس، ل268)

بەمجۆرە، ماکیاڤیللی گریمانەی سیاسیی دەڕاستێنێت، کە وەکو بنەمای تیۆریی هزریی سیاسیی مۆدێرن دەردەکەوێت. بە پێچەوانەی تێڕوانینی زۆرێک، کە تێگەی «ڤیرتو» وەکو دەستەڵاتی چەپێنەری سیاسیی دادەنێن بە هەر نرخێک بێت، ئەوا «ڤیرتو» لای ماکیاڤیللی لە بنەڕەتدا بریتییە لە دەسنگەیشتن بە ئامانجە باڵاکانی سیاسەت. ئەم ئامانجە باڵایەش بریتییە لە «خۆپارێزی» جڤاتی سیاسیی و بەردەوامی و دیسپلین لە وڵاتدا. دیسپلینی سیاسیی بەهۆی لێهاتوویی، شایستەیی و شاوێتی، بریتییە لەو

پرۆسیسە فەلسەفەییە سیاسییەی، کە ڕێنیسانسیی ئیتالی پێشکەشی جیهانی کردووە. ماکیاڤیللی بەو فۆرمولەبەندییە ناسراوەی خۆی «میر پێویستە هەم شێر و هەم ڕێوی بێت»، ئەم دەرەنجامگیرییە سیاسییە بە بەرزترین ئاست دەگەیەنێت. واتا دەبێت دەوڵەت هێز لەتەک فێڵ، فێڵی سیاسیی لەتەک ویستی بڕیاردان و توانستی سازشکردنی دیپلۆماتیکی لەتەک توانستی سوپاییدا ئاوێتە بکات، بۆ ئەوەی بتوانێت دیسپلینی ناوخۆیی و گەشەسەندنی خۆی لە دەرەوەی ئۆتۆبانەکان دەستەبەر بکات. لەم مەیدانەدا هێزە جیاوازە سیاسییەکان، ڕۆڵی سەرەکی بە «ڤیرتو» دەدەن. «ڤیرتو» ڕۆڵی پراکتیکی ئامانجی سیاسیی دەگێڕێت، بەڵام بەخت یان Fortuna، نوێنەری توخمی ڕێکەوت و بێهودەییە لە مێژوودا. ماکیاڤیللی لە تەواوی نووسراوەکانیدا، لەبری باسکردن لە تێگەی بەخت، ئەوا جەخت لەسەر تێگەی «ڤیرتو» دەکاتەوە و دەبێژێت تەنها لەم شێوەیەدا ئێمە دەشێت لە خوونەریتی ئەم تێگە دەمدەمییە یەزدانییە پارێزراو بین. «هەموو دەوڵەتان، هەموو ئەو دەستەڵاتدارێتیانەی، کە خەڵکی تا هەنوکە لەژێر سایەیدا ژیاون، یان کۆماریی بوون یان پاشایەتی (میرنشین). پاشایەتییەکان یان لە باوکەوە بە کوڕ گەیشتوون یان لە نوێوە ئاواکراوون... یان بەهۆی بەخت دەستەبەرکراوون یان بەهۆی ڤیرتو». (میر، ل42)

ئەم پۆلێنبەندییەی ماکیاڤیللی تەنها برێتییە لە تێڕوانینێکی هونەری و تەکنیکی و هیچجۆرە بەهامەندییەکی نییە. ئەگەرچی ماکیاڤیللی بەردەوام دەبێت و دەبێژێت، کە ئەو پاشایەتییانەی (دەوڵەتانەی) لەسەر بنەمای «ڤیرتو» ئاواکراوون، ئەوا توانستێکی زیاتریان هەیە بۆ مانەوە و دیسپلین، نەک ئەوانەی تەنها لەسەر «بەخت» بنیادنراون، بەڵام سەرباری ئەمە، ماکیاڤیللی باس لە جۆری دووەمیشیان دەکات.

لە جیهانی ئەنتیکەدا، ئەریستۆتێلیس لە کتێبی «سیاسەت»دا، باس لە سێ جۆر حکومەتی باش دەکات: مۆنارشی(سەڵتەنەتی) ، ئەریستۆکراتی

و دیمۆکراسی. هەروەها سێ جۆر حکومەتی خراپیش دەستنیشان دەکات: تیرانیی تاکفەرمان (یان ستەمکاری)، ئۆلیگارشی و ئەنارشی (حکومەتی گەڕەلاوژەیی، کە بەهۆی زێدەڕۆییەکانی دیمۆکراسییەوە دێتەئارا). ئەم پۆلێنبەندییەی ئەریستۆتێلیس، بریتییە لە پۆلێنبەندییەکی نۆرماتیڤ و بەهامەند ، کە تێیدا ئامانجی جێگیری و دیسپلین بریتییە لە خۆشبەختی و فەزیلەت. ماکیاڤیللی بەشێوەیەکی تەواو لەم تێگەیشتنە ئەریستۆتێلییە بۆ سیاسەت، دادەبڕێت. بەو جۆرەی لەسەرەوە بینیمان، تەنها دوو جۆری دەوڵـەت دیـاری دەکـات: دەوڵەتی تاک و کۆ. ئەم پۆلێنبەندییە تەنها پۆلێنبەندییەکی تەکنیکی و ریالیستیانەیە و هیچجۆرە بڕیاردانێکی بەهامەند تێیدا بەدیناکرێت. ماکیاڤیللی لە تەواوی نووسراوەکانی خۆیدا، خۆی لە هەموو جۆرە بڕیاردانێکی سۆزمەند و بەهامەند بەدوور دەگرێت و بەم هۆیەوە پێش ماکس ڤێبەر دەکەوێتەوە.

پەیوەندی نێوان سیاسەت و زانین، کە لە جیهانی ئەنتیکەدا پلاتۆن و ئەریستۆتێلیس مەزنترین نوێنەری بوون، لە نوێسەردەمدا، ماکیاڤیللی وەکو مەزنترین نوێنەری ئەم پرۆسیسە خۆی دەبینێت. ناسینی زەروورەتی مێژوویی و سیاسیی، هەبوونی «ڤێرتو»، واتا لێهاتوویی و شایستەیی و پسپۆڕی و کۆنترۆڵکردنی هێزە رێکەوتییەکانی بەخت، ئەمانە ئەو وەڵامانەن، کە ئەو بۆ پرسیارە سەردەمسازەکان دەیداتەوە. بەمجۆرە، سیاسەت بە واتای «هونەری دەستەبەرکردنی ئەگەرەکان» و یان «هونەری دەستەبەرکردنی نائەگەرەکان» دێتە پێش و کۆنزەرڤاتیڤان، ریفۆرمیستان و ریڤۆلیوسیۆنەکان، هەریەکەیان بە نۆرەی خۆیان، سوودیان لە ماکیاڤیللی و تیۆرییە سیاسییەکەی وەرگرتووە. ئەگەر گەرەکم بێت لە رستەیەکی پوختدا تیۆرییە سیاسییەکەی فۆرمۆلە بکەم، لە کاتێکدا، کە بە تایبەتی لە میر و گوتارەکاندا رامانگەلێکی قوڵی داڕشتوون، ئەوا ئەم رستە پوختە بەم چەشنە دەبێت: لای ماکیاڤیللی سیاسەت واتا: «چۆن دەسەڵاتی سیاسیی

دەستەبەر بکەین؟ چۆن دەسەڵات دەپارێزین؟ لە چ شێوەیەکدا دەسەڵات لە دەستدەدەین؟». پرسی دەستەبەرکردن و پاراستنی دەسەڵات لە رۆژگاری ماکیاڤێللییەوە، گۆڕاوە بۆ پرسێکی سێنتەری و بنەڕەتی سیاسەت. لەم شێوەیەدا توانستە راستەقینەکان لە «گریمانەوە» دەگۆڕێن بۆ «دیفاکتۆ» (یان کرداری راستەقینە). زانست لەئەک سیاسەتدا لای ماکیاڤێللی زۆر بە پتەوی بە یەکەوە بەستراوەتەوە، کە ئەستەمە لە یەکتریان جیابکەینەوە.

## رێبازی پارسەنگیی هێزەکان

لە کاتێکدا ماکیاڤێللی لە میردا دەخوازێت پرەنسیپی «خۆپارێزی» دەوڵەت دابنێت، ئەوا لە گوتارەکاندا پشتگیری لە سیستەمی کۆماری و پارسەنگی هێزەکان دەکات. رەوشی سیاسیی لە ئیتالیا لە کۆتاییەکانی سەدەی پازدە و سەرەتای سەدەی شازدەدا بەجۆرێک رەشبینانە بوو، کە ماکیاڤێللی بۆ چارەسەرکردنی ئەم نەخۆشییە، واتا نەبوونی یەکێتی و یەکگرتوویی لە نێوان حکومەتە ئاراییەکانی ئیتالیا، ئەوا ژەهر بە شیاو دەزانێت بۆ ئەوەی وڵاتەکەی خۆی لەو رەوش و پێگەیە رزگار بکات. پێشنیاری ماکیاڤێللی لە کۆتایی کتێبی میردا «هاندان بۆ رزگارکردنی ئیتالیا لەدەست بەربەرەکان» ئەم شتە بە روون و ئاشکرایی دەبینرێت. لەم هاندان یان بانگهێشتنەدا، تەواووی توانستی رەوانبێژی و گوتاربێژی خۆی نمایش دەکات. خواستی لەسەر بنەمای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لە لایەن «کەسێکی بانئاسایی»، «مرۆڤێکی خاوەن ڤیرتو»، کە بە ڤیرتوییەکەی و کارە مەزنەکانی خۆی، کۆتایی بە قەیرانی سیاسیی ئیتالیا بهێنێت و هاوکات ئیتالیا یەکبخات، ئەمەش برێتییە لە پنتی کۆتایی میر و بەڵگەی سەرەکی و راستەوخۆی رامانی سیاسیی ئەوە. میر لە ژێر کاریگەری راستەوخۆی قەیرانی سیاسیی ئیتالیا و لە ماوەی کەمتر لە چوار مانگ نووسراوە.

بەپێچەوانەوە، لە گوتارەکاندا، کە ماکیاڤیللی بۆ ماوەی پازدە سال کاری لەسەرکرد، بابەتی سەرەکی کتێبەکە بریتییە لە مێژووی رۆم، کە تێیدا ماکیاڤیللی بە مەودایەکی زێت بە بەراوردکردن لەتەک میردا، بە توێژینەوە لەبارەی سیاسەتەوە خەریک دەبێت. لە میردا، ماکیاڤیللی قۆناغە مێژووییەکانی قەیرانە دەوڵەتییەکان و ڕێگەی دەرچوون لەم قەیرانە دەخاتەڕوو. هزری ئەنتیکەیی «خولانەوەی شێوازە حکومەتییەکان» بۆ یەکەمینجار لای پۆلیبیوس دادەڕێژرێت ئەویش بە رووکردنە تیۆریی سیاسیی ئەریستۆتێلیس، کە لەسەرەوە باسکرا. ئەم خولانەوەیە لەتەک سیستەمی پاشایەتیدا سەرەتای گرتووە، کە بە ناچارەکییانە دەگۆڕێت بۆ سیستەمیی تیرانی. بە بەشداریکردنی گەلێر، حکومەتی دیمۆکراتیک پێکدەهێنرێت، کە لە پرۆسیسیی پەرەسەندنی خۆیدا بەهۆی جەنگی نێوخۆییەوە تا سنووری گەڕەلاوژەیی هەرەس دێنێت و ئەمەش بریتییە لە دووبارە گەیشتنەوە دەستەڵات لەلایەن پاشاوە. ئەم «خولانەوەیە لە سیستەمەوە بۆ بێ سیستەمی و بەپێچەوانەوە» برێتییە لە توخمە پێکهێنەرەکانی پرەنسیپی فەلسەفەی سیاسیی ئەو لە گوتارەکاندا: «وڵاتەکان ئەو نەریتەیان هەیە، کە لە گۆڕان و وەرچەرخانی خۆیاندا لە سیستەمەوە رووبکەنە بێ سیستەمی و دوای ئەوە، جارێکی دیکە لە بێ سیستەمییەوە رووبکەنە سیستەم. ئەمە سروشتی مرۆڤە، کە ناتوانێت ئارام بێت». (مێژووی فلۆرەنس، ل77)

لە گوتارەکاندا، ماکیاڤیللی رووداوەکانە ئەم تێڕوانینە، کە تەواوی ئەو فۆرمانەی حکومەت، کە لە سەرەوە باسمانکردن، ئەوا بە ئاسانی رووەو گەندەڵبوون ئاراستە وەردەگرن، لەبەر ئەوەی لە لایەکەوە ئەوان نابەردەوام و لە لایەکی دیکەوە، خراپن. بەڵگەی سەرەکی ئەمەش، برێتییە لەو تێزەی خۆی لەبارەی گەندەڵی سروشتی مرۆڤ. ماکیاڤیللی بۆ ڕێگەچارەی ئەم کێشەیە «دەستووری ئاوێتە» پێشنیار دەکات.

**فەلسەفەی مێژووی ماکیاڤیللی**

بە شێوەیەکی گشتی دوو تێگەیشتنی دەوڵەمەند لەبارەی بزووتنی پەرەسەندنی مێژوو هەیە. یەکێک مۆدێل یان Schemaی بزووتنی هێڵییە، کە لەسەر ئەم بنەمایە، مێژوو رووەو ئامانجێکی ئیدیالی دەبزوێت و هەڵگری ئامانجی پێشکەوتن و تەواوێتییە. بۆ هەندێکی دیکە مێژوو رووەو دابەزینی مرۆڤ، ئەوا بەلای دارمـان و هەرەسهێنان ەوە ئاراستە وەردەگرێت. لایەنگرانی بزووتنی هێڵی مێژوو بەلای پەرەسەندنی بیکۆن، رۆشنگەرانی فەرەنسی و هێگل و مارکسدا دەیشکێننەوە و لایەنگرانی بزووتنی مێژوو رووەو دارمان و هەرەسهێنان رووەو تۆینبی و شپینگلەر ئاراستە وەردەگرن. بۆ ماکیاڤیللی مێژوو برێتییە لە کۆمەڵێک لە رووداوەکان رووەو پەرەسەندن و هەروەها رووەو پێچەوانەکەیشی. ماکیاڤیللی بە باوەڕی بە مۆدێلی «قۆناغە مێژووییەکان» هەیە و تێیدا هیچجۆرە پێشکەوتنێکی جیهانی و گەردوونی نابینێت. تیۆریی سیاسیی و مێژوویی ماکیاڤیللی نەک لەسەر بنەمای پرۆژەیەکی گشتی پێشکەوتن و تەواوێتی لە مێژووی جیهاندا، بەڵکو لەسەر بنەمای سەرکەوتنێکی براوەیی بەشەکی رێکخراوە.

**سەرچاوەکان**

- شهريار، نيکولو ماکياولی، برگردان داريوش آشوری، ويرايش دوم، نشر مرکز، تهران 1375

- گفتارها، نيکولو ماکياولی، برگردان محمدحسن لطفی، انتشارات خوارزمی، تهران 1377

- فرهنگ رنسانس در ايتاليا، ياکوب بورکهارت، برگردان محمدحسن لطفی، طرح نو، تهران 1376

Niccolo Machiavelli, Politische Schriften, Fischer Taschenbuchverlag, Frankfurt am Main, 1990

**سەرچاوەی ئەم وەرگێڕانە:**

* شماره 90 نشريه راه آزادی.

www. rahe–azadi. com

# نیکۆلا ماکیاڤیلی

مەکیاڤیلی نوسەر و فەیلەسوفی ئیتاڵی بەیەکێک لە دامەزرێنەرانی زانستی نوێ دادەنرێت، بەهەمان شێوەی لیۆناردۆ داڤنشی بەیەکێک لەرابەرەکانی رێنسانس دادەنرێت.

مەکیاڤیلی ناوبانگی بەهۆی پەرتوکی(میر - The Prine) وە دەرکرد کە پێنج ساڵ دوای مردنی لەساڵی (1532)لەچاپدرا(هەرچەندە ئەو پەرتووکە ساڵی (1513)لەلەیەن مەکیاڤیلیەوە نووسرا بوو)پێش چاپکردنیشی مەکیاڤیلی ئەو پەرتووکەی پیشانی هاوڕێ نزیکەکانی خۆی دابوو، تەنها پەرتووکێک کە لەسەردەمی ژیانیدا چاپکرا، پەرتووکی (هونەرەکانی جەنگ- The Art of War) بوو کە پەرتووکێکی تایبەتە بەزانستی سەربازی.

پەرتووکی میر وەک رابەرێکی پراکتیکییە، بۆ دەسەڵاتداران و کەسانی سیاسی، بەمەبەستی پاراستنی دەسەڵات و هێزیان لەهەر راپەرین و هێزێکی دیکەی بەرامبەر، بەبۆچوونی مەکیاڤیلی کەسایەتی تاکە سەرکردە گرەنتی سەرکەوتنی هەر وڵاتێکە، ئەو لە پەرتووکی میردا زۆربەی ئەو رێبازانەی شیکردەوە کە لەرێگایانەوە دەسەڵاتداران دەتوانن پارێزگاری لەماڵ و و موڵک و دەسەڵاتیان بکەن.

مەکیاڤیلی پێیوایە: لەسەر میر(دەسەڵاتدار)پێویستە هەموو هۆکارێک بگرێتە بەر بۆ پاراستنی هێز و دەسەڵاتەکەی، هەرچەندە ئەو هۆکارانەی بەکاری دەهێنێت دوور بن لەبەها ئاکاریە کلتوریەکانی کۆمەڵگا، مەکیاڤیلی زۆر گرنگی نەداوە بە جۆری پێکهاتەی حکومەت، ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگ بووە، سەرکەوتن و مانەوەی دەسەڵات بوو ئیدی بەهەر شێوەیەک

بێت.

مەکیاڤیلیزم وەک فەلسەفەی سیاسی گرنگیدەدات بەسەرکەوتنی سیاسی و بەهەر شێوازێک بێت، لەم سۆنگەیەشەوە مەکیاڤیلیزم بریتیە لە دڵڕەقلی، بێ رەحمی و فێڵبازی ئەو شتانەی لەگەڵ دنیای دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤدا زۆر لەیەکەوە دوورن.

# لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك ڕۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە ڕەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە دریدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆلتێر | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |